خانم زوهدی

# چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی ژنانی عیراقی

وەرگێڕانی:
نەرمین عوسمان

٢٠٢٤

# چەند لاپەڕەیەک
# لە مێژووی بزووتنەوەی ژنانی عیراقی


نووسەر: خانم زوهدی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٤

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (        )ی ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٥٠)

خانم زوهدی

# چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی ژنانی عیراقی

وەرگێڕانی:
نەرمین عوسمان

٢٠٢٤

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانج نەویستە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەوانەی هاوکار و پشتیوانم بوون لە دەرکردنی ئەم کتێبەدا؛ جا چ بە پێدانی زانیاری و وێنەی جۆراوجۆر، یان لە دیزاین و خستنە بەردەستی خوێنەران، بەتایبەتییش هەریەکە لە:

– خوشکی ئازیزم، بەهار عەلی، کە تایپی هەموو دەستنووسەکانی بۆ کردووم. هەروەها برای بەڕێزم، د. هادی مەحمود، بۆ دیزاینکردن و دەرهێنان و پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەکی پێویست و هونەریی.

– خوشکی ئازیزم، درەخشان حەفید، خاتوو بەلقیس حەمیدی شاعیر و نووسەری ناسراو، هەروەها جاسم مەتیر.

# پێڕست


پێشکەشە ........ ٩
پێشەکی ........ ١١
هەلومەرجی باوی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کاریگەرییان لەسەر دۆخی ژنانی عیراق........ ٢١
شۆڕشی بیست و کاریگەرییەکانی ........ ٢٩
رۆڵی خوێندن لە پێشکەوتنی پرسی ژندا ........ ٣٣
سەرەتای دەستپێشخەرییەکان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکانی ژنان........ ٣٦
رۆڵی حزبە سیاسییەکان و کاریگەرییان لە رەنگرێژکردنی رەوتەکانی........ ٤١
ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم و کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی ژنانی عیراق........ ٤٦
بووژانەوەی بزووتنەوەی فێمینیستی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم........ ٥١
رێکخراوەکانی ژنان بە شێوازی سەردەمیانە ........ ٥٥
کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان، (کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق)........ ٥٩
کارکردن لە نێو جەماوەری ژنان ........ ٦٢
پێکەوەگرێدانی کاری نهێنی و کاری ئاشکرا........ ٦٥
بزووتنەوەی ژنان و شۆڕشی ١٤ی تەمووز ........ ٦٧
دەستکەوتەکانی کۆمەڵە پاش کۆنگرەی یەکەم: ........ ٧٠
گەڕانەوە بۆ کار و چالاکی ........ ٨١
کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە هەلومەرجی گەڕانەوەی بەعس بۆ دەسەڵات ........ ٨٣
هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری خۆسڕکردن و گەڕانەوە بۆ چالاکی ........ ٨٨
دەرهاویشتەکانی شەڕی عیراق - ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر ........ ١٠١
چالاکییەکانی لقەکانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ........ ١٠٩
کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق ........ ١١١
پاش کۆنگرەکە ........ ١١٥
لقەکانی کۆمەڵە و چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان لە وڵاتە جیاوازەکاندا ........ ١١٧

ئەزموونی خەباتی چەکداری ........................................................................ ١٣١
کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان........................................................ ١٣٣
رۆڵی ژنانی عیراق لە راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١........................................... ١٣٨
دامەزراندنی گرووپەکانی ژنانی عیراقی لەو وڵاتانەی پەنابەریان لێیە............... ١٤٣
دادگەی ژنانی عەرەبی لە بەیروت ١٩٩٥........................................................ ١٤٦
کۆنگرەی پەکین و بەشداری ژنانی عیراقی.................................................... ١٦١
بەستنی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ سکرتاریەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق....... ١٧٧
سیمیناری کۆڵن "بەرەو ٢٠٠٠، ژنانی عیراقی، واقیع و ئاڵنگارییەکان" ............... ١٨٠
بەرەو ٢٠٠٠ و کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق........................................................ ١٨٥
پەیوەندیی بزووتنەوەی ژنانی عیراقی بە بزووتنەوەی ژنانی عەرەبی و جیهانییەوە....... ١٩٤
بەشداریی کۆمەڵە لە چالاکییەکانی ئندع لە ١٩٨٠ – ١٩٩٠................................ ١٩٨
گرنگترین ئەو چالاکییانەی کۆمەڵە بەشدار بووە تێیدا لە ١٩٨٠ – ١٩٩٠........... ٢٠١
گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان.................................................... ٢٠٩
خەباتی ژنانی کورد لە سەردەمی پادشایی عیراقدا........................................... ٢١١
خەباتی ژنانی کوردستان لە کۆماری عیراقدا................................................... ٢١٧
یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠......................... ٢٢١
ئۆپەراسیۆنی سەربازییان دژی گەلی کورد دەست پێ کرد.................................. ٢٢٤
چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی ژنان.................................................. ٢٣٢

## پێشکەشە

ئەم بەرهەمەم دەربارەی مێژووی خەباتی ژنانی عیراق، دیارییەکی بچووکە، پێشکەشی دەکەم بە ژنانی عیراقی لە هەر کوێیەک بن؛ لە کوردستانی پێشڕەو و لە چیا سەرکەشەکانی، لە عیراق بە پێدەشت و زۆنگاوەکانییەوە، لە رۆخی رووبارەکانی، لەژێر سێبەری درەختە گەشاوەکان، لە شار و لادێ.

پێشکەشی دەکەم بەو ژنانەی شەهید بوون، دایکە جەرگسووتاوەکان، بێوەژنەکان و لێقەوماوەکان... بە هەموو ئەوانەی بەرگەی نەهامەتییەکانی ژیانیان گرتووە، بەوانەی بە ئاگری دیکتاتۆریەت و شەڕەکانی تووشی ئازار و نەهامەتی هاتوون، چ لە دەرەوە یاخود لە ناوەوەی وڵات بن. بە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی ژنان، بەوانەی بەرگەی زەحمەتیی زۆریان گرتووە، قوربانیی زۆریان داوە لەپێناو باشترکردنی ژیانی ژنان و بەدەستهێنانی مافەکانیان و یەکسانیبوونیان، کە لێرەدا تەنیا دەتوانم ناوی هەندێکیان بهێنم، لەوانە:

– خاتوو ئەمینە رەحال؛ نوێنەری ژنانی عیراق لە یەکەم کۆنگرەی ژنانی رۆژهەڵات لە دیمەشق لە ساڵی ١٩٣٨، یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی ژنانی عەرەب و ئەندامی لیژنەی ناوەندیی (اللجنة المركزية)ی حزبی شیوعیی عیراق.

– خاتوو عەفیفە رەئوف؛ یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی لیژنەی فێمینیستی بۆ نەهێشتنی فاشیزم و بەرپرسی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق و جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان.

- خاتوو حەپسەخانی نەقیب؛ سەرمەشقی بزووتنەوەی ژنـــان لـــە کوردســـتان، کە تێکۆشـــاوە بـــۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ژنانی کورد و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیرییان، هەروەها لەپێناو مافە رەواکانی گەلی کورد.

- د. رۆز خەدووری؛ لە ژنە پێشـــەنگەکانی ناوەڕاســـتی ســـییەکان، کـــە هەوڵـــی داوە بـــۆ دروســـتکردنی کۆمەڵەی دەستەخوشـــکان، لـــە چلەکاندا لە چەندیـــن کۆنگرەی ژنانی عەرەبیـــدا بەشـــدار بـــووە و جێگـــری ســـەرۆکی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق بووە.

- د. نەزیهـــە دلێمی؛ سەرمەشـــقی بزووتنـــەوەی ژنانی دیموکراتخـــواز، ئەندامـــی کارای لیژنـــەی فێمینیســـتی بـــۆ نەهێشـــتنی فاشـــیزم و کۆمەڵەی ئافرەتانی عیـــراق، یەکێکە لـــە دامەزرێنەرەکانـــی کۆمەڵەی ئازادیی ژنـــان و کۆمەڵەی داکۆکـــی لـــە مافەکانـــی ئافرەتان، کـــە لەدواییشـــدا بووەتە ســـەرۆکی کۆمەڵەکـــە و یەکـــەم وەزیری ژنە لـــە مێژووی عیراقی نوێ.

- بـــەو کچـــە گەنجـــە عیراقیانەی کە خواســـتی ژیانێکی باشـــتریان هەیـــە، بەمەبەســـتی ســـوودوەرگرتن لـــە سەرکەوتنەکان و شکستەکان و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی بزووتنەوەی ژنانی عیراقی.

## پێشەکی

پرسی ژن لە عێراق، بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێش کەوتووە و بزووتنەوەی سیاسیی بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەریی بەسەریەوە هەبووە، چونکە بەشێکن لە یەکتری و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە.

مێژوونووسان پێیان وایە بەشداریی ژنانی عیراق لە شۆڕشی بیست و لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانی، یەکەم بەشدارییە و یەکەم بەرەنگاربوونەوەیە لە مێژووی ژنانی سەردەمدا، لەگەڵ سادەیی و جیاوازیی شێوازی چالاکی و تێکۆشانی ژنان لەگەڵ پیاواندا لەو کاتانەدا. بە مانای ئەوەی پێشووتر ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە کە باسی لێ کرابێت، بۆیە ئەو بەشدارییە بە دەستپێک دادەنرێت لە مێژووی بزووتنەوەی ژنانی عیراق بەگشتی و ژنانی جووتیار بەتایبەتی، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بواری کۆمەڵایەتی باوی ئەوکات و پاشکۆیەتی ژنان بۆ پیاوان بە هەموو مانا و وردەکارییەکانییەوە. ئەو بەشدارییەی لە شۆڕشی بیست لە لادێ و شارەکاندا کرا، بە سەرەتای دروستبوونی ڕۆشنبیری دەربارەی پرسی ژنان دادەنرێت، بۆ هاندانی کەسایەتییە ڕۆشنبیرە نیشتمانپەروەرەکان، پێشکەوتنخواز و مارکسییەکان، کەسایەتییە سیاسییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و شاعیرەکان بە عەرەب و کوردەوە، لە بەشداریی ناکۆکیی فکری دەربارەی پرسی ژنان، لەوانەش؛ ئەو وزە لەبنەهاتووەی ژنانی عیراقی

هەیانە. بەرهەمی ئەو ناکۆکییە، هەڵمەتێکی راگەیاندنی بۆ داوای ئازادیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیریی بۆ ژنان بەدوای خۆیاندا هێنا، کە بە بنەمای سەرەکیی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەژماریان دەکرد. ئەنجامەکەشی بوو بەهۆی زیادبوونی ژمارەی خوێندنگەکان و ئارەزووی کچان بۆ خوێندن و فێربوون، کەمبوونەوەی بەکارهێنانی پەچە و عەبا، ئاستی هۆشیاریی ژنان بەرز بووەوە و دروستکردنی کۆمەڵە و رێکخراوی ژنان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەپێویست زانرا. یەکەم کۆمەڵەش، کۆمەڵەی نەهزەی ژنان بوو، کە لە ساڵی ١٩٢٤ دامەزرا.

لە سالانی دواتر، عیراق پێشکەوتنێکی فراوان و بەرچاوی دەربارەی رۆشنبیریی نەتەوەیی و سیاسی بەخۆیەوە بینی، چالاکی و تێکۆشان لەپێناو رزگاری و رووبەڕووبوونەوەی رێککەوتنی ١٩٣٠ی کۆلۆنیالیزم، بەرەنگاربوونەوەیەکی میللیی فراوان بوو و ژمارەیەکی زۆری ژن بەشدارییان کرد، چەند حزبێکی نەتەوەیی خاوەن بەرنامەی پێشکەوتنخواز دروست بوون، لەپێشەوەشیان؛ حزبی شیوعیی عیراق بوو، کە لە ١٩٣٤ دامەزرا و پرسی ژنی وەک بابەت و پرسێکی سەرەکی سەیر دەکرد.

ئەم پێشکەوتنانە، هانی بەشێک لە ژنانی دا بچنە ناو حزبە سیاسییەکانەوە و بیر لە دامەزراندنی رێکخراوی ژنان بکەنەوە بە ئامانجی جیاوازەوە، لەوانە: خێرخوازی، کۆمەڵایەتیی وەک پارێزگاری لە مندالان، یان مانگی سوور... هتد، یاخود رێکخراوی فێمینیستی کە ئامانجەکانی

ئازادیی ژنانی عیراقی و رزگاریی نیشتمانی پێکەوە گرێ بدات. چەندین گۆڤاری ژنانیان دەردەکرد. یەکەم رێکخراوی لەم جۆرە، لە سەرەتای چلەکاندا بەناوی "لیژنەی فێمینستی بۆ لەناوبردنی نازیەت و فاشیزم" دروست بوو، ئەم رێکخراوە زانیاری لەسەر شەڕ و مەترسییەکانی و تاوانەکانی نازیەت بڵاو دەکردەوە. دوای شەڕ، ئەم رێکخراوە بوو بە "کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق" و گۆڤارێکی بەناوی "تحریر المرأة"ی دەردەکرد.

لە نیوەی دووەمی چلەکاندا، ژنان بەشێوەیەکی کارا لە شەڕە نەتەوەییەکان و پرسی زیندانی سیاسیدا بەشدارییان کرد، هەروەها لە راپەڕینی وەتبە لە کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دژ بە رێککەوتنی پۆرتسمۆس، بەشێوەیەکی بەرچاو بەشدار بوون. لە کاتی ئەو هەرەسهێنانەی لەدوای راپەڕینی وەتبە لە ئەنجامی تیرۆر و تۆقاندن لەلایەن دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دەسەڵاتی حوکمی عورفییەوە دروست بوو، ژنان رووبەڕووی گرتن و ئازار و ئەشکەنجەدان و سزای قورس بوونەوە.

ساڵانی پەنجاکان، کۆمەڵێک ژن هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی فێمینیستییان دا بەناوی "ئازادیی ژنان"، بەڵام کۆمەڵەکە لەلایەن دەوڵەتی کۆنەپەرستەوە مۆڵەتی پێ نەدرا، ئەمەش لە ساڵی ١٩٥١ بوو.

لە رێکەوتی ١٠ی ئازاری ١٩٥٢، رێکخراوی (کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتانی عیراق) لە لایەن کۆمەڵێک ژنی دیموکراتخوازەوە بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا و

هەوڵی کۆکردنەوەی ژنانیان دا لە ریزەکانیاندا بێ گوێدانە ڕەوتـی سیاسی و ئاستی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و بیروباوەڕی ئایینییان.

بە کار و چالاکی و تێکۆشانە قارەمانییەکانیان بوون بە ڕێکخراوێکی جەماوەری و لقیان لە کوردستان، لە باکوور، ناوەڕاست و باشوور کردەوە.

ئەم ڕێکخراوە، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لە خەبات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر بە ژن و منداڵ و خێزانەکاندا هەبوو، هەروەها لە بزووتنەوەی لایەنگرانی ئاشتی و ڕاپەڕینە نەتەوەییەکان و بەرگریکردن لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز و پاراستنی دەستکەوتەکانیدا.

هـەروەهـا ڕەشـنـووسـی پـرۆژەیـاسـایـەکـی بـاری کەسێتییان پێشکەش بە دەسەڵات کرد، کە لە دواییدا بوو بە یاسای ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، ئەمە سەرەڕای پێشکەشکردنی خزمـەتگـوزاریی گـەورە لـە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ڕۆشنبیریدا. هەروەک گۆڤاری (المرأة)یان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەر کرد. لە ساڵی ١٩٥٣وە کۆمەڵەکە ئەندام بوو لە یەکێتیی ژنانی دیموکراتخوازی جیهانیدا و ئامادەی چەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی بوون.

پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی عەرەبی و نەتەوەی تردا هەبوو، لە ماوەی کۆماری ١٤ی تـەمـووزدا، کۆمەڵەکە سێ کۆنگرەی بەست، سەرۆکی کۆمەڵە، نەزیهە دلێمی، پۆستی وەرزیری وەرگرت وەک

پێزانینێک بۆ ڕۆڵی ئەو و کۆمەڵە لە داکۆکیکردن لە پرسەکانی ژناندا.

دوای سەرکەوتنی کۆنەپەرستان بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بە کودەتایەکی شوم لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣، بزووتنەوەی ژنانی دیموکراتخواز کە خۆی لە کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقیدا دەبینییەوە، ڕووبەڕووی ڕاوەدوونان بوونەوە، زۆرێک لە کادیر و ئەندامەکانیان دەستگیر کران و ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی دڕندانە و بەندکردن بوونەوە، لەو چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە دڕندانەیەی دژ بە ناسیۆنالیستەکان و نەیارانی کۆنەپەرستی و حزبی بەعس و کودەتا ڕەشەکەی بەرپا کرا.

بەمشێوەیە بزووتنەوەی ژنان تووشی نەهامەتی و لەدەستدانی هەموو دەستکەوتەکانی بووەوە، وەک: مافەکانیان لە یاسای باری کەسێتی، کە دوای کودەتاکە گۆڕانکارییەکی کۆنەپەرستانەیان تێدا کرد، هەروەها مۆڵەتی کۆمەڵە هەڵوەشێنرایەوە و گۆڤار و بارەگاکانیان داخست. کۆمەڵە ناچار بوو جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ خەباتی نهێنی.

لە نێوان ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٩، کۆمەڵە بەهۆی ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی و چالاکیی ئەندامەکانییەوە، توانییان لە هەموو پارێزگاکاندا خۆیان ڕێک بخەنەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی پێشەنگانە ببینێت لە خۆپیشاندانەکانی

ژناندا بۆ داواکاریی بەردانی زیندانییە سیاسییەکان و فەراهەمکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان، هەروەک لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا سەرکردایەتی هەڵمەتێکی فراوانیان دژی سەهیۆنیەت کرد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ و پاش گەڕانەوەی بەعس بۆ دەسەڵات بە بەرگێکی تازەوە، کۆمەڵە لە ١٦ی تشرینی یەکەم داوای مۆڵەتی کردەوە، بەڵام داواکارییەکەیان ڕەت کرایەوە و مۆڵەت درا بە یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق، کە ڕێکخراوێکی بەعسیی فێمینستی و ئامرازێک بوو بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعس و فشار خستنە سەر کۆمەڵە بۆ شوێنگرتنەوەیان. لە ساڵانی دواتر، چەندین کۆنفرانسی کۆمەڵە لە بەغدا، کوردستان، ناوەڕاست و باشوور گیرا و لە ساڵی ١٩٧٥، وەک ساڵی ژنانی جیهانی، بەهەند وەرگرت و پێشوەخت خۆی بۆ ئامادە کرد و بەرنامە و کار و چالاکیی جۆراوجۆری بۆ داڕشت، بەگرنگییەوە بەشداری لە کۆنگرەی جیهانیدا کرد کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە بەرلین گیرا.

کۆمەڵە هەوڵی زۆری دا لەپێناو یەکخستنی بزووتنەوەی ژنان، بەڵام سەرنەکەوت، ڕژێمی بەعسیش بەرنامەی هەبوو بۆ بە بەعسیکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، لە هەمان کاتدا بەعەرەبکردنی کوردستان. دەسەڵات یاسای ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دەر کرد و قەدەغە بوو هیچ ڕێکخراوێک بەدەر لە ڕێکخراوەکانی دەسەڵات هەبێت، هەر کەسێکیش جگە لە ڕێکخراوەکانی دەسەڵات

لە ڕێکخراوی تردا کاری بکردایە ڕووبەڕووی زیندانی دەبووەوە. لە ئەنجامی ئەو فشارانە، کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٥ بڕیاری دا بە هەڵپەساردنی کار و چالاکییەکانی خۆی وەک ڕێکارێکی پێویستی کاتیی. ئەم هەڵپەساردنە زۆری نەخایاند و لە ساڵی ١٩٧٩ سکرتاریەتی کۆمەڵە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەڵپەساردنەکەی دا و کار و چالاکییەکانیان دەست پێ کردەوە. چەندین بەیاننامەیان دژی توندوتیژی و تۆقاندن، سیاسەتی ئاوارەکردن، زیندانیکردنی چالاکوان و تێکۆشەرەکان و لەپێشەوەشیان، تێکۆشەر و چالاکوان، عائیدە یاسین دەر کرد. بەهۆی ترس و تۆقاندن و چەوساندنەوەوە هەزاران خێزان وڵاتیان جێ هێشت و بەرەو هەندەران ڕۆیشتن و لە وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپی گیرسانەوە. قورسایی چالاکییەکان گواسترایەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کادیر و خێزانە عیراقییەکانی لێ بوون، چالاکییەکان بریتی بوو لە چالاکییەکانی پشتیوانی و میدیایی و پەیوەندی بە دۆستەکانمانەوە لە وڵاتدا.

کۆمەڵە توانیی لە ساڵی ١٩٨١ کۆنگرەی چوارەمی ببەستێت و بوو بە ئەندام لە یەکێتیی ژنانی عەرەبیدا، لە چەندین کۆنگرە ژنانی عەرەب و جیهانیدا ئامادە بوو، گرنگترینیان: دیداری کۆپنهاگن، سیمیناری عەدەن بۆ ئاشتی، کۆنگرەی ئاشتی لە مۆسکۆ، کۆنگرەی نایرۆبی و چەندین کۆنگرە و سیمیناری جیاواز بۆ مەبەستی گەیاندنی

دەنگی ژنانی عیراق بۆ ناوەند و سەکۆ نێودەوڵەتییەکان.

چالاکییەکانی کۆمەڵە، راگەیاندن و پشتیوانی بوون، چەندین بەیاننامە و بڵاوکراوە و بانگەوازی جیاوازیان لە بۆنە تایبەتەکاندا دەردەکرد. هەروەها بڵاوکراوەیەکی ناوەندیی وەرزیی بەناوی "نضال المرأة" و بڵاوکراوەیەک بەناوی "نامەی عیراق لە دەرەوە" و چەندین بڵاوکراوەی تر لەو وڵاتە جۆراجۆرانەی پەناهەندە عیراقییەکانی لێ بوون، دەردەکرد. نوێنەرەکانیان لە کۆنگرە جیهانییەکان و کۆڕەکاندا ئامادە دەبوون. هەروەها چەند ژنێکی کۆمەڵە بەشدار بوون لە شەڕی چەکداریدا لەگەڵ خوشک و برا پێشمەرگەکان لە گەلی کورد دژی رژێمی دیکتاتۆری شۆڤێنی.

لە نەوەتەکانیشدا و لەدوای تەواوبوونی شەڕی کەنداو، ژنان لە باشوور و ناوەڕاست و کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو و کاریگەر لە راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ی دژ بە رژێمی سەدام حسێنی دیکتاتۆردا بەشدار بوون، زۆرێک لە ژنان و منداڵان بوونە قوربانیی کاتێک راپەڕینەکە بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کرا. بەڵام لە کوردستان بەهۆی گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانەوە، بوارێکی تازە هاتە پێشەوە، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتیی ژنانی کوردستان بە هەردوو بەشییەوە، کۆنگرە و چالاکییەکانیان دەستپێکردەوە و ژنانی کوردستان دەستکەوتی زۆریان بەدەست هێنا، لەوانە: چەندین رێکخراوی ژنان و گۆڤاری تایبەت بە ژنان دامەزران، ژنان چوونە ناوەندی هەستیاری

بڕیاردان و چەندین یاسا لە بەرژەوەندیی ژنان دەرکران.

دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕین، بە هەزاران خێزان عیراقیان جێ هێشت و بەرەو وڵاتی جیاواز ئاوارە بوون، لەو شوێنانە ژنان و کادیرەکانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی ژنانیان دروست کرد بۆ گرنگیدان بە پرسەکانی ژنانی ئاوارە، چەندین لیژنە و لقی کۆمەڵە دروست بوون بۆ پاڵپشتیکردنی ژنانی عیراقی لە وڵاتدا و پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵیان.

ژنان لە چەندین کۆبوونەوەی ژنانی عەرەبی و جیهانیدا ئامادە بوون، گرنگترینیان: دادگەی ژنانی عەرەبی لە بەیروت لە ساڵی ١٩٩٥، کۆنگرەی بەیجین لە ساڵی ١٩٩٥، کە تایبەت بوو بە گفتوگۆ لەسەر پرسەکانی جیاکاری و توندوتیژی دەرهەق بە ژنان، کە لە هەمان کاتدا شاندێکی ڕێکخراوی دەسەڵاتیش ئامادە بوون، کە چ لە ناوخۆدا یان لە دەرەوە یاخود لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕۆڵیان بریتی بوو لە پشتیوانیکردنی سیاسەتی ڕژێمی بەعس و بەرتەسککردنەوەی رووبەری چالاکییەکانی کۆمەڵە و راوەدوونانی ئەندامەکانی. هەروەها کۆمەڵە بەشداری کرد لە خۆپیشاندانی ژنانی جیهان لە نیویۆرک لە ئەمەریکا و خۆپیشاندانی ئەوروپی لە برۆکسل لە بەلجیکا، جگە لەمانەش، لە چەندین کۆنگرەی یەکێتیی ژنانی دیموکراتیی جیهانیدا بەشدار بوون.

چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵە لە ساڵانی دواتریشدا بەردەوام بوون، بۆ پشتیوانیی گەلی عیراق و

پەیوەندیی لەگەڵ وڵات بەبێ جیاوازی لە نێوان هەموو هێزە عیراقییە نیشتمانییەکان کە تێدەکۆشن دژ بە ڕژێمی فاشیی سەرکوتکەری دڕندە، ئەو شێوازەی پەیڕەوی دەکات لە چەوساندنەوەی گەل و پیادەکردنی سیستمی سەربازی، کە دەرەنجامەکانی بوونە هۆی نەهامەتی بۆ گەل و کەوتنە ژێر گەمارۆی ئابووریی نێودەوڵەتی و وێرانکردنی ژێرخانی وڵات، کە لەگەڵ ڕوانگە و پلان و بەرژەوەندییەکان ئەمەریکا یەک دەگرێتەوە بۆ مانەوەی هێزی سەربازییان لە ناوچەکەدا و هێرشە سەربازییە دووبارەکانی بۆ سەر عیراق. بەم شێوەیە، ژنان لە هەر شوێنێک بووبن، لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگییەش، دوانەکەوتوون و دەنگی خۆیان دەگەیاندە سەکۆ و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.

# هەلومەرجی باوی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کاریگەرییان لەسەر دۆخی ژنانی عیراق

عیراق و ناوچەکە بۆ ماوەی چوار سەدە نوقمی تاریکی بووبوون لەژێر رکێفی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، تارمایی ئەو دەسەڵاتە باڵی بەسەر ژیانی خەڵک بەگشتی و ژنان بەتایبەتی کێشا بوو. ژنان لە تاریکی، نەفامی، نەخوێندەواری و دواکەوتووییدا دەژیان، بە هەموو مانایەک پاشکۆی پیاوان بوون. پیاوان هەموو مافێکیان بەسەر ژنەوە هەبوو، چۆنیان بویستایە ئاوا رەفتاریان لەگەڵ دەکردن، تەنانەت ئەگەر بیشیانکوشتنایە، حوکم نەدەدران مەگەر لە چوارچێوەی ئاسانکارییەکانی هەندێک مادەی یاساییدا نەبێت.

کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ و شیربابییان پێ دەکردن، لەبری خوێن دەدران، وەک کەسێکی ناکامڵ ئەژماریان دەکردن، دەبوایە پیاو وەلی ئەمری بوایە، تەنانەت ئەگەر نەوەشی بوایە. ژنان کاری ناوماڵ و لە کێڵگەشدا کاری پاڵەییان بەبێ بەرانبەر پێ دەکرا، پشکی شێری بەرهەمی ماندووبوونەکەی بۆ ئاغاکەی و کەمێکیشی بۆ وەلی ئەمرەکەی دەبوو، بەتایبەتییش لە گوندەکاندا. لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەکیان نەبوو لەگەڵ سەردەمی کۆیلایەتی و خاوەنداریێتی، چونکە لە نێو چوار دیواریماڵێکدا دەژیان، کە تاریکی و نەخوێندەواری و نەزانین باڵی بەسەردا کێشابوو، لە کاتی چوونەدەرەوەشیاندا، عەبایەک یان دوو عەبا و پەچە یاخود رووبەندی رەشی ئەستوور لە دنیای دەرەوەی

دادەبڕین. بە کولتووری کۆنەپەرستانە و دواکەوتوو دەوری درابوو، وەکوو ئادەمیزاد و مرۆڤێکی خاوەنهەست ئەژمار نەدەکرا، یاخود رۆڵێکی هەبێت لە ژیاندا، لە قەفەسێکەوە بۆ قەفەسێکی تر بەبێ ویست و ئیرادەی خۆی، دەگوێزرایەوە و چارەنووسی بەدەستی کەسانی ترەوە بوو. هەموو ئەمانەی قبووڵ دەکرد، چونکە وایدەزانی ئەمە چارەنووس بۆی دیاری کردووە، وەک چارەنووسی دایک و داپیرەی، هەرچۆنێک بێت دەبێت لەسەر هەمان رێچکە بڕوات؛ لە بێشکەوە بۆ گۆڕ. زۆر جار دەیانوت ژن بۆی هەیە دوو جار بچێتە دەرەوە؛ جارێک کە بە بووکیی لە ماڵی باوکی دەچێتە دەرەوە بۆ ماڵی هاوسەرەکەی، جاری دووەمیش کە دەمرێت و تەرمەکەی لە ماڵی هاوسەرەکەیەوە بەرەو گۆڕستان دەیبەن.

لە سەردەمی عوسمانیدا ژنان لەوپەڕی دواکەوتوویی و نەفامیدا بوون، ژنی خوێندەوار زۆر دەگمەن بوو، هیچ خوێندنگەیەک نەبوو بۆ فێرکردنیان، تەنیا هەندێک شوێن نەبێت کە لەلایەن قورئانخوێنی ژنەوە بەڕێوە دەبران، کە ئەویش بۆ کچە دەوڵەمەندەکان بوو و تەنیا بۆ خوێندنی قورئان سوودیان لێ دەبینرا. پیاوان وەک کەلوپەلی ناوماڵ سەیری ژنیان دەکرد و کاریشیان تەنیا منداڵ بوون و چاودێریکردنیان و پەروەردەکردنیان بوو.

لە سەردەمی نامیق پاشا (١٨٩٩ – ١٩٠٢)، یەکەم خوێندنگە لە بەغدا کرایەوە، کە نەک تەنیا لە بەغدا، بەڵکوو لە هەموو عیراقدا تاقانە بوو. ئەمە یەکەم هەنگاوی بوێرانە بوو دژی هێزی تاریکی و کولتوور و دابونەریتی باوی ئەوسا. ئەو خوێندنگەیە ناوی "اناث رشدیة مکتبي" بوو،

هەروەها کریستیان و جووەکان خوێندنگەی تایبەت بەخۆیان دامەزراند. سەرەڕای دژایەتیی زۆری خەڵک، بەڵام هەندێک لە خێزانەکان کچەکانی خۆیان دەنارده بەر خوێندن. پاش ساڵی ١٩٠٢ و ساڵانی دواتر، ئەنجومەی مەعارفی ویلایەتی بەغدا دوای تاووتوێکردنی بابەتی دروستکردنی خوێندنگەی کچان، هەندێک مەرجی بۆ ئەوە دانا، بەم شێوەیە:

١- نابێت خانووەکانی دراوسێیان زاڵ بن بەسەریدا.

٢- نابێت پەنجەرەکانی لەسەر شەقام بن.

٣- نابێت لەناو خانووەکانی دراوسێیاندا درەختی بەرز هەبێت.

هۆکاریش لە پشت ئەم ڕێنماییانە، بەتەنگەوەهاتنی زیادلەپێویست بوو، نەوەک کچان تووشی تەشقەڵە ببن لەلایەن دراوسێکانی خوێندنگەوە ، لە روانگەی ئەقڵیەتی باوی ئەو سەردەمەوە. شاعیری بەناوبانگ جەمیل زەهاوی[1] کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو، وتی: "ئەم مەرجانە پیادە ناکرێت مەگەر تەنیا بەسەر منارەی بازاڕی غەزلدا نەبێت."

بانگەوازی کارکردن بە دەستووری عوسمانی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٠٨، هەندێک کەشی ئازادیی فەراهەم کرد و کاریگەری لەسەر رەوشی عیراق پەیدا کرد، چەندین خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لەوە کران. لەو کەشە تازەیەدا، چەندین خوێندنگە و پەیمانگە کرانەوە و بوارە جیاوازەکانی

١ جەمیل سدقی زەهاوی (١٨٦٣ – ١٩٣٦)، کەسایەتی فەیلەسووف، نووسەر و شاعیری گەورەی کورد، باوکی موفتی بووە و یەکێک بووە لە بابانییەکان، لە بەغدا لەدایک بووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە. شیعرەکانی بە زمانی عەرەبی بوون. بەوە ناسراوە کە داکۆکی لە مافی ژنان کردووە لەو سەردەمەدا... وەرگێڕ.

ژیان گەشەیان بەخۆوە بینی... رۆشنبیرەکان دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە پرسی ژنان و هۆشیارکردنەوەی رای گشتی و پێویستیی ئازادیی ژنان، یەکەم کەسیش لە شاعیران، جەمیل سدقی زەهاوی بوو. لە ساڵی ١٩١٠ لە گۆڤاری (المؤید)ی میسری، بابەتێکی لەژێر ناونیشانی "ژن و بەرگریلێکردنی" بڵاو کردەوە، هەمان بابەت دووبارە لە گۆڤاری (تنویر الافکار) کە ئەوسا لە بەغدا دەردەچوو، بڵاو کرایەوە؛ بوو بەهۆی وروژاندنی شاری بەغدا و چەندین خۆپیشاندان دژی کرا، داوای سزادانێکی توندی زەهاوییان دەکرد. یەکێک لە پیاوە ئایینییەکان سکاڵای بردە لای نازم پاشای والی بەغدا و ئەو خراپەکارییانەی روون کردەوە کە لە ئەنجامی ئەم بابەتە دژ بە شەریعەتی پایەبەرز دێتە ئاراوە. والی بڕیاری دا بە لابردنی زەهاوی لە کارەکەی وەک مامۆستا لە خوێندنگەی مافپەروەری، ناچار بوو لە ماڵەکەی خۆیدا بیهێڵێتەوە لە ترسی ئەوەی نەوەکوو پەلاماری بدەن. دەگێڕنەوە هەندێک لەو ناحاڵیانە، شەوێک چوونە سەر ماڵەکەی و داوایان لێ کرد کە ژنەکەی بنێرێتە دەرەوە تا لەگەڵیان بچێت بۆ چایخانە. کاتێک زەهاوی ئەوەی رەت کردەوە، پێیان وت ئەی کەواتە چۆن داوا لە کچانی خەڵک دەکەیت پەچە لابدەن و لەگەڵ پیاوان تێکەڵ ببن؟ دواتر هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرد ئەگەر جارێکی تر دەربارەی ئەم بابەتە بنووسێت.

لە رووداوێکی تردا، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە چۆن لە کۆمەڵگەی نێرسالاریی ئەو سەردەمەدا ژن وەک تابۆیەک ئەژمار کراوە. دەوڵەتی عوسمانی ویستی سەرژمێریی بکات

و ژنانیش هاوشێوەی پیاوان تۆمار بکات. ئەم کارە یەکەم جار بووە بۆ خەڵکی عیراق بکرێت، رای گشتی دژی ئەوە وەستایەوە و تۆمارکردنی ژنانیان بە بە زاندنی سنووری تابۆکان ئەژمار دەکرد. پیاوانی بەغدا لە باب ئەلشێخ، سەدریە، فەزوەت عەرەب، بەنی سەعید، قەنبەر عەلی، فەزل، کەرخ و شوێنەکانی تر رژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان کرد، کەسایەتییەکانی شاری بەغدا و لێپرسراوانی گەڕەکەکان لەپێشیانەوە بوون و دژی سەرژمێری وەستانەوە. ئەم خۆپیشاندانانە لە شاری موسڵ و چەندین شوێنی تری عیراق کران، خەڵک رژانە سەر شەقامەکان و بە هاوار و قیژوهۆڕ ناڕەزایەتییان دەردەبڕی. لەبەردەم دەرگای سەرا دژی والی، عەبدولوەهاب پاشا[٢]، بە خەنجەر و دەمانچە و تفەنگەوە وەستابوون داوایان دەکرد تۆماری ژنان هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوێیان چۆڵ نەکرد تاوەکوو والی بڕیاری دا تۆمارکردنی ژنان چاوی پێدا بخشێنرێتەوە.

پرسی ژنان لە سەرەتاوە رووبەڕووی چەندین کۆسپ و رێگری بووەتەوە بەهۆی کەسانی کۆنزەرڤاتیڤ و پیاوانی ئایینییەوە، هەروەها بەهۆی زاڵبوونی دابونەریتی کۆنەپەرستانەی بەسەرچووەوە، بەڵام بڵاوبوونەوەی خوێندن و هۆشیاری، بووە هۆی پەیدابوونی گرووپێک لە کەسانی رۆشنبیر و رۆشنگەر لە لە ناوچەکە و لە عیراقدا. هەروەها

٢ عەبدولوەهاب عەبدولقادر عوبێدی (١٨٥٢-١٩٢٦)، نازناوی (جێگر)ی هەبووە، لەبەر ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم وەک جێگری خاوەنشکۆ دەستنیشانی کردووە. یەکێک بووە لە رۆشنگەرانی بەغدا و مامۆستا بووە لە خوێندنگەی (منەوەرە خاتوون)، هەروەها وتاربێژی مزگەوتی حسێن پاشا و بانگخواز و موفتی بووە، جگە لەوانە کاری پارێزەریشی کردووە… وەرگێڕ.

هاتنی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب لە میسرەوە بۆ عیراق، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بەشێکی باش لە رۆشنبیرانی عیراق هەبوو. ئەو هەراوهوریایەی بەهۆی داواکارییەکەی قاسم ئەمینەوە بۆ لادانی پەچە و عەبا دروست بوو، هەروەها بزووتنەوەی هودا شەعراوی و دەستەخوشکانی لە میسر، کە هەڵسا بە لابردنی پەچە لەسەر رووی بە ئاشکرا و لەبەردەم خەڵک لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندا، کە یەکەم ژنی موسوڵمانی شارستانی بوو رووی خۆی پیشان بدات، ئەمەش هەرایەکی گەورەی لە میسردا نایەوە. مێردەکەی لێی توورە بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر بەجێیهێشت. ئەو هەرایەی ئەوکات لە میسر روویدا، بێگومان دەبوایە کاریگەرییەکەی بگوێزرێتەوە بۆ عیراق، چونکە رۆژنامە و گۆڤارەکانی میسر کە دەگەیشتنە عیراق، کاریگەریی باشیان لەسەر رۆشنبیران هەبوو. لەساڵی ١٩٣٣ پریشکی ئاگرەکە لە بەغدا گڕێکی لێ کەوتەوە، ئەمیر غازیی کوڕی مەلیک فەیسەڵی یەکەم کە لە ئوردنەوە گەیشتە بەغدا، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. خەڵک سەریان سوڕما کاتێک بینییان لە پێشوازییەکەدا تیمێکی دیدەوانیی کچانی خوێندنگەی باروودیە هەبوون، بەڕێوەبەرەکەیان خاتوو معەزەز پرتەو، تەنیا بەوە نەوەستایەوە، بەڵکوو ئەو تیمە هەموو پاشنیوەڕۆیەکی رۆژانی دووشەممە و هەموو هەفتەیەک بەناو شەقامەکاندا دەڕۆیشتن و لە نێوانیان کچی سفور و قژکورتیان تێدا بوو، ئەمەش رقی کۆنزەرڤاتیڤەکانی هەڵساندبوو لەگەڵ ئەوەی ئەو کچانە منداڵیش بوون، چونکە ئەوە بە دژی شەرع و رەوشت لە قەڵەم دەدرا. ئەم دیاردەیە

بوو بەهۆی گەنگەشەی زۆر لە نێوان لایەنگران و دژەکانی سفوری و پەچە، لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا رای خۆیان دەردەبڕی. عەونی بەکر سدقی، کە یەکێک بوو مامۆستایان، لایەنگرێکی سەرسەختی سفوری بوو، هەڕەشەی کوشتنی لەسەر بوو، دوای ئەوەی بانگخوازێک لە بەری کەرخ بانگەوازی دەکرد و خەڵکی لە دژی هان دەدا، کۆمەڵێک لە دەمارگیرەکان بڕیاری کوشتنیان دا و بەدوایدا دەگەڕان، پیاوێکیان دۆزییەوە لەو دەچوو، یەکێکیان بە دەمانچەکەی فیشەکێکی پێوەنا، بەڵام نەیپێکا. لەگەڵ ئەو هەموو ڕێگری و گرفتانەی هەبوون، بەڵام کاریگەریی بزووتنەوەی ئازادیی ژنان لە میسر و تورکیا لەسەر عیراق هەبوو، هەروەها بە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە رووسیا لە ساڵی ١٩١٧، ژنان یەکسانی و مافەکانیان لە زۆر بواردا بەدەست هێنا، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر پرسی ژن و لەسەر عیراقیش، هەرچەندە لەسەرخۆ دەچووە پێشەوە.

ژنان لەو سەردەمانەدا لە ژیانێکی کولەمەرگی و پڕ لە نەهامەتیدا دەژیان، لەوانەش ئەستەمتر، وڵاتەکە لە دەستی داگیرکەرێکەوە بۆ دەستی داگیرکەرێکی تر دەگوێزرایەوە. لە دەستی عوسمانییەکانەوە بۆ دەستی بەریتانیای داگیرکەر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ – ١٩١٨، کە پشتیوانێکی سەرسەختی دەرەبەگ و کۆنەپەرستەکان بوو، هەروەها پشتیوانێکی بەهێز بوو بۆ دابونەریتەکانیان. مانەوەی ژنان لەژێر تارمایی نەزانی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی، هێشتنەوەیان لە نێو دیواری بەرزی ماڵدا، بێبەشکردنی گەل لە نیوەی توانا

مرۆییەکانی؛ فاکتەرێکی بەهێز بوو بۆ قوولبوونەوەی زامەکان و تاڵانکردنی سامانی وڵات و درێژکردنەوەی داگیرکاری.

ورده ورده خوێندن بڵاو دەبووەوە، لە زۆربەی شارەکانی عیراقدا خوێندنگەی کچان کرانەوە پاش ئەوەی تەنیا پێنج خوێندنگە لە هەموو عیراقدا هەبوو، ئەوانیش زۆربەیان ناحکومی بوون و لە بەغدا و موسڵ و بەسرە بوون. بۆ یەکەم جار لە کوردستان و لە شاری سلێمانی، یەک خوێندنگە کرایەوە لە کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانیدا، پاشان لە شارەکانی تری وەک هەولێر، دهۆک و ڕەواندز خوێندنگەی تر کرانەوە. هەروەها خوێندنگە لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستیش کرانەوە. شاعیرانی وەک زەهاوی و ڕەسافی، بایەخێکی زۆریان بە پرسی ژن دەدا و خوێندن و ڕۆشنبیرکردنیان بەپێویست دەزانی، بۆ ئەوەی بتوانن نەوەیەکی تەندروست لەسەر بنەمای مۆراڵ و ڕەوشتی بەرز پەروەردە بکەن، هەروەها داوایان دەکرد لە پەچە ئازاد بکرێن. شانبەشانی شاعیرەکان، ڕۆشنبیران و رووناکبیران لە پیاوانی ئایینییش ڕۆڵێکی شەرەفمەندانەیان بینی بۆ برەودان بە ململانێکە لە بەرژەوەندیی دۆزی ژنان. بەرهەمی ئەمانە؛ بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی لابردنی پەچە و خوێندنی ژنان بوو، لای رووناکبیرەکان بوو بە پرسێکی گرنگ و هانی خێزانەکانیان دەدا داوا بکەن خوێندنگە بکرێتەوە، هەروەها بارگرانیی رووپۆش لەسەر ژنانی شار کەم بکرێتەوە. دواتریش گۆڤاری (الصحیفة) ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە چالاککردنی ئەو ململانێیەدا.

# شۆڕشی بیست و کاریگەرییەکانی

پێش شۆڕشی بیست، مێژوو ڕۆڵێکی بەرچاوی بەشداریی ژنانی لە شەڕە نیشتمانییەکاندا نیشان نەداوە، هەرچەندە هەندێک سەرچاوە باس لە بەشداریی ژن دەکەن لەو شەڕانەی دژ بە داگیرکەری بەریتانی دەکران لەلایەن عەشیرەتەکانی فوراتی ناوەڕاست لە بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکدا. لە یەکێک لە شەڕەکانی نزیک دیوانیە لە ساڵی ١٩١٧، یەکێک لە ژنەکان بەناوی (عەماریە)، هاوسەری یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی جبوری، سەرپۆشی لە سەر لابردبوو و پێش شەڕەکەرەکان کەوتبوو، داسێکی بەدەستەوە بوو و هانی دەدان بۆ خۆڕاگری، عەشیرەتەکان ڕاپەڕین و ئینگلیزەکانیان لە ناوچەکانی خۆیان دەرکردبوو، بەداخەوە ئەو ژنە بە گوللەی هاوەن شەهید دەبێت. لە هاشمییە، سافیەی پاڵەوان، لە عەشیرەتی عوابد، هەمان ڕۆڵی عەماریەی بینی بە هاندانی شەڕکەرەکان و بەرزکردنەوەی ورەیان، کە بە هاوار و هەلهەلەوە لە پێشیانەوە دەڕۆیشت.

چەندین شاعیری ژن لە کاتی شەڕەکانی شۆڕشی بیستدا دەر کەوتن، لەو ژنانەی بە ئازایەتی و دڵگەرمی و خۆڕاگرییەوە ڕووبەڕووی شەهیدبوونی ئازیزانیان بووبوونەوە. دەگێڕنەوە ژنێک لە شەڕەکاندا منداڵەکانی لەدەست دابوو، برایەکی پێی وت: "وەک ئەوەی نە گەورەت کردبن و نە پێتگەیاندبن". ئەویش وەڵامی دایەوە: "گەورەم کردن و پێمگەیاندن بۆ ئەم ڕۆژە".

لە شاری بەغدا، هەندێک لە ژنان کۆمەڵەیەکیان دروست کرد بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشی بیست و هاوکاریکردنی، هەڵسان بە هەڵمەتێک بۆ کۆکردنەوەی واژۆ و هاوکاری و هۆشیارکردنەوەی میللەت بە ئامانجەکانی شۆڕشی بیست، بۆ یەکەم جاریش، ژنان خۆپیشاندانێکیان دژی بەریتانیای داگیرکەر ئەنجام دا، کۆمەڵێک ژن یاداشتنامەیەکی ناڕەزاییان دەربارەی گرفتی نیشتمانپەروەرەکان پێشکەش کرد و داوای بەربوون و چاککردنی شوێنی مانەوەیان کردن.

بەشداریی ژنانی عیراق لە شۆڕشی بیستدا دژی داگیرکەری بەریتانی، بە یەکەم شەڕ و سەرەتای خەباتی نەتەوایەتیی سەردەم ئەژمار دەکرێت، هەرچەندە کارەکانیان سەرەتایی و سادە بوو، بەڵام هەنگاوێکی ناوازە بوو لە ژیانی ژنانی عیراقیدا، بەتایبەتییش بۆ ژنانی جووتیار کە لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی زۆر سەختدا دەژیان. لە کاتی شۆڕشی بیست، چەمکی نیشتمانپەروەری و سەربەخۆیی گەشەی کرد، وەک یەکەم خوێندنگە وابوو بۆ قووڵکردنەوە و پتەوکردنی ئەو چەمکانە لای عیراقییەکان، سەرەتای هۆشیاریی نەتەوەیی بوو کە وردە وردە گەشە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی.

هەروەها بەشداریی ژنانی عیراق لە شۆڕشی بیستدا، وەک سەرەتایەک بوو بۆ گەشەی هۆشیاریی دەرهەق بە پرسی ژن و هەستکردن بەو هێزە نەتەوەییە بەهێز و شاراوەیەی ژنان خاوەنی بوون. لەگەڵ ئەو هەموو ڕێگرییەی کە نەیاندەهێشت دەربکەون.

هاندەرێک بوو بۆ کەسایەتییە رۆشنبیرەکان بۆ داواکردن و دانپێدانان بە رۆڵی مەزنی ژناندا بۆ گەشەی خێزان و کۆمەڵگە. بەهۆی شۆڕشی بیستەوە کۆلۆنیالی بەریتانی گۆڕا بە ئینتیداب (ماندێت) و حکومەت دروست کرا و فەیسەڵی یەکەم لە ساڵی ١٩٢١ بوو بە پاشای عیراق، چەندین یاسا و رێنمایی بۆ ئیدارەدانی وڵات دەرکران، ئەم یاسا و رێسایانە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانی بوون، بە تاڵانکردنی سەروەت و سامانی وڵات بێ ئەوەی بۆ میللەتی باس بکەن.

پرسی ژن و مافەکانیان و بەشدارییان لە شەڕە نەتەوایەتییەکانی دواتر، بوو بە هۆی ناکۆکیی لە نێوان کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە پێشکەوتنخوازەکان، کەسایەتییە سیاسییەکان، رۆشنگەرەکان و ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران و ئەدیبە پێشکەوتووەکانی وەک: زەهاوی، رەسافی، جەواهیری، حەپسەخانی نەقیب، مەلای گەورەی کۆیە، بێکەس، ئەمین رەواندزی... ئەمانە داوای ئازادیی ژنان بە لابردنی پەچە و چوونیان بۆ خوێندن دەکرد، ئەم بانگەوازانەش لەلایەن کەسە دواکەوتوو و کۆنەپەرستە کاریگەرەکانەوە کەوتە بەر هەڵمەتێکی دوژمنکارانە، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دا.

کۆمەڵێک لە کەسە پێشکەوتنخوازەکان لە سەرووی هەموویانەوە، تێکۆشەر، حسێن رەحال، هەڵمەتێکی فراوانیان بۆ ئازادیی ژن و مافەکانیان دەست پێ کرد و رۆژنامەی (الصحیفة) کە لە ساڵی ١٩٢٤ دەردەچوو، رۆڵێکی گەورە و

ئەرێنیی بینی بۆ داواکردنی ئازادیی ئابووری بۆ ژنان، کە بناغەی ئازادیی کۆمەڵگە و پێشکەوتنە، هەروەها داواکاریی لابردنی پەچە. بەروبوومەکەشی بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی ئازادکردنی ژن بە لابردنی پەچە و مافی خوێندن بوو، دەنگدانەوەیەکی فراوانی لای میللەت و ئەوانەی پشتیوانی پرسی ژن بوون، هەبوو، هانی خێزانەکانیان دەدا بە کردنەوەی خوێندنگەی کچان و کەمکردنەوەی فشار بۆ بەکارهێنانی پەچە.

خاتوو ئەمینە رەحال و حەپسەخانی نەقیب، بوون بە سەرمەشق و نموونەی ئازادی و ئاڵنگاری. دەبێت ئەوەش بڵێین، ئەم هەڵمەتە هاوکات بوو لەگەڵ بزووتنەوەکانی جیهانی، هەروەها کاریگەریی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ژنانی پێشکەوتوو لە میسر و تورکیای لە ناوچەکە بەسەرەوە بوو، هەروەها دەستکەوتەکانی شۆڕشی سۆشیالیستیی لە ساڵی ۱۹۱۷ لە بوارەکانی مافی ژنان و یەکسانییان لە یەکێتیی سۆڤیەت، کە ژنان چەندین دەسەڵاتی جیاوازیان لە نێو حزب و دەسەڵات و شوێنی تردا وەرگرت.

گەشەی پرسی ژنان و ئازادبوونیان، بەندە بە گەشەی کۆمەڵگەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، بەپێی بۆچوونی گرووپی رەحال، پێناسەیەکە پەیوەستە بە یاسای گەشەی گشتییەوە، لەو روانگەیەوە جەختیان دەکردەوە کە پرسی پێکهاتەی خێزانی عەرەبیی ئەو سەردەمە، پاشماوەی دەرەبەگایەتییە، بەکۆیلەکردنی ژن و پرسی حەریم و پەچە، لە رەوشتەکان و کولتووری دەرەبەگایەتین. بانگەواز بۆ لابردنی پەچە و یەکسانیی ژن بە پیاو، لەگەڵ گۆڕانگارییەکانی سەردەمدان.

# رۆڵی خوێندن لە پێشکەوتنی پرسی ژندا

سەرەتا خوێندنگەکانی کچان لە پێنج دانە تێنەدەپەڕین و زۆربەشیان خوێندنگەی ئەهلیی بوون، خوێندنیش سەرەتایی بوو، هەندێک خوێندنگەی ئاییني (راهیبات) لە شارە گەورەکاندا هەبوون، ژنان بەشێکیان فێری خوێندنەوە دەبوون لە ماڵ و لە حوجرەدا بۆ مەبەستی خوێندنەوەی قورئان.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، سێ خوێندنگە هەبوون لە بەغدا و بەسرە و موسڵ، لە ساڵی ١٩١٤ خوێندنگەیەک لە سلێمانی کرایەوە، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی، پیاو بوون، جگە لە یەک مامۆستای ژن نەبێت بەناوی مامۆستا مەلیحە قازی، خوێندنگەکە پشتگوێ خرابوو و لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوو.

لە ساڵی ١٩٢٦ ژمارەی خوێندنگەکان بوون بە ٢٧ خوێندنگە، زیادبوونی خوێندنگە، پێویستی بە مامۆستای ژن بوو بۆ بەردەوامبوونیان، هەر بۆیە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٢٨ لە بەغدا کرایەوە، ئەمەش دیاردەیەکی گەورە بوو، لە بواری خوێندنی ژناندا بایەخی تایبەتی هەبوو. ئەوەی شایانی باسە، خوێندکارە سەرکەوتووەکان وانەیان بە پۆلەکانی خوار خۆیان دەوتەوە و یارمەتی مامۆستا ژنەکانیان دەدا.

وەک ئەنجامێکی حەتمیی پێشکەوتن و نەوەستانی خواستی ژنان لەو ئاستەی فێربووندا، لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەم

خوێندنگەی ئامادەیی بۆ کچان لە شاری بەغدا بەناوی (ئامادەیی ناوەندیی کچان) کرایەوە. لە شاری سلێمانییش لە ساڵی ١٩٢٦ – ١٩٢٧ خوێندنگەیەک بەناوی (زانستی) کرایەوە، بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا گوزیدە یامولکی بوو. ئەو بەڕێوەبەرە ماڵ بە ماڵ دەگەڕا بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان و ناردنی کچەکانیان بۆ خوێندن. لەو خوێندنگایانەدا ژنی گەورەشی تێدا بوو، وەک: خاتوونی بەڕێز، حەپسەخانی نەقیب، خێزانی کەسایەتی ناوداری نیشتمانپەروەر، بەڕێز جەمیل سائیب، دایکی مامۆستا کەمال مەزهەر و زۆرێکی تر لەوانە. لە هەولێریش، یەکەم خوێندنگە لە گەڕەکی قەڵا لە شاری کۆیە کرایەوە، بە هاندانی باوکی، کچی مەلای گەورە (خاتوو نەجیبە) یەکەم کەس بوو ناوی تۆمار کرد لە خوێندنگەکە. لە ڕەواندزیش، (هیوس) یەکەم خوێندکار بوو ناوی خۆی تۆمار کرد.

پارێزگاری شاری هەولێر، عەبدولمەجید یەعقوبی، لە کەسە هاندەر و پشتیوانەکان بوو بۆ کردنەوەی خوێندنگەی کچان. کچان بە عەبا و پەچەوە دەچوونە خوێندنگە. دوای ئەوانەش، خوێندنگەی کچان لە شارەکانی ڕەواندز و دهۆک کرایەوە. شاعیر و ئەدیب و پیاوانی ئاییینی ڕۆشنبیر، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو بۆ هاندان و بڵاوبوونەوەی خوێندن لە نێوان ژناندا.

شایانی باسە، خوێندنگەی زانستی لە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٢٨ خوێندنگەی سەرەتایی بوو بەناوی قوتابخانەی زەهرا، دواتر لە ساڵی ١٩٣٨ بوو بە خوێندنگەی ناوەندی،

یەکەم خوێندنگەش بوو کە هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی تێدا بێت.

خوێندن، بە فاکتەرێکی سەرەکی و بنەڕەتی و گرنگ بۆ هۆشیاری و قووڵبوونەوە تێیدا و پەیداکردنی زانیاری دەربارەی مافەکانی ژنان دادەنرێت، ئەمە جگە لە چەندین فاکتەری بابەتیی تری وەک: پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەگشتی، هۆکاری دەرەکیی وەک راپەڕینی ژنان لە وڵاتە دراوسێکان و عەرەبییەکان و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر ژنە خوێندەوارەکان... ژنان لە یەکەم هەنگاویاندا رووبەڕووی چەوساندنەوە و ئازاری دوولایەنە دەبوونەوە؛ لە لایەک لە نێو خێزان و کۆمەڵگە بە چاوێکی دواکەوتووانە سەیر دەکران، کولتوور و دابونەریتی کۆنەپەرستانە تواناکانی قەتیس کردبوون، لە لایەکی تریش، وەک هاوڵاتییەک لەگەڵ خێزان و گەلەکەی بەدەست ستەمی داگیرکەر و کۆنەپەرستییەوە دەیانناڵاند. ئەو یاسایانەش کە لە سەردەمی ماندێتی ئینگلیزی دانران، بەیەک بڕگەش باسی مافەکانی ژنیان نەکردووە، بۆیە بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لە نێوان ژنان، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو بتوانێت ژیان و دۆخە ناهەموارەکەیان باش بکات، بۆیە بەشداریی ژنان لە زۆربەی بوارەکانی ژیان، بەتایبەتییش لە بواری سیاسیدا، ئەستەم بوو، رووبەڕووی کێشە و بەربەستی زۆر دەبوونەوە بەهۆی چەندین هۆکارەوە، لەوانە: هێشتا حزبە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان دروست نەبووبوون.

# سەرەتای دەستپێشخەرییەکان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکانی ژنان

وتەیەکی بەنرخ هەیە دەڵێت: تەنیا هەستکردن بە چەوساندنەوە، بەس نییە بۆ لابردنی چەوساندنەوە، بەڵکوو دەبێت هۆشیاری و هاندەرێکی کاریگەر هەبێت بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری. واتە دەبێت هەردوو فاکتەری کەسی و بابەتی لەبەرچاو بگیرێن. لە لایەکەوە درێژەدان بە واقیعی کارەساتبارانەی ژیانی ژنان، لە لایەکی تریشەوە بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و کاریگەریی چالاکی و رێنیسانسی ژنان لە دەرەوەی سنوورەکان، جۆرێک لە هۆشیاری و پاڵنەری دروست کرد بۆ بزووتنەوەی ژنان لەپێناو گۆڕانکاریی ئەرێنی لە ژیان و رۆڵیان لە کۆمەڵگەدا.

ژنە رۆشنبیرەکان بۆچوونیان وا بوو ئەم پرسە دەبێت بە هەوڵ و وزەی خۆیان و پشتیوانیی رۆشنبیرانی میللەت کاری بۆ بکرێت. پێیان وابوو رێکخراوەکانی ژنانی خاوەن ئامانجی کۆمەڵایەتی، رۆڵی گەورە دەبینن بۆ باشکردنی دۆخی ژنان و بەرزکردنەوەی ئاست و هۆشیارییان. کۆمەڵێک ژن دەستپێشخەرییان کرد بۆ دروستکردنی یەکەم کۆمەڵەی ژنان لە ساڵی ١٩٢٤ بەناوی (کۆمەڵەی نەهزەی ژنان)[٣]، ئامانجیان داواکاریی خوێندنی ژنان، رەخساندنی هەلی کار و پێشخستنی بەشدارییان لە ژیانی

٣ جمعية النهضة النسائية.

کۆمەڵایەتیدا. کۆمەڵەکە گۆڤارێکیان هەبوو بەناوی (لیلی) و پۆلینا حەسوون سەرنووسەری بوو.

بەهۆی ئەوەی ئامانجەکانیان لەگەڵ سروشتی سیستمی ئەوسا نەدەگونجا، کۆمەڵەکە سەرکەوتوو نەبوو لە کارەکانیدا و گۆڕا بۆ مەکۆیەک بۆ یەکتربینینی ژنانی چینی دەوڵەمەند. جێگەی باسە لە ساڵی ١٩٢٩ لە بەسرە کۆمەڵەی ئەحرار[٤] دامەزرا، ئامانجیان ئازادیی ژن بوو لە کۆتوبەند و نەخوێندەواری.

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی لە دۆخی سیاسیی لە وڵاتدا روویان دا، هێشتا بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا زۆر کەم بوو، ئەمەش لەبەر نەبوونی حزبی پێشکەوتوو و باوەڕدار بە رۆڵی ژنان و گۆڕانکاریی لە بۆچوونی کۆمەڵگەدا. ئەو بەشدارییانەش، لە چوارچێوەی رۆڵی دیاریکراویان بوو لە شۆڕشی بیست و پێشووتریش بەشدارییان لەگەڵ پیاوان لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩١٧ دژ بە بەرزکردنەوەی نرخی گەنم. لە کوردستان، لە ساڵی ١٩٣٠ ژنان یاداشتنامەیەکیان دا بە نوێنەری حکومەتی عیراقی و نوێنەری کۆمیسیاری باڵای[٥] بەریتانی لە کاتی سەردانیان بۆ سلێمانی، تیایدا داوای مافەکانی نەتەوەی کوردیان کردبوو، هەروەها یاداشتنامەیەکی نارەزاییان پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد دەربارەی هێرشکردنە سەر راپەڕینی ئەیلوولی ١٩٣٠ لە سلێمانی.

---

٤ جمعية الاحرار.

٥ مەندوبی سامی.

ئەو بەشدارییانە، سەرەتایەک بوون بۆ پێشکەوتنی بزووتنەوەی نیشتمانی لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی دژی داگیرکەر و پەیمانی ١٩٣٠، کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتای دروستبوونی حزبە نیشتمانییەکان و گەشەسەندنی هۆشیاریی ژنان.

لە سەرەتای سییەکاندا ڕێژەیەکی کەم لە ژنان لەناو هێزی کاردا هەبوون، زیاتر لە بواری پەروەردەدا کاریان دەکرد، بەڵام لە گوندەکان ژنان هاوکاری پیاوان بوون لە هەموو کاروبارە کشتوکاڵییەکاندا. شێوازی کاری کشتوکاڵی، جووتیارە پیاوەکانی ناچار دەکرد ئەندامانی خێزانەکەی لە کێڵگەدا بەشداری پێ بکات، بەڵام ئەو بەشداریکردنە، هیچ سوودێکی دارایی نەبوو، بەڵکوو چەوساندنەوەکەی زیاتر کرد.

تا ساڵانی سییەکان، دەرگای زانکۆکان بە ڕووی ژناندا نەکرابوونەوە. دوای ئەوە ژنان چوونە بواری تری کارەوە، وەک: مامۆستا، پەرستاری، پزیشکی، پارێزەر و ڕۆژنامەنووس... هەندێک ژنیش لە بواری ئەدەب و هونەردا دەر کەوتن و هەندێک کاری لاوەکییان لەناو دەوڵەتدا هەبوو.

پەیدابوونی هەلی خوێندن، بووە هۆی دروستبوونی ئاوات و ئارەزووی گەورەی لای ژنان، بیرکردنەوە لە وەرگرتنی مافەکانیان و یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاوان و بەشداریی لە تێکۆشانی نیشتمانیی گشتیدا. ئەم ئاوات و ئارەزووانە، هاندەرێکی بەهێز بوون بۆ دروستبوونی بزووتنەوەیەکی

ژنانەی ڕێکخراو لە عیراقدا. لە سییەکاندا هەندێک کۆمەڵەی ژنانی خاوەن ئامانجی خێرخوازی دامـەزران، وەک: لقی ژنانی کۆمەڵەی مانگی سوور لە ساڵی ١٩٣٣ و چاودێریی دایکایەتی و منداڵ... دوو کیژی عیراقییش (ئوربیل بەشارە و بەرتین ماریە) لەسەر ئەرکی یەکێتیی گشتیی کۆمەڵەکانی مانگی سوور نێردران بۆ ئینگلتەرا بۆ خوێندنی پەرستاری.

لە ساڵی ١٩٣٠ کۆنگرەی یەکەمی ژنـان لە دیمەشق بەسترا، بۆ یەکەم جار ژنانی عیراقی بەشدار بوون تێیدا پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٩ نەیانتوانی لە کۆنگرەی ژنانی عەرەبدا بەشدار بن. کارەکانی ئەو کۆنگرەیە، بریتی بوون لە: ژنانی کارکەر، دایکایەتی، زیندووکردنەوەی ئەدەب و زمانی عەرەبی و کێشەکانی هاوسەرگیری. شاندی عیراقی بریتی بـوون لە خاتوو ئەمینە ڕەحـال و هاوسەرەکەی (لوتفی بەکر سدقی).

بزووتنەوەی ژنانی عیراق لە سەرەتادا پێویستییەکی زۆری بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەوانی تر هەبوو بۆ دەوڵەمەندکردن و گەشەپێدانی. خولی دووەمی کۆنگرەی ژنانی عەرەبی کە لە بەغدا گیرا، گرنگییەکی تایبەتیی هەبوو بۆ ژنانی عیراق، کە توانییان پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی وڵاتانی تری عەرەبی بەهێز بکەن.

لە سـەرەتـای سییەکانی سـەدەی رابـردوودا، عیراق گەشەیەکی روون و بـەرچـاوی لە هۆشیاریدا بەخۆوە بینی. گـۆڕەپـانـی نیشتمانیی لەپێناو سـەربـەخـۆیـی و بەرەنگاربوونەوەی پەیمانی ١٩٣٠ی داگیرکەر، جەماوەرێکی

فراوانی لەخۆ گرتبوو و لە نێویشیاندا ژنان. بزووتنەوەی نیشتمانیی بە دەرکەوتنی حزبی نیشتمانیی خاوەن بەرنامە و روانگەی پێشکەوتنخوازانە، هانی هەندێک لە ژنانی دا لایەنگری و وابەستەییان بۆ ئەو حزبانە هەبێت. بەراورد بە رابردوو، ئەو هەلومەرجە هاندەر بوو بۆ گرۆتیندان بە کاری پێکەوەیی ژنان و دروستکردنی رێکخراو و کۆمەڵەی ژنانەی خاوەن ئامانجی پێشکەوتنخوازانە. لەگەڵ ئەوەش، پرسی ژن و ئازادییان و یەکسانییان لەگەڵ پیاواندا، نەبوو بە دروشم و داواکارییەکی سیاسی تا دوای گەشەسەندنی رۆڵی چینی کرێکارانی عیراقی و پێکهێنانی حزبەکەیان؛ حزبی شیوعیی عیراق لە ساڵی ١٩٣٤، کە لە یەکەم بەرنامەی خۆیدا ئاماژەی بە ئامانجی ئازادیی ژنان و یەکسانییان کرد و بە ئامانجێکی سەرەکییشی دانا. حزبی شیوعیی عیراق لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بایەخی بە پرسی ژن دا و هانی دەدان بۆ بەشداریی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی و دیموکراسیدا لەپێناو مافە دیموکراسییەکانیان. جەختیشی دەکردەوە لەسەر پێویستیی رزگارکردنیان لەو کۆتوبەندانەی رێگرن لە چالاکییان... یەکەم ژنیش پۆستێکی حزبیی وەربگرێت، خاتوو ئەمینە رەحال بوو، کە بوو بە ئەندامی ناوەندیی حزبی شیوعیی عیراق.

## رۆڵی حزبە سیاسییەکان و کاریگەرییان لە ڕەنگڕێژکردنی ڕەوتەکانی بزووتنەوەی ژنانی عیراق

ئامانجەکانی بزووتنەوەی فێمینیستی تەنیا لە داواکاریی خوێندنی ژنان و لابردنی پەچە و سفووریدا کورت نەکرابووەوە، بەڵکوو لەوە زیاتر ڕۆیشت و داوای ئازادیی ئابووری بۆ ژنان دەکرا. خاتوو ئەمینە ڕەحال و ژنانی تری پێشکەوتنخواز، پێشڕەوی ئەو داواکارییانە بوون... وەک پێشتریش باسمان کرد؛ سەرهەڵدانی حزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان، یارمەتیدەر بوون لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئازادیی ژنان. دەتوانین بڵێین حزبی شیوعیی عیراق کە لە نووسینی یەکەم بەرنامەیدا باسی ئازادیی ژن و یەکسانییانی تێدا بوو و لە ئامانجە سەرەکییەکانیشی بوو، ئەندام و هەوادارانی وا ئاراستە دەکرد کە یارمەتیی ژن بدەن و ڕێگەی ڕاستی بزووتنەوەکانیان بگرنەبەر.

دامەزرێنەری حزبی شیوعی، یوسف سەلمان (فەهد)، لە ڕۆژنامەی (الأهالي)، لە سەرەتای دروستبوونیدا لە ساڵی ١٩٣٢، بابەتێکی بڵاو کردەوە و باسی دۆخی ژنە جووتیارەکانی دەکرد، تیایدا هاتبوو: "ژنی عیراق لەماڵی باوکی و لە کێڵگەکەیاندا زەحمەت دەکێشێت و شەکەت و ماندووە، پاشان بە ڕێککەوتنێک بەشوو دەدرێت و دەگوێزرێتەوە بۆ ماڵی مێرد و منداڵە برسی و

رووتوڕەجاڵەکانیان لە گوندەکان، ئەمەش بە مەرجەکانی ڕێسا کۆنەکان کە پێی دەوترێت دابونەریت یاخود یاسای خێڵەکی، پاڵپشت بە یاسا دەکوژرێت، بە هەر هۆکارێک بێت یان بەبێ هۆ، بە تاک یان بە کۆمەڵ لە بری خوێندا دەدرێن وەک خوێنبایی کوژراوێک. سەبارەت بە بارودۆخی ژیانیشی، لە هەموو ڕوویەکەوە بێبەشە، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەشن".

لە بابەتێکی تریدا لە ڕۆژنامەی (القاعدة)، باس لە ئازارەکانی ژنانی عیراقی لە شاردا کردووە و دەڵێت: "ئەوانیش وەک هەموو ژنانی تری عیراق، بێبەش کراون لە هەموو مافەکانیان، دۆخی کۆمەڵایەتییان و تا ڕادەیەکیش دۆخی ئابوورییان لە ناوەڕۆکدا وەک دۆخی ژنەکانی ترە". هۆکاری سەرەکی بێبەشی و نەهامەتیی ژنانی عیراق و ئەو تاریکییەی تێیدان، دەستنیشان کرد، دەڵێت: "هۆکاری سەرەکی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وڵات خاوەنی سەروەریی نییە، داگیرکەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتی جێگیر بکات، پشتیوانیی لە کەسانی کۆنەپەرست دەکات و دابونەریتە کۆنەکان بەهێز دەکات، چونکە دەزانێت دابونەریت چەند کاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە"، دواتر دەڵێت: "دوژمنی سەرەکی کە ڕێگرە لەوەی ژنان جۆر و شێوازی ژیانیان بگۆڕن و ڕزگاریان بێت، کۆیلایەتی کەڵەکەبووە، چەندین نەوە هەمان دوژمنە کە ڕێگرە لە گۆڕانی شێوازی ژیانی میللەت بەگشتی. ئەمەیە بوونی دەسەڵاتێکی بیانی کە پشتیوانەکەی و کۆڵەکەی مانەوەی؛ کۆنەپەرستی و دابونەریتەکانیەتی". بەردەوام

دەبێت و دەڵێت: "کەواتە لەسەر ژنان پێویستە بۆ پرسە تایبەتەکانیان تێ بکۆشن و هەوڵ بدەن و لە گۆڕەپانی گشتیی نیشتمانپەروەریدا کار بکەن، تێکۆشان لەپێناو پرسە تایبەتەکانی ژنان، دەکرێت ژنانی رۆشنبیر و هۆشیار و چەندین ژن بێنە کایەی رێکخستن و تێکۆشانەوە، هەروەها بەهۆی هۆشیارکردنەوەیان بە رۆشنبیریی سیاسی و گشتی، ژن دەتوانێت گۆڕانکاریی ئەرێنی بکات، دەشتوانێت بەرەنگاری شاڵاوی دژەکانی بێتەوە بە توانا و بەهێزیی رێکخستنەکانیان. تێکۆشانی نیشتمانی و میللی، ئامانجەکەی بۆ میللەتە و حوکمێکی دیموکراسی دادەمەزرێنێت و مافەکانی یەکسانبوون لەگەڵ پیاو دەستەبەر دەکات".

ئەو هەڵمەتەی رۆشنبیران، رۆشنگەران، پێشکەوتنخواز و حزبە نیشتمانپەروەرە پێشکەوتنخوازەکان کردیان لەپێناو ئازادیی ژنان، بوو بە هۆکارێکی گرنگ و پاڵنەر بۆ دروستکردنی رێکخراوی داکۆکیکار لە مافەکانیان... لە ساڵی ١٩٣٥ هەندێک لە ژنان، لە پێشەوەشیان (د. رۆز خدووری)، داواکارییەکیان پێشکەش بە دەوڵەت کرد بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەک بەناوی (کۆمەڵەی دەستەخوشکان[٦])، بەڵام دەسەڵات مۆڵەتی پێ نەدان.

لە ناوەڕاستی سییەکان، گەنگەشە و گفتوگۆی فراوان دەربارەی ئازادیی ژنان لە بۆنەی جیاواز و لە نێوان رۆشنبیرەکان و لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکان و خوێندنگەکان پەیدا بوو، زیادبوونی ئارەزووی کچان بۆ

٦ جمعیة الرفیقات.

چوونە بەر خوێندن، یارمەتیدەر بوو بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوەی ژنان و فراوانبوونی چێوە کۆمەڵایەتییەکەی، چەند کەسایەتییەکی ژن چەند گۆڤارێکیان دەردەکرد، لەوانە: گۆڤاری (المرأة الحديثة) لە ساڵی ١٩٣٦، کە خاوەنەکەی حەمیدە ئەعرەجی بوو. بایەخی بە چارەسەرکردن و بەرەنگاربوونەوەی دابونەریتە بەسەرچووەکان دەدا، داوای یەکسانیی ژن و پیاوی دەکرد. هەروەها رۆژنامەی (الناس)ی ڤیکتۆریا نوعمان، پاشکۆیەکی فێمینیستیی دەردەکرد، ئەمە جگە لە گۆڤاری (العراق)ی حەسیبە راجی لە ساڵی ١٩٣٦ و گۆڤاری (فتات العرب)ی مریەم نەرمە.

لەو قۆناغەدا پرسی ژن و ئازادییان، لەسەر بنەمای سەربەخۆیی ئابووریيان ورووژێنرا، پرسەکەیان بەشێوەیەکی گشتی، نە گەشە دەکات و نە پێش دەکەوێت ئەگەر لە دەستی خۆیاندا نەبێت. ئەم بیرۆکەیە لە نێوان لایەنگرانی ئازادیی ژن زیاتر باسی لێوە دەکرا، هاوکات بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری و بەشدارییان لە کاری دەرەوەی ماڵدا، کە پێش ئەو کاتەش لە ناو ماڵدا کاریان دەکرد، وەک: تەونڕێسی، چنین، نەقش و جگەرەداگرتن...) ئەم کارانە لە ناو شارەکاندا دەکران و بۆ بەرژەوەندیی بازرگانەکان بوو، ئەوان کەلوپەلی پێویستیان دەدانێ و بەرهەمەکانیان دەفرۆشت. لە لادێکانیش ئەو ژنانەی لە بواری کشتوکاڵدا کاریان دەکرد، زۆرینە بوون. سەرەتای

دەیەی چوارەم، ناکۆکییەکی توند لە نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی پرسەکانی ئازادیی ژن لەئارادا بوو. هەندێک رەوتی جیاواز و روون و دیاریکراو لە جیهاندا پەیدا بوون، ئەو رەوتانەش ئاراستەی جۆراوجۆری بزووتنەوەی ژنانی هێنایە کایەوە. بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانە رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر بەرنامەی حزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان، کە لە دروشم و بابەت و هەڵوێستیاندا بەدەر کەوتبوو. هەروەها بیرۆکەی کۆنەپەرستان رەنگدانەوەی هەبوو لە هەڵوێستی حکومەتی سەر بە داگیرکەردا بە هانی جووڵانەوە کۆنەپەرستانەکانی دژ بە مافەکانی ژنان و رێگریکردن لە رێکخراو و کۆمەڵەکانی ژنان، هەروەها نەدانی مۆڵەت بەو کۆمەڵانەی پرسی ژنیان گرێ دەدا بە پرسی خەبات لە پێناو ئامانجە نیشتمانییەکاندا. دەسەڵات مۆڵەتی دەدا بەو کۆمەڵە و رێکخراوانەی ئامانجی خێرخوازییان هەبوو، هاوشێوەی لقەکانی ژنان لە کۆمەڵەی مانگی سوور، چاودێریی منداڵان، کۆمەڵەی قەڵاچۆکردنی بەدمەستی[٧]، کۆمەڵەی ماڵی میللی[٨]، کۆمەڵەی نەهێشتنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان[٩] و کۆمەڵەی خوشکانی موسوڵمان... لە هەمان کاتدا ژنان بەرەو حزبە نیشتمانییەکانیش رۆیشتن.

---

٧ جمعية مكافحة المسكرات.

٨ بيوت الأمة، يان جمعية بيوت الأمة: کۆمەڵەیەکی خێرخوازیی کۆمەڵایەتییە، لە ١١ی ئابی ١٩٣٥ لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی رۆشنبیری عێراقییەوە دامەزراوە و لەو سەردەمەدا هاوشێوەی لە میسر و تورکیاش هەبووە.

٩ جمعية مكافحة العلل الاجتماعية.

## ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم و
## کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی ژنانی عیراق

ساڵەکانی جەنگی جیهانیی دووەم، دۆخێکی ئابووریی زۆر ناهەمواری لە عیراقدا دروست کرد، بەهۆی پشتیوانیی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی عیراق لە بەریتانیای بەشداربوو لە شەڕ، تەنگژەی ئابووریی زۆر توند بوو. بەهۆی نەمانی هاوردەکردن و کەمیی بەرهەم و گرانیی نرخەکەیان، لەو ماوەیەدا چەندین کارگەی بچووکی کەرتی تایبەت دروست بوون. ژنان چوونە مەیدانی کارەوە لە کارگەی دروومان و چنین...هتد. بەهۆی تەنگژەی ئابووریی لەسەر خێزانەکان، چوونەدەرەوەی ژنان بۆ کار هیچ بەربەستێکی نەبوو، خێزانەکان پێویستیان بە کاری ژن هەبوو بە مەبەستی یارمەتیدانی پیاوان لە دابینکردنی بژێویدا.

لەبەر ئەو گەشەسەندنە چۆنایەتییەی لە بزووتنەوەی ژناندا روویدا، کە دەرەنجامی گەشەسەندنی خوێندن لە نێو ژنان و چوونەدەرەوەیان بۆ کار و بەریەککەوتنی زیاتریان لەگەڵ چینەکانی کۆمەڵگە و گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی بوو بەشێوەیەکی گشتی، چیتر بزووتنەوەکانیان لە چوارچێوەی دۆزی خوێندن و لە ماڵ چوونەدەرەوە بۆ کار قەتیس نەبوو، بەڵکوو فراوانتر بوو بۆ ئەوەی هاوشانی پیاوان بەشدار و پشتیوان بن لە شەڕەکانی نیشتمانیدا کە میللەت لەپێناو ئازادیی دەستووری و دیموکراسیدا

دەیانکرد. ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا دەکرد، بەتایبەتییش خوێندکارەکان، بزووتنەوەی میللی، زۆرینەی میللەتی گرتەوە بە ژن و پیاو و عەرەب و کورد نەتەوەکانی ترەوە. هەروەها ژنان لە کار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و رووداوە سروشتییەکاندا بەشدار بوون، بۆ نموونە؛ لەو کاتەدا کە شاری بەغدا رووبەڕووی لافاو دەبووەوە، چەندین تیمی ژنان دروست دەبوون، بەتایبەتی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری و کارکردن بۆ رێگرتن لە روودانی لافاو. لە کوردستان، لە رۆژانی جەنگی جیهانیی دووەم، برسێتی بە شێوەیەکی مەترسیدار بڵاو بووەوە، بەتایبەتییش لە سلێمانی، هەندێک بەناچاری منداڵەکانیان دەفرۆشت بۆ ئەوەی لە برسێتی رزگاریان بکەن. نرخی یەک نان، چوار ئەوەندەی نرخی نانێک بوو لە بەغدا. لە ساڵی ١٩٤٢، لیژنەیەکی ژنانیان دروست کرد کە لە ١٤ ژن پێک هاتبوون، بە هاندانی حەپسەخانی نەقیب و بە سەرپەرشتیی خاتوو سەعدیەی هاوسەری مستەفا قەرەداغیی پارێزگاری ئەوسای شاری سلێمانی. ئەم لیژنەیە ناونرا لیژنەی هاوکاریی هەژارەکانی سلێمانی، یەکەم لیژنەی لەو جۆرە لە سەرتاسەری عیراقدا. لە مامۆستایانی ژنیش لیژنە دروست کران بۆ کۆکردنەوەی پارە، جلوبەرگ، راخەر، پێخەف و خۆراک...هتد، بەپێی لیستێک بەسەر ماڵە هەژارەکاندا دابەش دەکرا.

لە شاری بەغدا، یەکەم خۆپیشاندان لە لایەن هەندێک ژنەوە و بە هاندانی حزبی شیوعیی عیراقی لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢

ڕێک خرا، داواکارییەکان "نان بۆ هەمووان" بوو. ڕێپێوانەکە لە شەقامی ڕەشیدەوە دەستی پێ کرد، یاداشتێکیان پێ بوو بۆ جێنشین و سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، تێیدا داواکار بوون بە لابردنی لیژنەی ناوەندیی دابەشکردنی خۆراک و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەندامەکانیان، بەهۆی دەستکاریکردنی خۆراکی میللەت. داواکاریش بوون لیژنەی میللیی دروست بکرێت بۆ چاودێریی لیژنەکانی دابەشکردنی خۆراک و گرتنی کەسانی قۆرغکار و دروستکردنی لیژنە بۆ چاودێریی نرخ. خۆپیشاندانەکە رووبەڕووی ڕاوەدوونان و سەرکوتکردن بووەوە.

لە مانگی ئایاری ١٩٤٣، بەبۆنەی کردنەوەی دوو شەقام لە ناوچەی کەرخ، لە کاتی ئەو ئاهەنگەی ئەمینداریەتی پایتەخت بەو بۆنەیەوە سازی کردبوو، کۆمەڵێک ژن خۆپیشاندانیان کرد و لە دروشمەکانیاندا داوای نان بۆ میللەت و مردن بۆ قۆرغکاران و ڕێگریکردن لێیان دەر کرد، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی دەغڵودانی شێخ و دەرەبەگ بەزوویی، لەگەڵ دابینکردنی نان بە نرخێکی وا کە بگونجێت لەگەڵ دەرامەتی خێزان.

ئەو پێشکەوتنەی لە بزووتنەوەی ژناندا دروست بوو، دوو ڕەوتیان گرتبوو: یەکەمیان، کارکردنێکی دیموکراسییانەی ڕێکخراوەیی ژنان بوو، کە ژنانی بە بۆچوون و چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاواز تێدا کۆ بووبووەوە. ئەوەش وای کرد ڕێکخراوێکی دیموکراتی لە سەردەمی شەڕدا دروست

ببێت، بەناوی (کۆمەڵەی نەهێشتنی نازیەت و فاشیەت)[١٠]. چالاکییان زۆر بوو، کۆمەڵێک ژنی خوێندەوار و کەسانی تری لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە. ئەم کۆمەڵەیە، هەستان بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دژ بە نازییەکان و روونکردنەوەی ئاسەوارەکانی تاوانەکان و مەترسییەکانی شەڕ... دوای شەڕ، ئەم کۆمەڵەیە بە بڕیاری ئەندامەکانی، گۆڕا و بوو بە (کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق)[١١]، خاتوو عەفیفە ئیبراهیم لێپرساوی بوو، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی پێک هاتبوو لە (رۆز خەدووری، نەزیهە رەئوف، سەعدیە رەحال، ڤیکتۆریا نوعمان، عەفیفە بوستانی)، ژمارەی ئەندامەکانی زۆر بوون، مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرت و یەکەم کۆنگرەیان بە ئامادەبوونی ٤٠٠ ئەندام لە بەغدا بەست. ئەم کۆمەڵەیە زۆر چالاک بوون لە بواری هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە و نەهێشتنی نەخوێندەواری و گرتنی کۆڕ و سیمیناری رۆشنبیری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ژنان، گۆڤارێکیان بەناوی (تحرير المرأة) دەردەکرد، کە پرس و کێشەکانی ژنانی چارەسەر دەکرد.

کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق، رۆڵێکی گرنگی بینی بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی ژنان لە عیراق و وڵاتانی عەرەبی، لە ساڵی ١٩٤٤ لەگەڵ چەند رێکخراوێکی تر لە کۆنگرەی ژنانی عەرەبی بەشدارییان کرد، بڕیاریان دا بە دروستکردنی یەکێتیی ژنان لە وڵاتانی

---

١٠ جمعية مكافحة النازية والفاشية.

١١ رابطة نساء العراق.

عەرەبی... لەدوای کۆنگرە، کۆمەڵەکانی ژنانی عیراق کەوتنە چالاکی: کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق، لقی ژنان بۆ چاودێریی منداڵ، لقی ژنـان بۆ کۆمەڵەی ماڵی میللی و کۆمەڵەی نەهێشتنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێکهێنانی یەکێتیی ئافرەتانی عیراقی... لە ساڵی ١٩٤٥ یەکێتیی ئافرەتانی عیراق[١٢] دروست بوو، کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق و لقی ژنان بۆ کۆمەڵەی ماڵی میللی، شەش کورسییان لە کۆی حەوت کورسی لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی یەکێتییەکە وەرگرت.

لە هەمان کاتدا، هەندێک کۆمەڵەی تری خاوەن ئامانجی تایبەت مۆڵەتیان وەرگرت، وەک: یانەی کچانی بەغدا، کۆمەڵەی کچانی دەرچووی خانەی مامۆستایان، یانەی مامۆستایانی ژن و کۆمەڵەی ژنان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری... هەروەها کۆمەڵەی جیاوازی ئایینیی ئیسلامی و مەسیحی دروست بـوون. جێی ئاماژەپێکردنە؛ هەموو ئەو کۆمەڵانەی لەو ماوەیە و پێشتریشدا مۆڵەتیان وەردەگرت، بەرپرسەکانیان یان دەسەڵاتدار بوون، یاخود سەر بە دەسەڵات بوون، تەنیا کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق نەبێت.

ئاراستەی دووەمی بزووتنەوەی ژنانی پێشکەوتنخواز، بەشداریکردنی بوو لە داوای ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و ناردنی شاندی بنەماڵەی زیندانییەکان بە یاداشتێکەوە بە واژۆی خۆیان بۆ لای لایەنە پەیوەندیدارەکان کە داوای باشترکردنی ژیـان و گـوزەرانـی زیندانیانی سیاسی و ئازادکردنیان دەکردن.

---

١٢ الأتحاد النسائي العراقي.

# بووژانەوەی بزووتنەوەی فێمینیستی
# لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم

شکستی فاشیەت و زاڵبوون بەسەر نازیەت و تەواوبوونی جەنگی جیهانیی دووەم بە سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی هاوپەیمان و ئازادبوونی وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات لە دەستی هیتلەر، هەروەها سەرکەوتنی سۆشیالیزم و فراوانبوونی رووبەری دەسەڵاتی لە جیهاندا، کاریگەریی گەورەیان هەبوو لەسەر گەشەکردنی هێزە شۆڕشگێڕ و دیموکراتخوازەکان لە وڵاتەکەماندا.

هەروەها لە ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٤٧ کەشێکی تا رادەیەک دیموکراسی هاتە ئاراوە، چەندین حزبی نیشتمانی مۆڵەتیان پێ درا. ئەو دۆخە کاریگەری لەسەر کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق هەبوو، هەستان بە کردنەوەی چەندین خوێندنگە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، چەندین کۆڕ و سیمیناری رۆشنبیرییان بەست و گفتوگۆ دەربارەی مافەکانی ژنان لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە کرا، هەروەها چەندین چالاکیی کۆمەڵایەتیی وەک ئامادەکردنی ئاهەنگ و سەیران و بۆنە ساز کران. گۆڤارەکەیان (تحرير المرأة)، رۆڵێکی بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوەی ژنان بە پرسە تایبەت و نیشتمانی و سیاسییەکان گێڕا، ئەمەش بە دڵی دەسەڵات نەبوو، دوای ئەوەی تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو، دایخست.

لەو کاتەدا کێشە لەناو یەکێتیی ئافرەتانی عیراقی[13] لە نێوان نوێنەرانی کۆمەڵە و ئەندامە پێشکەوتنخوازەکان لە کۆمەڵەکانی دیکە لە لایەکەوە و بەرپرسان لە کۆمەڵەکانی دیکە لە لایەکی ترەوە، سەری هەڵدا. دەیانویست چالاکییەکانی یەکێتییەکە وا ئاراستە بکەن تەنیا روانگەیەکی ژنانە بن و نەچنە ناو گەنگەشەی سیاسییەوە، چونکە ئەوە لەگەڵ سیاسەتی دەسەڵاتدا دەگونجا. ئەو کێشانە بوونە هۆی کشانەوەی کۆمەڵە لەناو یەکێتییەکە، چوار کۆمەڵەکەی تر لەناو یەکێتییەکەدا مانەوە و دواتر کۆمەڵەیەکی تریش بەناوی (کۆمەڵەی ماڵی عەرەبی[14]) چووە پاڵیان، کە بۆ مەبەستی بەهاناوەچوونی ئەو ئاوارە فەلەستینیانەی دێنە عیراق، دامەزرابوو. چالاکییەکانی یەکێتییەکە وەک گرووپێک، لە کاتی شەڕی فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٨ بریتی بوو لە کۆکردنەوەی پیتاک و ناردنی هاوکاری بۆ سەربازەکان و بەهاناوەچوونی ئاوارە فەلەستینییەکان لە عیراق.

لە ساڵی ١٩٤٧ عیراق هێرش و پەلامارێکی گشتگیری بۆ سەر هەموو ئەو دەستکەوتانەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە ئەنجامی تێکۆشانێکی درێژ بەدەستی هێنابوو، بەخۆوە بینی. چوارچێوەی دەستگیرکردنەکان فراوان کرا و ژنە چالاکوانە پێشکەوتنخوازەکانیشی گرتەوە، کە رووبەڕووی راوەدوونان و تەنگپێهەڵچنین بوونەوە. کەوتنە داخستنی حزبە نیشتمانییەکان و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان و

---

١٣ الاتحاد النسائي العراقي.
١٤ جمعية البيت العربي.

لەناویشیاندا کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق. ئەم پەلامارانەی سەر ئازادییەکان، ڕێخۆشکەر بوو بۆ تازەکردنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ی داگیرکەری بەریتانی و بەستنی پەیمانێکی تازە بەناوی پەیمانی پۆرتسمۆس، کە میللەت ڕاپەڕینێکی بەرفراوانی دژی ئەو پەیمانە کرد و هەموو عیراقی گرتەوە و بە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ ناسراوە، تیایدا دروشمی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە و دابینکردنی نان و شکۆ و ئازادیی بۆ هاوڵاتیان بەرز کرابووەوە. بەشداریی ژنان زۆرتر و ڕێکخراوتر و کاریگەرتر بوو، ئەویش بەهۆی گەشەی هۆشیاریی سیاسییانەوە بوو، کە پێشتر بەشدارییان لە چوارچێوەی حزبە نیشتمانییەکان و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بوو. سەرپەرشتیی خۆپیشاندانیان دەکرد و بەشدار دەبوون لە خۆپیشاندانی سەندیکاکاندا، وەک بەشدارییان لە ڕێپێوانی کرێکاران لە بەغدا. لە کۆتا ڕۆژەکانی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ خۆپیشاندان ئەنجام درا، لەو کاتەی خۆپیشاندەرەکان بەسەر پردی کۆنی نێوان ڕەسافە و کەرخدا ڕەت دەبوون، دەسەڵاتی بەکرێگیراو چەکی ڕەشاشی لەسەر منارەی مزگەوتەکان دانابوو، مزگەوتی ئاسفەدییە لە ڕەسافە و مزگەوتی حەنان لە کەرخ، کەوتنە گوللەبارانی ئەو خۆپیشاندەرانەی بەرەو کەرخ دەڕۆیشتن بۆ یەکگرتنیان لەگەڵ خۆپیشاندەرانی ئەوێ و ڕۆیشتنیان بەیەکەوە بەرەو باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە کەرخ. خۆپیشاندەرەکان دەڕۆیشتن، کچێکی گەنج پێشڕەویی دەکردن، بەهۆی دەستڕێژی ڕەشاشەکان، ئەو

کچە گەنجە شەهید بوو لەگەڵ چەندین شەهیدی تر لەسەر پردەکە. ئەو کچە شەهیدە بە "کچی پرد" ناونرا و دواتریش ئەو پردە ناونرا پردی شەهیدان[١٥].

ئەو راپەڕینە دەستکەوتی گرنگی بەدەست هێنا، کە خۆی لە دەستەبەرکردنی ئازادیی گشتیدا دەبینییەوە، هەرچەندە کاتیی بوون، بەڵام کۆنەپەرستان جاڕنامەی بڕیاری دابەشکردنی فەلەستینیان لە ١٥ی ئایاری ١٩٤٨ کردە بیانوو و باری نائاساییان لە وڵاتدا راگەیاند بە بیانووی پارێزگاریکردن لە هێزەکانی دوای هێزە شەڕکەرەکان، ئەو دەرفەتەشیان کردە هۆیەک بۆ لێدان لە هێزە پێشکەوتنخوازە تێکۆشەرەکانی دژ بە دەسەڵاتی داگیرکەر و پادشایی، لەجیاتی پارێزگاریکردن لە هێزە شەڕکەرەکان. سەدان تێکۆشەر و سەرکردەی حزبەکان و و بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان دەستگیر کران، بە لەسێدارەدان و سزای قورس حوکم دران. هەڵمەتی دەستگیرکردن دەیان ژن و کچی گەنجی گرتەوە سەرەڕای ئەوەی دژ بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە بوو، سزای قورسیان بەسەردا درا پاش ئەوەی لە ژێرزەمینەکانی لێکۆڵینەوەدا ئەشکەنجە دران. لە نێوانیاندا کرێکار، فەرمانبەر، ژنی ماڵ و خوێندکاریان تێدا بوو.

١٥ جسر الشهداء.

# ڕێکخراوەکانی ژنان بە شێوازی سەردەمیانە

گەشەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە کۆتایی چلەکاندا لە ئەنجامی هەڵکشانی بزووتنەوەی جەماوەریی لە پێش و لە کاتی و لە دوای ڕاپەڕینی وەتبە، پاڵنەرێکی چۆنایەتی بە بزووتنەوەی ژنان بەخشی، بۆچوون و بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانە دەبارەی بزووتنەوەی ژنان سەریان هەڵدا، پێویستی دەکرد لەلایەن ڕێکخراوی جیاوازی ژنانەوە سەرکردایەتی بکرێن، کە جیاواز بن لە ڕێکخراوەکانی پێشوویان لە رووی کارەکتەری جەماوەرییەوە، هەروەها لە رووی پێکهاتە و روانگە و ئامانج و چالاکییەکانیانەوە.

ئەو رەوتانە ئازایانە جەختیان لەسەر بەستنەوەی پرسی ژن و پرسە نیشتمانییەکان دەکردەوە. لەو سەردەمانەدا ڕێکخراوی ژنانە لە نێو حزبە نیشتمانییەکاندا دروست دەکران، وەک حزبی شیوعیی عیراق، حزبی نیشتمانیی دیموکراتی، حزبی ئیستقلال... ژمارەیەک ژن لە کاری نهێنیی ناو حزبەکاندا بەشدار بوون، بەهۆی ئەو دۆخە تازەیە و یاسا ڕێگرەکان لە کاری دیموکراسی و چالاکیی ئاشکرا.

لە پاییزی ١٩٥١ کۆمەڵێک ژنی دیموکراتخواز بڕیاریان دا کۆمەڵەیەکی ژنان دروست بکەن، ئامانجیان کۆکردنەوە و پێکەوەگرێدانی پرسە تایبەتەکانی ژنان و گشت پرسە نیشتمانییەکان بوو. داوایەکیان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ

کرد بەمەبەستی پێدانی مۆڵەت بە کۆمەڵەیەکی ژنان بەناوی (کۆمەڵەی ئازادکردنی ژنان)[16]. ئەو کۆمەڵەیە، سێ ئامانجی سەرەکی دەستنیشان کرد: تێکۆشان لەپێناو ئاشتی و رزگاریی نیشتمانی و تەواوکردنی سەروەریی نیشتمانی، داکۆکی لە مافەکانی ژنان، کارکردن بۆ پاراستنی منداڵ. لە ماوەی چاوەڕوانیی پێدانی مۆڵەت، ئەنجومەنە دامەزرێنەرەکە بە دەرفەتیان زانی و ئامانجەکانیان لە رۆژنامەدا بڵاو کردەوە بە مەبەستی گفتوگۆ، هەروەها چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەیان بەست بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی ژنان لە رووی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، تەندروستی و سیاسییەوە، نامیلکەیەکیشیان دەر کرد کە بابەتی لەسەر ئەو سێ ئامانجەی کۆمەڵەکە تێدا بوو. سەدان دەنگی ژن لە هەموو عیراق هاتنە پاڵ ئەو کۆمەڵەیە و داوایان دەکرد مۆڵەتی فەرمییان پێ بدرێت. بۆ نموونە؛ رۆژنامەکان یاداشتێکیان نووسی، واژۆی هەزار ژنی تەنیا لە یەک پارێزگادا لەسەر بوو، ئەو کۆمەڵەیە (کۆمەڵەی ئازادکردنی ژنان)، جەماوەرێکی فراوانی لە نێوان ژنان لە پارێزگای بەغدا، بەسرە، عەممار و پارێزگاکانی کوردستان پەیدا کرد، ئەنجومەنی دامەزرێنەر پشتیوانییەکی فراوانیان بەدەست هێنا بە شێوەیەکی ئاشکرا، تەنانەت پێش وەرگرتنی مۆڵەتیش. ئەم دۆخە، لای دەسەڵات پەسەند نەبوو، رەزامەندیی نەدا لەسەر مۆڵەتی کۆمەڵەکە، پشتبەست بە کلێشە سواوەکەی ئەوسا، ئەویش (لەبەر بەرژەوەندیی گشتی).

---

١٦ جمعية تحرير المرأة.

ئەم پرۆسەیە کاریگەریی نەبوو لەسەر پشتساردکردنەوە و خۆبەدەستەوەدانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر و جەماوەری ژنان. کار و چالاکییەکانیان لەناو ریزی حزبە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکاندا بەردەوام بوو. رۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەبوو لەناو بزووتنەوەی نیشتمانیی لە بزووتنەوەی ئاشتی (انصار السلام)، دوای دامەزراندنی لە عیراق لە سەرەتای پەنجاکان. ژنان بڕیاریان دا بەردەوام بن لە تێکۆشان لەپێناو دامەزراندنی رێکخراوێکی ژنان، هەتا ئەگەر بەشێوەیەکی نهێنییش بێت.

لەو قۆناغەدا، کۆمەڵە تەقلیدییەکانی ژنانی خاوەن ئامانجی خێرخوازی یان تایبەت، چالاکیی خۆیان دەکرد؛ لەو کۆمەڵانە: یەکێتیی ئافرەتانی عیراق، کۆمەڵەی نەهێشتنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵەی ماڵی میللی، ماڵی عەرەبی، لقی ژنانی مانگی سوور، پارێزگاری لە منداڵان، کۆمەڵەی ژنان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و چەند کۆمەڵە و یانەیەکی تر، هەروەها هەندێک کۆمەڵەی ئایینی. لە کوردستانیش، کۆمەڵەی ژنانی کورد[١٧] چالاکییەکانی بەردەوام بوو لە سلێمانی، سەرەکیترین ئامانجیان، نەهێشتنی نەخوێندەواری بوو لە نێو ژناندا. ئەو کۆمەڵەیە چەندین خولی سەرکەوتووی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کردەوە، تەنانەت هەندێک لە دەرچووانی ئەو خولانە توانییان درێژە بە خوێندن بدەن و قۆناغەکانی خوێندنیان تەواو کرد. دواتر یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دامەزرا و

---

١٧ جمعية المرأة الكردية.

لە نێو دامەزرێنەرەکانیدا، بەهیە مەعروف، ناهیدە سەلام، شەفیقە سەعید و هیی تریش هەبوون.

ئەوەی جێگەی باسە، یەکێتیی ئافرەتانی عیراقی بە سەرۆکایەتی خاتوو ئاسیا وەهبی، کە لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا، لە سەرەتای پەنجاکاندا چالاک بووەوە، یەکێک لە چالاکییەکانی، داواکاری مافە سیاسییەکانی ژنان بوو. لەژێر کاریگەریی کۆمەڵەی ئازادیی ژنان، یەکێتییەکە لە ساڵی ١٩٥١ یاداشتنامەیەکی بە واژۆی زیاتر لە ٥٠٠ ژن پێشکەشی پەرلەمان کرد. لە ساڵی ١٩٥٤یش، یەکێتییەکە داواکار بوو بۆ دەر کردنی یاسایەک بۆ پێویستیی پشکنینی ژن و مێرد پێش هاوسەرگیری کە بیسەلمێنن هیچ نەخۆشییەکی درمییان نییە، ئەوسا مۆڵەتی هاوسەرگیرییان پێ بدرێت. یەکێتییەکە، بەپێی فەرمانی سەعیدی (ئاماژەیە بۆ ناوی نوری سەعید)، لە ساڵی ١٩٥٤ هەڵوەشایەوە، جارێکی تر لە ساڵی ١٩٥٥ وەک کۆمەڵە، نەک یەکێتی، مۆڵەتی وەرگرتەوە، بەڵام چالاکییەکانی خۆی وەک یەکێتی ئەنجام دەدا لە چوارچێوەی توانا دیاریکراوەکانیدا، لە ساڵی ١٩٤٩شەوە گۆڤارێکیان هەبوو.

# کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان، (کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق)[١٨]

لە ٢٠ی ئازاری ١٩٥٢، لە کۆبوونەوەی فراوانی ژنانی پێشڕەو و پێشکەوتنخوازی عیراقیدا لە شاری بەغدا، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ژنانی جەماوەرییان ڕاگەیاند کە لە ریزەکانیدا کرێکار، جووتیار، ژنی ماڵ و ڕۆشنبیران بە جیاوازیی نەتەوە و ڕەوتی سیاسی و باوەڕی ئایینییانەوە کۆ دەکاتەوە. ئەویش (کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتانی عیراق) بوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا، بەیاننامەی دامەزراندن و پەیڕەوی ناوخۆ و ئەو ئامانجانەی کە دیاری کران، کە بەم شێوەیە بوو:

- تێکۆشان لەپێناو ئاشتی و رزگاریی نیشتمانی و دیموکراسیەت.
- تێکۆشان لەپێناو مافەکانی ژنان و یەکسانییان.
- تێکۆشان لەپێناو پاراستنی منداڵ و بەختەوەرییان.

دامەزراندنی کۆمەڵەکە، بازدانێکی چۆنایەتی بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ژنانی عیراقیدا، یەکەم ڕێکخراوی ژنانە بوو ئامانجەکانی رزگاریی نیشتمانیی لەگەڵ تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان و

١٨ رابطة المرأة العراقية.

بەختەوەریی منداڵان پێکەوە گرێ بدات. لەو روانگەیەوەی کە ناتوانرێت ژنان ئازاد بن ئەگەر کۆمەڵگە ئازاد نەبێت. رێکخراوەکانی تری پێش دامەزراندنی کۆمەڵەی ئافرەتان، ئامانجەکانیان تەنیا خێرخوازی بوو.

کۆمەڵە بەنهێنی دامەزرا لە هەلومەرجێکی ناهەموار و سەختدا لە چوارچێوەی پەرەسەندنی خەباتی گەلدا لە دژی هەوڵەکانی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستە دەسەڵاتدارەکان بۆ بەستنەوەی عیراق بە رەورەوەی پەیماننامە و هاوپەیمانییە سەربازییە شەڕانگێزەکانەوە، بە مەبەستی قووڵکردنەوە و جێگیرکردنی هەژموونی کۆلۆنیالیزم نەک تەنیا لەسەر عیراق، بەڵکوو بەسەر هەموو ناوچەکەشدا.

کۆمەڵە لەگەڵ ئەنجومەنی ئاشتیی عیراقی و هەموو هێزە ئاشتیخوازەکان بەشدار بوو لە کار و چالاکییە جیاوازەکانی کە لەو کاتەدا دەکران، وەک: سەردانی حزبەکان، ناردنی نامە بۆ کونسوڵخانە بیانییەکان، هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆ و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ئەو نامیلکانەی کە دژ بە هاوپەیمانییە سەربازییەکان بوون و بەستنەوەی عیراق بە پەیمانی عیراقی تورکی پاکستانی (هاوپەیمانیی بەغدا) و (پەیماننامەی بۆن - پاریس). ئەو چالاکییانە، هاوشانی هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە بوو سەبارەت بە مەترسییەکانی مەترسییەکانی هاوپەیمانییە سەربازییە شەڕانگێزەکان و مەترسی بۆمبی ئەتۆمی

و هایدرۆجینی و کۆکردنەوەی ژنان بۆ دژایەتیکردنی پەیمانی بەغدا. هەروەها کۆمەڵە لە راپەڕینی ١٩٥٢دا بەشدار بوو، هەرچەندە مانگێک بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕیبوو.

کۆمەڵە یەکەمین کۆنفرانسی لە ساڵی ١٩٥٤ بە شێوەیەکی نهێنی بەست و ٥٤ نوێنەری لە لقەکانی کۆمەڵە لە پارێزگاکان بەشدار بوون، کە نوێنەرایەتی هەزار ئەندامیان دەکرد.

کۆمەڵە لە سەرەتای کارەکانیدا نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە بۆ روونکردنەوەی بایەخی کاری رێکخراوەکە لە بزووتنەوەی ژناندا و خستنەڕووی تێڕوانینەکانی سەبارەت سیستم و شێوازی کارکردنی رێکخراوەیی لەناو ریزەکانیدا. گۆڤارێکی بەنهێنی بەناوی (حقوق المرأة) دەر کرد، کە وەک هۆکارێکی پەیوەندی بوو لە نێوان سەنتەری کۆمەڵە و لقەکانی لە پارێزگاکان، کە لە کوردستان و ناوەڕاست و باشوور دروست بووبوون.

# کارکردن لە نێو جەماوەری ژنان

لەگەڵ هەموو هەلومەرجە نالەبار و ئەستەمەکانی کاری نهێنی، بەڵام کۆمەڵە کاری لەسەر هۆشیارکردنەوە و ئامادەکردنی ژنان دەکرد لە هەر شوێنێک بوونایە، بە مەبەستی داواکردنی مافەکانیان و چاککردنی دۆخی بژێویان و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

کۆمەڵە، لە کارەکانیدا پشتی بە یەکتربینین و کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەندامەکانیان لە ماڵەکانیاندا دەبەست، بە مەبەستی روونکردنەوەی ئامانجەکیانیان و هۆشیارکردنەوەیان لە رووی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە و هاندانیان بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان و منداڵەکانیان. کۆمەڵە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئەرکی گۆڕینی فۆرم و شێوازی کاری فێمینیستی بۆ خۆی داناوە، جەختیان لەسەر پێویستیی پێکەوەگرێدانی پرسی ژن و پرسە نیشتمانییە گشتییەکان دەکردەوە، کاریان دەکرد لەسەر هۆشیارکردنەوەی ژنان و لەسەر هۆکارەکانی چەوساندنەوەیان. چەندین نامیلکەیان دەر کرد بۆ ئاگادارکردنەوەی ژنانی عیراقی بە دۆخی چالاکییەکانی ژنان لە هەموو جیهاندا، بە مەبەستی بەهێزکردنی رۆحی سۆڵیدارێتی لای ژنانی عیراقی، هەروەها بۆ بەرچاوڕوونی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کاری فێمینیستی و چالاکییەکانیان. هەر لە سەرەتاوە پێداگریی کردووە لەسەر پێویستی کارکردنی ئەندامەکانی بۆ هاندانی ژنانی عیراقی، بێ گوێدانە چینایەتی و پەیوەندییە نەتەوەیی و ئایینییەکان و ئاستی

هۆشیارییان، کار لەگەڵ جەماوەر بکەن بۆ داواکاریی ئازادییە دیموکراسییەکان و دەستوورییەکان و تێکۆشان بۆ دەرچوون لە پەیمانە کۆلۆنیالیزمییەکان و هاوپەیمانییە دوژمنکارییە سەربازییەکان، هەروەها بۆ ئازادیی رۆژنامەگەریی نیشتمانی، جێگەی سەرسوورمانیش نییە کە ئەندامەکانی بەردەوام رووبەڕووی گرتن و راوەدوونان دەبوونەوە، وەک چۆن بەدرێژایی مێژووی تێکۆشانی رووی دا.

ئەرکی سەرەکی ئەندامەکانی کۆمەڵە، هۆشیارکردنەوەی ژنان بوو بە بایەخی خوێندن و کاریگەریی لەسەر ئازادیی ژنان و دەرچوونیان لە چواردیوار ماڵ. سەرەڕای سەختیی کاری نهێنی و بارودۆخی تیرۆر و تۆقاندن لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیی کۆنەپەرستانەدا، بەڵام کۆمەڵە چەندین بازنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێوان ئەندامان و هەوادارانیدا دروست کردبوو. وانەکان دوو یان سێ رۆژ بوون لە هەفتەیەکدا. بۆ ئەوەی نەهێشتنی نەخوێندەواری پانتاییەکی فراوانتر بگرێتە خۆی، پشتیوانیی ئەو ژنانەی دەکرد و هانی دەدان کە داوا لە دەوڵەت بکەن بۆ پێدانی مۆڵەت بە بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری. ئەمەش لە کوردستان و بەتایبەتییش لە سلێمانی رووی دا، هەروەها لە هەندێک پارێزگای تریش. هەندێک لەو ژنانە بەردەوام بوون لە خوێندن و چوونە قۆناغەکانی تر و تا زانکۆش رۆیشتن. هەروەها کۆمەڵە کاری لەسەر کردنەوەی خوێندنگەی تازە دەکرد لەو شوێنانەی خوێندنگەیان نەبوو، یاخود هێندەی ژمارەی منداڵان نەبوو، هەروەها داوای زیادکردنی مامۆستایانیان کرد بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە خوێندنگەکاندا.

کۆمەڵە بایەخی بە هۆشیاریی تەندروستی دەدا و داوای دەکرد سەنتەری خزمەتگوزاریی تەندروستی کە بۆ دایکان و منداڵان بکرێتەوە، هەروەک دابینکردنی پسپۆڕی پزیشکی ژنان لە نەخۆشخانەکاندا، کردنەوەی نۆرینگە، نەخۆشخانەی منداڵبوون و منداڵان، کوتان دژی نەخۆشییە درمەکان و کردنەوەی باخچەی ساوایان.

هەروەها کۆمەڵە چەندین جۆری تر لە خزمەتگوزاریی پێشکەش بە ژنان کردووە، لەوانە: کردنەوەی خولی دوورمان، لە هەر شوێنێک بوار رەخسا بێت هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها هاندانی ژنان بۆ کارکردن لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵە بۆ باشکردنی بژێوی رۆژانەیان، لەگەڵ داواکارییە زۆر پێویستەکانی وەک: قیرتاوکردنی رێگەوبان، رێکخستنی ئاو و ئاوەڕۆ، کەمکردنەوەی کرێی خانوو و کارەبا و ئاو...

شێوازی کارکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بوو؛ لە کوردستان، کۆمەڵە توانیی رێکخستنی بەهێز بکات و جەخت لەسەر داواکارییە بنەڕەتییەکانی ژنان بکاتەوە، بایەخی بە پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب دەدا و بەشدار بوو لە خەباتی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی داوا رەواکانیان. ئەندامانی کۆمەڵە بەشدار بوون لە راپەڕینی جووتیاراندا؛ راپەڕینی جووتیارانی دزەیی لە ساڵی ١٩٥٣، هەروەها لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی تر ژنان بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدار بوون لە چالاکییەکاندا، بەتایبەتی لە راپەڕینی حەی و ئال ئەزیرج لە ناوەڕاست و باشوور.

## پێکەوەگرێدانی کاری نهێنی و کاری ئاشکرا

هەلومەرجی کاری نهێنی رێگر بوو لەوەی کۆمەڵە بگاتە هەموو جەماوەری ژنان، بۆیە بیریان لەوە کردەوە سوود لەو هەلومەرجە گشتی و توانایانە وەربگرن کە ئەو کۆمەڵە فێمینیستییانەی لەو کاتەدا لە گۆڕەپانەکەدا بە مۆڵەت لە کاردا بوون. شایانی باسە، یەکێتیی ئافرەتانی عیراق، بە سەرۆکایەتی ئاسیا وەهبی، لە چوار کۆمەڵەی خێرخوازی پێک هاتبوو، ئەوانیش: پارێزگاری لە منداڵان، مانگی سوور، ماڵی میللی، چاودێریی کۆمەڵایەتی کە بە سەرۆکایەتی خاتوو سارەی هاوسەری فازیل جەمالی بوو، ئەندام و چالاکوانەکان خێزانی وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بوون لەو کاتەدا. چالاکییە رۆژانەییەکانیان تەنیا لە بواری خزمەتگوزاریی مرۆییدا بوو.

کۆمەڵە کاریان کرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژنان لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا و پێگەی کۆمەڵایەتییان و گەیشتن بە توێژی جیاوازی ژنان. بەرنامەیەکی تایبەتیان دانا بۆ سوودوەرگرتن لە کارە ئاشکراکان و بەستنەوەیان بە کارە نهێنییەکانەوە لە هەر شوێنێک بگونجایە. کۆمەڵە، رێنوێنی ئەندامەکانی دەکرد بچنە ناو ئەو کۆمەڵانەوە کە مۆڵەتیان هەبوو، بە مەبەستی چالاککردنیان و هەڵسان بەو کار و چالاکییانەی خزمەت بە ژن و ئامانجەکانی کۆمەڵە دەکەن. بەو رێنوێنییە، هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵە، چوونە ناو یەکێتیی ئافرەتانی عیراقییەوە، بە رەنگدانەوەی ئەم کارە، یەکێتیی ئافرەتانی عیراقی چەندین چالاکیی جیاوازیان ئەنجام دا، بۆ نموونە؛ لە ساڵی ١٩٥٦ لە کاتی خۆماڵیکردنی نۆکەندی

سوێس، ئەندامانی کۆمەڵە ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە هاندانی یەکێتیی ئافرەتان بۆ تۆمەتبارکردن و دژایەتی هێرشی سێقۆڵی بە ڕاپەڕینی ١٩٥٦ لە عیراق ڕووبەڕووی بوونەوە.

بەرپرسانی یەکێتیی ئافرەتانی عیراق، بەناچاری پشتیوانیی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد کە شەقامەکانیان پڕ کردبوو لەو چالاکییانەی بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دەدران. بەڵام دەربارەی مافەکانی ژنـان، یەکێتی ئافرەتان چالاکیی هەفتانەی ڕێک خستبوو لەو پێناوەدا، ڕۆڵێکی باشی لەو چالاکییانەدا دەبینی، سیمیناری ڕۆشنبیریی ڕێـک دەخـسـت، داوای یەکسانیی نێوان هـەردوو ڕەگـەزی دەکـرد. هـەروەهـا داواکـاریـی مافە سیاسییەکان بۆ ژنان، نەک تەنیا مافی دەنگدان، بەڵکوو مافی خۆپاڵاوتنیش. ئەو سیمینارانە ئامادەبووانێکی زۆری بەخۆوە دەبینی لە بارەگاکانی یەکێتیدا، ئەمەش لێپرسراوانی یەکێتی سەرسام و دڵخۆش کردبوو بە هاتنی خوێندکارە کچە کراوە و ڕۆشنبیرەکانی زانکۆکان، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کاراکردنی کۆبوونەوەکاندا بەشدارییان دەکرد.

هەوڵەکانی کۆمەڵە تەنیا لە بەستنەوەی کاری نهێنی و ئاشکرا لەناو کۆمەڵەکاندا نەوەستایەوە، بەڵکوو هەوڵیان دەدا سوود لەو شوێنانەی وەربگرن کە ژنان لە بۆنە تایبەتییەکاندا لەماڵەکاندا کۆدەبنەوە، وەک سوودوەرگرتن لە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری ژنان لە ئاهەنگی ژنهێنان، لەدایکبوون، چای عەباس و کۆڕە ئایینییەکان... بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی ژنان دەربارەی مافەکانیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە خێزانییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونیان، بەو شێوەیە کۆمەڵە کاری نهێنی و ئاشکرای بەیەکەوە گرێ دابوو.

# بزووتنەوەی ژنان و شۆڕشی ١٤ی تەمووز

کۆمەڵە ئافرەتانی عیراق (کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان) و جەماوەری ژنان، پێشوازی لە لەدایکبوونی یەکەم حوکمی کۆماری لە عیراق دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کرد، ئەو پێشوازییەی بە خۆپیشاندانی ئاشکرا و فراوان، پشتیوانیی رەها و ئامادەیی تەواو بۆ پارێزگاری لە سیستمی کۆماری کرد، کە دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ گەلی عیراق بەگشتی و ژنانی عیراق بەتایبەتی. کۆمەڵە بەشدارییەکی کاریگەرانەی لە پشتیوانیی دەسەڵاتی نیشتمانیدا کرد، لە لیژنەکانی پاراستنی کۆماردا رۆڵێکی کارای هەبوو، هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی ژنانی دەست پێ کرد دەربارەی پیلانەکانی کۆنەپەرستان دژی حوکمی کۆماری. هەروەها بەشداربوون لە لیژنەکانی بەرگری میللی و مەشقکردن لەسەر هەڵگرتنی چەک بۆ پارێزگاری لە سیستمی کۆماری.

گەورەترین و گرنگترین دەستکەوتی ژنانی عیراق دوای دامەزراندنی سیستمی کۆماری، مۆڵەتی کۆمەڵە بوو لە رێگەپێدانی بە کاری ئاشکرا لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨، دوای حەوت ساڵ لە کاری نهێنی و تێکۆشان و قوربانییەکی زۆر، مۆڵەتی کۆمەڵە هەنگاوێکی مێژوویی بوو لە بزووتنەوەی ژنان و هاندەر بوو بۆ ئەوەی پشتیوانییەکی بەرچاو لە ژنانی پارێزگاکان بەدەست بهێنێت و داوای

مۆڵەتی کردنەوەی لقەکان بکەن، ئەمەشیان بەدەست هێنا.

بۆ ئەوەی ژنانی عیراق مافی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بەرپرسی رێکخراوە جەماوەرییەکانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتانی هەبێت، لیژنەیەکی ئامادەکاریی لە ٤٠ ئەندام پێک هێنا بۆ خۆئامادەکردن بۆ یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵە. ئەو لیژنەیە کارەکانی خۆی دەست پێ کرد (لەگەڵ ئەوەی مۆڵەتی هەبوو)، بەڵام کارەکانی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا رووبەڕووی کەسانی کۆنەپەرست دەبووەوە و کێشەیان بۆ دروست دەکرد، بە مەبەستی لەقاڵبدانی چالاکییەکانیان، بەڵام کۆمەڵە بەجدیی کاری دەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوە و زاڵبوون بەسەر هەموو هەوڵەکاندا، لیژنەی ئامادەکاری دەستیان کرد بە ئامادەکاری بۆ یەکەم کۆنگرە، یەکەم دەستپێک، سەرژمێریی ئەندامەکانیان دەکرد و باجی ئەندامێتییان دابەش کرد، دواتر ئەندامانی لیژنە جیاوازەکانیان دەستنیشان کرد. ئەندامانی کۆمەڵە بۆ یەکەم جار مافە دیموکراتییەکانی خۆیان پەیڕەو کرد بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکانی رێکخراوەکە دوای ئەوەی ماوەی حەوت ساڵ لەو مافە بێبەش کرابوون. هەڵبژاردن لە هەموو پارێزگاکان بە چاودێری تیمێکی چاودێری لە بەغداوە، نوێنەرەکانی خۆیان کاندید کرد. لیژنەکانی ئامادەکاری، ئەرکیان ئامادەکردنی راپۆرتەکان بوو بۆ کۆنگرە، ئەو لیژنانە: لیژنەی گۆڕانکاری لە پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەکان، لیژنەی کێشەکانی ژنان، لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، لیژنەی چاودێریی دایکایەتی و

منداڵ، لیژنەی ئاشتی و پارێزگاری لە سیستمی کۆماری، لیژنەیەکی تریشیان پێک هێنا بۆ یەکخستنی راپۆرتی پارێزگاکان.

لە ٨ی ئـازاری ١٩٥٩ کۆنگرە دەستی پێ کـرد، ئەو بۆنەیە وەک فێستیڤاڵێکی گـەورە بەشداریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ٢٤٤ نوێنەری بەغدا و پارێزگاکان و ٦٢ ژن بە شێوەی چاودێر و نوێنەری وڵاتانی عەرەبی و دۆستەکان و نوێنەری یەکێتی ژنانی دیموکراتخوازی جیهانی بەشدار بوون. کۆنگرە بەسەرکەوتوویی لە ٨ – ١٢ی ئـازاری خایاند. چەندین بڕیاری گرنگی تێدا درا و ئەنجومەنی سەرکردایەتییان هەڵبژارد. لەو کەسایەتییانەی هەڵبژێردران، دکتۆر نەزیهە دلێمی، سافرە جەمیل حافز، موبەجەل بـابـان، خانم زوهـدی، بووشـرا پـرتـەو، ماری قەرەوی (دایکی ویژدان)، عەفیفە رەئوف، سالمە فەخری، دکتۆر رۆز خەدوری، دکتۆر عەفیفە بوستانی.

ئەندامەکان لە یەکەم کۆنگرەدا، ٢٥ هەزار ئەندام بوون، دوای تەواوبوونی کۆنگرە، چەندین لیژنەیان پێک هێنا کە سەر بە سکرتاریەت بوون و تایبەت بوون بە کاری بەشە جیاوازەکان، وەک: لیژنەی رۆشنبیریی نیشتمانی، لیژنەی ریکلام و بڵاوکردنەوە، لیژنەی دەر کردنی گۆڤاری (المرأة)، لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، لیژنەی رێکخستن، لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لیژنەی چارەسـەری کێشەکانی ژنان و لیژنەی پارێزگاریی منداڵان.

# دەستکەوتەکانی کۆمەڵە
# پاش کۆنگرەی یەکەم:

- **نەهێشتنی نەخوێندەواری:** دوای کۆنگرەی یەکەم، هەڵمەتێکی بەرفراوانیان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سەرتاسەری عیراقدا بەرپا کرد. بۆ ئەمە مەبەستە، زۆربەی کادیرە خوێندەوارەکانی خستە ئەو هەڵمەتەوە و لە زۆربەی شارەکاندا خوێندنگەیان کردەوە. لیژنەی باڵای نەهێشتنی نەخوێندەواری، پلانێکی بەرفراوانی دارِشت و راستەوخۆ دوای ئاهەنگەکانی ١٤ی تەمووز دەستی پێ کرد و سێ مانگی خایاند.
- **هۆشیاریی نیشتمانی:** لیژنەی تایبەت بەم بوارە، پلانی کارکردنی دانا بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی نیشتمانی لە نێو کادیرەکاندا، هەروەها دەر کردنی نامیلکە و بڵاوکراوەی جۆراوجۆری دەربارەی پرسە نیشتمانییەکان خستە ئەستۆی خۆیان.
- **چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان:** لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان یارمەتی ژنانی عیراقی هەڵسان بە چارەسەرکردنی کێشەکانیان. لە هەفتەیەکدا دوو رۆژ کۆ دەبوونەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر کێشەکان و بەشداریکردن لە چارەسەرکردنیان. لیژنەی هاوشێوە لە هەموو لقەکانی کۆمەڵەدا کرایەوە، ئەو لیژنانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لە نێوان کۆمەڵە و جەماوەری ژناندا دروست کرد. ئەو

لیژنانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەیوەندییان بە لایەنی بەرپرس و پارێزەر و یاساناسانەوە دەکرد، یاخود سەردانی ماڵەکانیان دەکرد و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکردن. ئەم لیژنەیە، رەشنووسی یاسای باری کەسێتییان تاووتوێ کرد و چەندین پێشنیار و بۆچوونیان لەوبارەیەوە دەیانگەیاندە بەرپرسانی بەو بوارە.

- **چاودێریی منداڵان:** بە بڕیاری کۆنگرە، لیژنەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە پێک هێنا. ئەم لیژنەیە، رۆڵێکی کاریگەری هەبوو بۆ خۆئامادەکردن بۆ رۆژی جیهانیی منداڵان لە ١ی حوزەیران. ئەم لیژنەیە هاوکار بوو بۆ دانانی یاسای چاودێریی منداڵان. هەروەها راهێنانی بە ٢٥ کادیری کۆمەڵە لە بەغدا خستە ئەستۆی خۆی وەک کادیری تەندروستی. لە هەموو لقەکانی تریش لیژنەی هاوشێوەی پێک هێنرا بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە لە سەرتاسەری وڵات.

- **پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان لە دەرەوە:** لیژنەیەک بۆ رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنانی عەرەبی و دۆستەکان و لەگەڵ یەکێتیی ژنانی دیموکراتخوازی جیهانی پێک هات، بە مەبەستی لێکتێگەیشتن و هاوکاری و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و شارەزایی و ئاڵوگۆڕکردنی شاند و پتەوکردنی پەیوەندی و گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنانی عیراقی.

- **یەکخستنی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان:** یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی کۆمەڵە، یەکگرتنەوە و یەکخستنی

بزووتنەوەی ژنان بوو لە کوردستان. لە کوردستان ڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان هەبوو، هەمان ئامانجی کۆمەڵەی هەبوو. گفتوگۆ لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا هەبوو، بە دەر کردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش بۆ یەکگرتنەوە کۆتایی هات، هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە کۆمەڵەدا بۆ کاروباری ژنانی کوردستان.

کۆمەڵە، کۆنگرەی دووەمی لە ساڵی ١٩٦٠ بەست و ٤٣٣ نوێنەر بەشدار بوون، کە نوێنەری ٤٢ هەزار ئەندام بوون. لەو کۆنگرەیەدا بڕیاریان دا ناوی ڕێکخراوەکە بکەن بە (کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق). دوای چەند مانگێک لە کۆنگرە، لیژنەی سەرپەرشتیار کۆبوونەوەی خۆی کرد، بە مەبەستی پێشخستنی کاروبارەکان و بەگەڕخستنەوەی چالاکییەکان لەپێناو خزمەت بە ژنانی عیراق، هەروەها ئەم بڕیارانەیان دەر کرد:

**یەکەم:**

١. ئیدانەکردنی ئەشکەنجەدانی تێکۆشەری جەزائیری (جەمیلە بو پاشا) و داواکاریی ئازادکردنی سەرجەم گیراوە سیاسییەکانی جەزائیر.

٢. جەختکردنەوە لەسەر پشتوانیی خەباتی گەلانی عەرەب، بەتایبەتییش گەلانی جەزائیر، عومان و فەلەستین و هەموو گەلانی خەباتگێڕ دژ بە داگیرکەران لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییان.

٣. جەختکردنەوە لە پشتیوانیی خەباتی گەلان لەپێناو ئاشتی و دژایەتیکردنی بنکە و پەیمانە سەربازییەکان،

هەروەها پشتیوانیی ئەو هەنگاوە تازەیە کە لەپێناو ڕامالینی چەکدا گرتوویانەتەبەر.

**دووەم: ڕێکخستن**

١. جێبەجێکردنی پلانی نوێی ڕێکخستن کە پشت بە فراوانکردنی لیژنە تایبەتمەندەکان دەبەستێت بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵە لەخۆ بگرێت، هەریەکەیان بەپێی لێهاتوویی و پسپۆڕی و ئارەزووی خۆیان. هەروەها پێگەیاندنی کادیری لێهاتوو بۆ سەرکردایەتیکردنی و تەرخانکردنیان بۆ کارکردن تێیدا و جێگیرکردنی پەیوەندیی تایبەتمەند لە لیژنە ناوچەیی و ناوخۆییەکاندا.

٢. بایەخدانێکی زیاتر بە زیادکردنی ئەندام و جەختکردنەوە لەسەر بەردەوامیی پەیوەندی بە ئەندامە کۆنەکانەوە.

٣. بایەخدان بە زیادکردنی پەیوەندی لەگەڵ ناوچە دوورەکان و تازەکردنەوەی ڕێکخستن تێیاندا.

٤. بایەخدان بە نەهێشتنی نەخوێندەواری، چونکە نەخوێندەواری نەخۆشییەکی کوشندەیە گەلی عیراقە لە دەرەنجامی هەلومەرجی کۆلۆنیالیزمی لەناوچوو تووشی بووە. جەختکردنەوە لەسەر کردنەوەی خوێندنگە لەو پارێزگایانەی کە داخرابوون، یاخود درابوونە بەڕێوەبەرایەتییەکانی مەعارف (پەروەردە)، بەجدیی سەرپەرشتی بکرێن لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە، ئەویش بەم شێوەیە:

- سەردانی خوێندنگەکان لە پارێزگاکان لە کاتی پێویستدا.
- کۆبوونەوەی بەرپرسانی نەهێشتنی نەخوێندەواریی هەموو پارێزگاکان لە شاری بەغدا هەموو سێ مانگ جارێک.

٥. گەشەپێدانی پرۆژەی کار لە هەموو پارێزگاکان و فراوانکردنیان و کردنەوەی پرۆژە لەو پارێزگایانەی لێی نەکراوەتەوە. جەختکردنەوە لەسەر بەهێزکردنی لیژنەی پرۆژەی کار و بەهێزکردنی بە دانانی کادیری لێهاتوو بۆ کارەکان. هەروەها دامەزراندنی فێرکاری ژن بۆ کاری دروومان بە کرێ.

٦. بایەخدان بە کێشەی رۆژانەی جەماوەری ژن و لێکۆڵینەوە دەربارەیان و هاوکاریکردنیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بە مەرجێک لە بەرژەوەندیی پرسی ژن و خێزاندا بێت.

٧. لیژنەیەکی سەرەکی جەختی لەسەر بایەخدان بە کێشەی تەندروستیی ژنان و منداڵ دەکردەوە و کارکردن لەسەر پەیداکردنی چاودێریی پێویست چ لە رێگەی داواکاری بێت لە بەرپرسان، یاخود کردنەوەی بنکەی تەندروستیی تایبەت بە کۆمەڵە و نۆرینگەی دەرەوە لە بارەگای کۆمەڵەدا ئەگەر شوێنی گونجاو نەبوو.

٨. بڵاوکردنەوە؛ چالاککردنی ریکلام و بڵاوکراوەکان لە لقەکانی کۆمەڵەدا، بەهێزکردنی لیژنەی ریکلام و بڵاوکردنەوە بە ناردنی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیان

و بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی گۆڤار لەسەر ئاستێکی فراوانتر.

**سێیەم: دارایی**

بایەخدان بە دارایی گرنگە، چونکە شادەماری ڕێکخراوە و لایەنێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی کارەکان و دەستکەوتەکان، بۆیە جەخت لەسەر ئەم لایەنانە کرایەوە:

- ڕێکخستنی ئابوونەی مانگانە.
- هەوڵەکان و داهێنان زیاتر بکرێن بۆ گەشەی دارایی ڕێکخراو.

**چوارەم:**

کۆنگرە ناوخۆییەکان؛ بایەخدان بە بەستنی کۆنگرە لە هەموو ناوچەکان و لقەکانی پارێزگاکان و هەموو لیژنەکان بە هەموو جۆرەکانەوە، وتووێژ لەسەر بڕیارەکانی لیژنەی سەرەکی و ڕێکخستن و جێبەجێکردنیان.

**پێنجەم:**

لیژنەی سەرەکی جەختی کردووەتەوە لەسەر پرەنسیپی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نیشتمانییەکان و کۆمەڵەکانی خاوەن ئامانجی هاوشێوە و هاوبەش و کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ خزمەتی دایکان و منداڵان لەپێناو بەرژەوەندی گەلی عیراق و سیستمی کۆماریی عیراق.

کۆمەڵە، توانی بەسەرکەوتوویی ژنانی نەتەوەی جیاواز و حزبی جیاواز و پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاواز بگرێتە خۆی، توانی کەسی لێهاتوو لە رووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە

بگەیەنێتە ئاستی لێپرسراوێتی، زۆر چالاکانە کارەکانیان ئەنجام دەدا و بەلێهاتوویی بەرنامە و بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەیان جێبەجێ دەکرد.

لێکۆڵینەوە و دیراسەی واقیعی ژنی عیراقی لە رووی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە ئەنجام دا و دەستپێشخەری کرد لە پێشکەشکردنی یاسای باری کەسێتی کە لە دواییدا بوو بە یاسای ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی باری کەسێتی، بوو بە یەکەم یاسای پێشکەوتوو نەک تەنیا لە عیراق، بەڵکوو لە ناوچەکە هەمووی و هەنگاوێکی بوێرانە بوو لە پێشکەوتنی دۆخی ژنان.

هەروەها دەستپێشخەری کرد لە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەموو ناوچەکانی عیراق و ٧٤ خوێندنگەی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کردەوە و (٧٨٢٩) گەورەساڵ تێیاندا دەیانخوێند، ئەو مامۆستا خۆبەخشانەی لەو شوێنانەدا وانەیان دەوتەوە، ژمارەیان گەیشتە ٦٢٥ خۆبەخش. بەشێک لەو خوێندنگەیانە بواریان رەخساند بۆ بەردەوامبوون و تەواوکردنی خوێندنی باڵا، یاخود فێرخواز توانای کار و دامەزراندنی هەبێت.

لە بواری ئامادەکردن بۆ کار و پێگەیاندن، کۆمەڵە چەندین پرۆژەی دوورمان و کاری تری کردەوە، پرۆژەکان گەیشتنە (١١١) پرۆژە و تیایاندا ژمارەیەکی زۆر لە خانمە راهێنراوەکان دەرچوون بۆ کارکردن، هەروەها چەندین پێشانگە و بازاڕی خێرخوازییان بۆ کرایەوە.

لایەنی تەندروستی جێی بایەخی کۆمەڵەی ئافرەتان بوو، بنکەیەکی تەندروستی لە ناوچەیەکی هەژارنشینی بەغدا کردەوە و ئەو نەخۆشانەی سەردانی ئەو بنکەیەیان دەکرد، رۆژانە دەگەیشتە (١٠٠) نەخۆش، ئەمە جگە لە چەندین بنکەی تەندروستی لە پارێزگاکانی تر، بەشێک لە خۆبەخشەکان بەشدار بوون لە کلینیکی گەڕۆکدا کە بە ئۆتۆمبێل سەردانی ماڵانیان دەکرد، هەروەها هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشییە درمەکان و خەتەنەی کوڕانی دەکرد.

هەروەها چەندین کۆڕ و سیمیناری تەندروستی و رۆشنبیریی جیاوازیان دەبەست، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی تواناکانی ژنان، هەروەک سوودیان لە بەرنامەکانی رادیۆ وەردەگرت بە زمانی عەرەبی و کوردی بۆ هۆشیارکردنەوە. کۆمەڵە، گۆڤاری (المرأة)ی بە زمانی عەرەبی و کوردی بە شێوەی مانگانە دەردەکرد، کە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا.

هاوشان لەگەڵ لیژنە بەردەوامەکان، کۆمەڵە لیژنەی کاتیی دروست دەکرد بۆ ئامادەکردنی چالاکیی جیاواز، وەک: ئامادەکاری بۆ ئاهەنگی ٨ی ئازار و ١ی حوزەیران و چەندین بۆنە و یادی تر.

بەهۆی رۆڵی کاریگەرانەیان لەو گۆڕانکارییە ئەرێنییانەی لە عیراقدا روویاندا، ژنان پێگەیەکی تایبەتیان بەدەست هێنا، بەڕاستی شایەنی سەرکردایەتی خۆیان بوون لە حکومەتی

شۆڕشدا. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٩، سەرۆکی کۆمەڵە، دکتۆر نەزیهە دلێمیبوو بە وەزیر لە عیراق، تەنانەت بوو بە یەکەم وەزیری ژن لە هەموو ناوچەکەدا.

کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٦١ لە دۆخێکی ناهەمواردا بەڕێوەچوو، چونکە نیشانەکانی پاشەکشێ و لادان لە دەوڵەتدا وردە وردە دەر کەوتن و کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە. لە ساڵەکانی یەکەم و دووەمی شۆڕشدا کارەکانی کۆمەڵە بەباشی بەڕێوە دەچوون، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی هێزە کۆنەپەرستەکان لەبەردەم چالاکییەکاندا دروستیان دەکرد. ئەو هێزانە خۆیان خزاندبووە ناو دەسەڵاتەوە و لە چەندین ناوەندی بڕیاردا شوێنی گرنگیان بەدەست هێنابوو. لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی پاشەکشە و لادان، ئەو کەسانە کەشێکی گونجاویان دەست کەوت بۆ جموجووڵ و کەوتنە لێدانی دەستکەوتەکانی شۆڕش، کەوتنە لێدان و دژایەتی کەسانی ئازادیخواز و تێکۆشەر لەپێناو یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە مافەکانیاندا. هێزە کۆنەپەرستەکان چاویان لەسەر لێدانی دەستکەوتەکانی ژنان و کۆتاییهێنان بە رۆڵی کۆمەڵە بوو وەک تیمێکی تێکۆشەر لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و یەکسانییان، بارەگاکانی کۆمەڵە تووشی کردەوەی دوژمنکارانە بوونەوە و بووە هۆی داخستنی بەشێکیان. لەو ماوەیەدا، ڕێکخراوێکی ژنان بەناوی (ڕێکخراوی ئافرەتانی کۆماری) دامەزرا، کۆمەڵە لەو روانگەیەوە کە باوەڕی بە فرەیی هەبوو، دژی ئەوە نەبوو. ئەو ڕێکخراوە نوێنەرایەتی

ناسیۆنالیستەکان و بەعسییەکانی دەکرد، کۆمەڵە چەندین جار هەوڵی دا ئەم ڕێکخراوە رابکێشێت بۆ هاوکاری و هەماهەنگی، بەڵام بەهۆی دژایەتییان بۆ رەوتی چەپ، رەتیان دەکردەوە. دواتر بوو بە ئامرازێک بۆ خزمەتی کودەتاچییەکانی شوبات.

دەسەڵاتی ئیمپریالییەکان و کۆنەپەرستەکان، هەرچی لە دەستیان دەهات بۆ لادانی حکومەتی شۆڕش دەیانکرد و هەوڵیان دەدا دەرچەیەک، کەلێنێک بدۆزنەوە بۆ هێرشکردنە سەری. ئەوەی ئەوان دەیانویست روویدا و لە کودەتای ٨ی شوباتی خوێناویدا، فاشییەکان ئەوەی مابوو لە ئازادی و دیموکراسی، تێکیان دا. دوای کودەتا، ئەو بارەگایانەی مابوون، داخران و حەرەس قەومی وەک ئەهریمەنە دڕندەکان کەوتنە پەلامار و پێشێلکردنی هەموو پیرۆزییەکان و نەهیلێکراوەکان، کەوتنە توندوتیژی، لاقەکردن، گرتن، کوشتن لەژێر ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان، لەم تاوانانەدا ژن و پیاو وەک یەک سەیر دەکران. کۆشکی نهایە[١٩] و ناوەندەکانی حەرەس قەومی، یانەکانی وەرزشی، یاریگەکان شایەتن لەسەر ئەو مێژووە قێزەونە پڕ لە شەرمەزاری و تاوانەیان.

ئەو هەڵمەتی لەناوبردن و تۆقاندنەی بەسەر هێزە دیموکراتخوازەکاندا سەپێنرابوو، چۆکی بە کۆمەڵە دا نەدا و بەردەوام بوون لە کار و چالاکییەکانیان، چ لە دوای هەرەسی شۆڕشی تەمووز، یاخود لەژێر دەسەڵاتی رژێمی

---

١٩ قصر النهاية.

فاشیی پاش کودەتا و ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرستانەی لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣وە هاتن. بارەگاکانی کۆمەڵە داخران، سەدان کادیر و ئەندامیان دەستبەسەر کران و تووشی زیندان و ئەشکەنجە و راوەدوونـان بوونەوە، چەندین شەهید دران و زۆرێکیان لەسەر کارەکانیان لادران، بەناچاری کۆمەڵە جارێکی تر گەڕایەوە بۆ خەباتی نهێنی.

# گەڕانەوە بۆ کار و چالاکی

لە ساڵی ١٩٦٤ ئەندامانی کۆمەڵە دەستپێشخەرییان کرد بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخستنەکان، کە ڕووبەڕووی زەبرێکی توند بووبوونەوە و هیچ ژنێکی دیموکراتخوازی لێ بەدوور نەبوو. لە ساڵی ١٩٦٥یش چالاکییەکانیان بەشێوەی کۆمەڵ دەست پێ کردەوە، کە لە سەرەتادا ئەرکیان بریتی بوو لە یارمەتیدانی خێزانی زیندانیانی سیاسی و پەیوەندیکردنەوە بە ئەندامە دابڕاوەکانی کۆمەڵەوە، لەم کارەشدا لەلایەن بزووتنەوەیەکی هاودەنگیی نێودەوڵەتیی فراوانەوە پشتیوانیی لێ کرا، کە لە دوای کودەتای شوباتی ڕەشەوە چالاکانەتر هاوکار و پشتیوانی گەلی عیراق بوون.

کۆمەڵە، لە ساڵەکانی ١٩٦٦، ١٩٦٧، ١٩٦٨ توانی شێوازی گونجاو بۆ ڕێکخستنەکانی ئەو سەردەمە ڕێک بخات؛ ئەندامانی کۆمەڵە، نوێنەرەکانی خۆیان لەسەر ئاستی گەڕەک و کۆڵان هەڵبژارد و لیژنەش لەسەر ئاستی پارێزگاگان و پەیوەندیدار بە سەنتەرەوە. دروشمی ئەو قۆناغەیان (دیموکراسیەت بۆ گەل و تێکۆشانی زیاتر لەپێناو مافەکانی ژنان و یەکسانییان) بوو. لە ساڵی ١٩٦٦، ژنانی کۆمەڵە سەرپەرشتی خۆپیشاندانێکی ژنیان لە شاری بەغدا کرد، داواکار بوون بە ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٧، هەڵمەتێکی فراوانیان

ئەنجام دا دژی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر گەلی فەلەستین بە کردنەوەی چەند خولێکی فریاگوزاریی سەرەتایی و بانگهێشتنی ژنان بۆ خۆبەخشی لەو بوارەدا، هەروەها بە گێڕانی چەندین سیمینار، کۆکردنەوەی هاوکاری، نووسینی بابەت لە رۆژنامەکان و رێکخستنی خۆپیشاندانی هێمنانەی بێدەنگ. ئەم چالاکییانە بە هاوکاریی یەکێتیی ژنانی فەلەستین و لقی مانگی سووری فەلەستینی ئەنجام دەدران. لەسەر ئاستی ناوخۆش، کۆمەڵە لە ٦ و ٧ی ئابی ساڵی ١٩٦٧ دوو یاداشتی واژۆکراوی لەلایەن ٧٧ ئەندامی کۆمەڵەوە پێشکەش کرد، کە دەربارەی دۆخی ژیانی ژنان بوو، تێیاندا داواکار بوو بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەو کچە گەنجانەی بێکارن و کردنەوەی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ژنان.

# کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە هەلومەرجی گەڕانەوەی بەعس بۆ دەسەڵات

دوای ئەوەی بەعس جارێکی تر لە تەمووزی ١٩٦٨ گەڕایەوە بۆ دەسەڵات، هەلومەرجێکی نوێ هاتە ئاراوە و هەندێک توانای کارکردن بە شێوەی نیمچەئاشکرا فەراهەم بوو. لە کۆتاییەکانی ئەو ساڵەدا، کۆمەڵە کۆنفرانسێکی فراوانی بۆ باسکردن لە بارودۆخیان بەست، هەروەها بۆ دارشتنی شێوازی کارکردن و پێشخستنی و بۆ تاووتوێکردنی دۆخی ژنانی عیراقی لە هەلومەرجی سیاسیی تازەدا.

کۆمەڵە، کار و چالاکی ئاشکرای ئەنجام دەدا، خەڵکێکی زۆر لە دەوریان کۆبوونەوە، سەرەڕای ئەو هەموو ساڵانەی ترس و تۆقاندن کە بووە هۆی لەدەستدانی کۆمەڵێک لە کادیر و ئەندامەکانی لە دوای کودەتا رەشەکەی ١٩٦٣. ئەم هەڵسانەوەیە بووە هۆکارێک بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی مۆڵەتپێدانی لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ بە شێوەیەکی فەرمی، بەڵام دەسەڵات داواکارییەکەی رەت کردەوە.

ئەم رەتکردنەوەیە نەبووە رێگر لەبەردەم بەردەوامیی کار و چالاکییەکانیان و پێشخستنی رێکخستنەکانیان. لەو ماوەیەدا یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق[٢٠] دروست بوو، دەسەڵات لە رێگەی ئەوانەوە فشاری

٢٠ الاتحاد العام لنساء العراق.

زۆریان خستە سەر کۆمەڵە. لە پێش قۆناغی پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز، کۆمەڵە پێشنیاری کرد لیژنەی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا پێک بهێنرێت لەپێناو ڕێکخستنی چالاکییە هاوبەشەکان، کە ئاسانکارە بۆ یەکێتیی بزووتنەوەی ژنان. کەوتنە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی مۆڵەتپێدراو و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، کە کۆمەڵە پێشینەی هەبوو لە هەماهەنگی لەگەڵیان. بەرهەمی ئەو ڕێککەوتنە، ئەنجامدانی چالاکیی هاوبەش بوو بۆ خۆئامادەکردن و بەشداریکردن لە کۆنگرەی ژنانی ئاسیا و ئەفریقا لە (ئولانباتۆر لە مەنگۆلیا) لە ساڵی ١٩٧٢ و ناردنی شاندی هاوبەش بۆ ئەو کۆنگرەیە.

چالاکییە جۆراوجۆرە سەرکەوتووە بەرنامەبۆداڕێژراوەکانی کۆمەڵە، کۆمەڵەی زۆر دیار خست لەگەڵ ئەوەی لە رووی یاساییەوە مۆڵەتپێدراو نەبوو، ئەمەش بووە هۆکار بۆ پێشکەوتنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەموو پارێزگاکان، تەنانەت گەیشتە گوندەکانیش لە ناوەڕاست و باشووری عیراق.

لقی کۆمەڵە لە کوردستان، لە ساڵەکانی ١٩٧٢ و ١٩٧٥ دوو کۆنگرەی ناوخۆیی بەست، کارەکانیان بۆ گەنگەشەی دۆخی ژنان لە کوردستان بوو. چەندین کۆنفرانسی ناوخۆییشی بۆ لقەکانی کۆمەڵە لە ساڵەکانی ١٩٧٣، ١٩٧٤ و ١٩٧٥ لە باشوور و ناوەڕاست بەست، ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە پێنج هەزار ئەندام.

هەوڵەکانی کۆمەڵە بۆ کارکردن بە شێوەیەکی ئاشکرا و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی فەرمی (یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق) و یەکخستنی بزووتنەوەی ژنان، قبوڵ نەکران و ڕەتکرانەوە. دەسەڵات یاسایەکی بۆ کاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکان داڕشت، بە مەبەستی قۆرخکردنی کارە جەماوەرییەکان و سەپاندنی دەسەڵات بەسەریاندا، هەروەها بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی دەسەڵات تاکە ڕێکخراو بن مۆڵەت وەربگرن. چەند مادەیەکی ئەو یاسا سەپێنراوە، دەسەڵاتی دابوو بە دەسەڵات هەر کەسێک لە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوانە کاری ڕێکخراوەیی بکات؛ سزاکەی زیندانیی هەتاییە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ بەرپاکردنی هەڵمەتێکی فشار و تۆقاندن بۆ سەر جەماوەری کۆمەڵە.

لەساڵی ١٩٧٤ کۆمەڵە بڕیاری دا کۆنگرەی چوارەمی خۆی ببەستێت، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی ئامادەکاری پێکهێنا و لەسەر ئاستی عیراق ئامادەکاریی ئەنجام دا. ئەو ئامادەکارییەش بۆ خۆئامادەکردن بوو بۆ ساڵی جیهانیی ژنان، بەڵام بەهۆی ئەو فشار و پەلامارانەی دامودەزگاکانی دەسەڵات دژی بوونی کۆمەڵە و ڕێکخراوە جەماوەرییە دیموکراتییەکانی دیکە ئەنجامیان دا بەپێی یاسای ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دەسەڵات، کۆمەڵە ناچار بوو بەستنی کۆنگرە دوابخات بێ ئەوەی کاتێکی بۆ دیاری بکات.

دەستپێشخەریی کۆمەڵە بۆ پێشوازی لە ساڵی جیهانیی ژنان لە ١٩٧٥ و ئامادەکاریی پێشوەختە بۆی، کاریگەریی زۆری هەبوو لە داڕشتنی بەرنامەی چالاکییە هەمەچەشنەکان و کاریشیان کرد بۆ بەدیهێنانی بەشێوەیەکی داهێنەرانە، توانییان رای گشتیی جەماوەر بە لای خۆیاندا ببەن و بەشدارییەکی کاریگەرانە لە شوێن و بواری جیاوازدا بکەن. دیارترین چالاکییەکان بریتی بوون لە رەشنووسی یاسای باری کەسێتی کە مرۆڤبوون و مافە یەکسانییەکانی ژنان لەناو خێزاندا زامن دەکات و داوای واژۆکردن لەسەر ئەو یاسایە، پاش ئەوەی یاسای باری کەسێتیی ساڵی ١٩٥٩ لە دوای کودەتای ١٩٦٣ هەموار کرایەوە بە ئاراستەیەکی کۆنەپەرستانە و وای لە ژنان کرد هەموو ئەو مافانە لەدەست بدەن کە بەدەستیان هێنابوو. کۆمەڵە بەشدار بوو لە چەندین سیمینار و کۆنفرانس کە بە بۆنەی ساڵی جیهانیی ژنەوە دەبەسترا لە دامەزراوە و کارگەکاندا. هەروەها بەشدار بوو لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆ لەسەر رەشنووسی یاسای جیاکاریی دژی ژن، کە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری لەسەر دەکرد، هەروەها بەگوڕوتینەوە بەشداریی کرد لە ئامادەکردنی کۆنگرەی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە بەرلین لە ئەڵمانیا دەبەسترا.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٥، حزبی دەسەڵاتدار لە عیراق، فشاری خستە سەر ئەو هێزە نیشتمانییانەی هاوپەیمان بوون لەگەڵیدا، هەڕەشەی لێیان کرد

ئەگەر ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیان، لەوانەش کۆمەڵە، خۆیان هەڵنەوەشێننەوە، ئەوا هاوپەیمانییەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە. بەهۆی ئەو دۆخە ئاڵۆزەوە و لە پەرۆشییان بۆ ڕێگری لەو گۆڕانکارییە نەخوازراوە لە هەڵوێستی دەسەڵاتدا، کۆمەڵە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ بڕیاری هەڵپەساردنی چالاکییەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی دا. لەو کاتەی ئەندامانی کۆمەڵە خوازیار بوون پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتیی گشتی ئافرەتانی عیراق پتەو بکەن و هەوڵیان دەدا بزووتنەوەی ژنانی عیراقی یەک بخەن، یەکێتی ڕێگر بوو و هاوکاریی یەکتری ڕەت دەکردەوە.

دەسەڵاتی حوکمڕان هەوڵی بەحزبیکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و تەعریبکردنی کوردستانی دەدا، ناوی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانی گۆڕی بۆ یەکێتیی گشتی ئافرەتانی عیراق/ لقی پارێزگاکان...، فشاری دەخستە سەر ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا تا ببن بە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا و بۆشایی نەمانی ڕێکخراوەکانی تری بە دەرفەت وەرگرتبوو. یەکێتیی ئافرەتانی دەسەڵات، فشاری جۆراوجۆری بەکار دەهێنا بۆ کاریگەری لەسەر یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراتی جیهانی بۆ پڕکردنەوەی جێگەی کۆمەڵە، بە بیانووی ئەوەی ئەوان تاکە نوێنەری بزووتنەوەی ئافرەتانی عیراقین، بەڵام هەوڵەکانیان سەری نەگرت.

# هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری خۆسڕکردن و گەڕانەوە بۆ چالاکی

ئەو هەوڵانەی بۆ هاریکاری و یەکخستنی بزووتنەوەی ژنانی عیراقی دران، لەلایەن حزبی بەعسەوە بەیەکجاری رەتکرانەوە، تەنانەت بڕیاری سڕکردنی رێکخراوە جەماوەرییەکانیش، کە کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق یەکێک بوو لەوان. هەروەها نەبووە هۆی وەستاندن و دوورخستنەوەی مەترسی و تیرۆر و تۆقاندن لە جەماوەری ژنان و هاوپەیمانی و داهاتووی بەرەی نیشتمانی.

لە شوباتی ١٩٧٩، سکرتاریەتی کۆمەڵە بڕیاریان دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری هەڵپەساردنی چالاکییەکانی کۆمەڵە، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە تازانەی لە دۆخی سیاسیی وڵاتدا روویان دا و پێویستیی بەرگریکردن لە ژنانی عیراقی و رووماڵکردنی هەڵوێستە شەرمەزارکەرەکانی یەکێتیی سەر بە دەسەڵات و پروپاگەندە درۆیینەکانیان، هەروەها بەردەوامبوون لە تێکۆشان لەگەڵ هێزە نیشتمانی و دیموکراسییەکان لەپێناو رووخاندن و لابردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و فاشیست و دانانی جێگرەوەیەکی دیموکراسیی هاوپەیمانی لە عیراق.

لە سەرەتای هەشتاکان حکومەت بڕیاری دا ژنان مافی هەڵبژاردن و خۆکاندیدکردنیان هەبێت بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، بەڵام ئەو مافە مەرجدار بوو بە رەزامەندیی

یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق. کاندیدەکان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، پابەند کرابوون بە یاسا و بڕیارەکانی سەدام حسێن و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش. چەندین یاسا و بڕیار دەرچوون کە دژ بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و خێزان بوون.

چەند یاسایەکیان دەر کرد ڕێخۆشکەر بوون بۆ کوشتنی ژن و جیاکاریی بەرانبەریان، دەبوونە هۆکار بۆ لێکترازاندنی خێزان ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان بیانی بوونایە، یاخود تەبەعیەی ئێران بوونایە، یاخود لەو ئۆپۆزسیۆنانە بوونایە کە لە ترسی کوشتن و جەور و ستەم هەڵهاتبوون، یاخود دژ بە شەڕ بوون و لە ئەرکی سەربازی هەڵهاتبوون، بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی نیشتمانی یاساکان جێبەجێ دەکران بێ ئەوەی نوێنەرانی یەکێتیی گشتی ئافرەتانی عیراق لەناو ئەنجومەندا بەرهەڵستی بکەن.

یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق، بووبووە ئامرازێک بۆ ئەنجامدانی کاری سیخوڕی و هاوکاریکردنی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان. یەکێتییەکە دەستوەردانی دەکرد لە زۆر پرسی وەک: کاندیدکردن، هەڵبژاردن، دابەشکردنی پسووڵەی دەرمان، کار و دامەزراندن، پسووڵەی خۆراک و هتد. هەروەها کاریان لەسەر ئەوە دەکرد لە کۆنگرەکانی ژنانی عەرەبی و جیهانیدا کێشە بۆ شاندەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق و شاندەکانی ژنانی کوردستان دروست بکەن، لە ڕێگەی دروستکردنی گرژی و ناکۆکی و گرتنی وێنەی ئەو کەسانەی بەشێک نەبوون لە شاندی یەکێتی

و تۆمارکردنی ناوەکانیان بە مەبەستی زیانپێگەیاندن بە خۆیـان و خێزانەکانیان لـە کـاتی گـەڕانـەوەیـان بۆ نیشتمان. بەم شێوەیە رژێـم توانیی بزووتنەوەی ژنان بەپێی پێوەرەکانی خۆیان لە قاڵب بدەن. ئەمە جگە لەوەی پارەیەکی بێشوماری خستبووە بەر دەستی ئەو رێکخراوە و سەرۆکەکەی (مەنال یونس).

لە ساڵانی هەشتاکان، توندوتیژی و تیرۆر هەموو عیراقی گرتەوە، بەڵا و نەهامەتییەکانی شەڕی عیراق و ئێران کە هەشت ساڵی خایاند، ئازار و نەهامەتییەکانی ژنانی زیاتر کرد بەهۆی لەدەستدانی ئازیزانیان لە شەڕ و کاولکردنی وڵاتدا. دەسەڵاتی رژێم سیاسەتی بەعەرەبکردن و ئاوارەیی و سیاسەتی زەوی سـووتـاوی[٢١] لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرد، کەوتنە سووتاندنی شاخ و دارستان و گوندەکان، شاری هەڵەبجە و چەند ناوچەیەکی تری کوردستانی بە چەکی کیمیاوی بۆردوومان کرد.

هەروەها شـاڵاوی بەدناوی ئەنفال دەستی پێ کرد و

٢١ زەوی سووتاو (الارض المحروقة): ستراتیژێکی سەربازییە، یاخود شێوازێکی ئۆپەراسیۆنە کە تێیدا هەر شتێک کە دوژمن سوودی لێ وەربگرێت، لە کاتی پێشڕەویکردن یان پاشەکشەکردن لە ناوچەیەکدا، دەسووتێنرێت. لە بنەڕەتدا ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ سووتاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی، بۆ ئەوەی لەلایەن دوژمنەوە سوودی لێ نەبینرێت، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ سووتاندنی بەرهەمە خۆراکییەکان، لەناوبردنی ژێرخانی وەک شوێنی حەوانەوە، گواستنەوە، پەیوەندییەکان و سەرچاوە پیشەسازییەکان. دەشێت سوپا لە خاکی دوژمن یان لە خاکی خۆیدا ئەم سیاسەتە پەیڕەو بکات... رژێمی بەعس بە مەبەستی کەمکردنەوە و پەکخستنی چالاکییەکانی پێشمەرگە، ئەم سیاسەتەی دژی شۆڕشی کورد لە زۆر ناوچەی کوردستان، بەتایبەتی لە گوندەکاندا پیادە دەکرد... وەرگێڕ.

سەدان هەزار کەس لەژێر ئەشکەنجە و لەسێدارەداندا کوژران، دەستگیرکراوانی سڤیل کە ژمارەیەکی زۆر لە بەساڵاچوو، ژن و منداڵیشیان تێدابوو، بەزیندوویی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژران. لە باشوور و ناوەڕاستی عیراقیش، تەنانەت دارخورما و زۆنگاوەکانیش لە ژەهری چەکی کیمیایی پارێزراو نەبوون.

ڕژێم بەروبوومی جووتیارانی لە خۆیان حەرام کرد، جگە لە سەپاندنی دەسەڵاتی ترس و تۆقاندن، گرتن، ئەشکەنجەدان، لەسێدارەدان و لەناوبردنی تێکۆشەرەکان، ژمارەیەکی زۆری لە خێزان دەربەدەر کرد و بەرەو وڵاتانی تر دەری دەکردن پاش ئەوەی موڵک و ماڵی داگیر دەکردن.

لە دۆخێکی ئاوادا، کۆمەڵە بڕیاری دا بە درێژەدان بە خەبات و چالاکی و دروستکردنەوەی هەیکەلی ڕێکخراوەکەی بە ڕەچاوکردنی ئەرکی تێکۆشان لەگەڵ هێزە دیموکراتخوازە نیشتمانپەروەرەکان لەپێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتخواز بە لەخۆگرتنی هەموو هێزە نیشتمانییەکانی گۆڕەپانی عیراق.

سەرەڕای ئاستەنگییەکان و هەلومەرجی پاشەکشەی بزووتنەوە دیموکراسی، کۆمەڵە کەوتە پەیوەندیکردن بە کادیرەکانییەوە بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان، ئاگاداری ڕێکخراوەکانی جیهانیی ژنانی کردەوە بەوەی دەستی بە کار و چالاکی کردووەتەوە و داوای لێ کردن هاوکاریی ژنان و منداڵانی عیراقی بکەن.

سـەرەتـا کۆمـەڵـە چـالاکـییـەکـانـی لـە راگـەیـانـدن و هەماهەنگیدا چڕ کردبووەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەکانی ژنانی دیموکراتخواز و پێشکەوتنخوازی عەرەبی و جیهانی ئاگادار بکاتەوە لەو نەهامەتییانەی بەسەر گەلی عیراقدا هـاتـووە، بەتایبەتییش ژنـان و مـنـداڵان، هـەروەهـا داوای دەکرد بە شەرمەزارکردن و ئیدانەکردنی ئەوەی لە عیراقدا روو دەدات.

بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە، رۆڵێکی میدیایی گەورەیان بینی، ئەوە جگە لە بەشداریکردنیان لە کۆنگرە و سیمینار و دیدارەکانی جیهاندا.

لقەکانی کۆمەڵەکە لە هەر شوێنێک بوونایە، رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە هەڵمەتەکانی راگەیاندن و پشتیوانیدا.

لە یەکێک لە چالاکییەکانیاندا، کۆمەڵە نامەیەکی ئاراستەی رێکخراوە فێمینیستییە جیهانییەکان و ناوەندەکانی رای گشتیی جیهانی کرد، تێیدا هاتبوو:

لە ماوەی ساڵانی هەشتاکان، لە سەردەمی شەڕی عیراق و ئێران و زیادبوونی تیرۆر و توندوتیژی بە شێوەیەکی شێتانە، کۆمەڵە چەندین کەسی لە ئەندام و کادیری لێپرسراو و دۆستەکانی لەدەست داوە و بێسەروشوێنن، بەهۆی گرتن و فڕاندنیان لە ماڵ و زانکۆکان، تەنانەت لە شەقامەکانیشدا و تاکوو ئێستا چارەنووسیان دیار نییە.

ئـەم لـیـسـتـەش نـاوی ژمـارەیـەک لـە تێکـۆشـەرە بێسەروشوێنەکانن:

# ناوی هەندێک لە ژنە تێکۆشەرە
# بێسەروشوێن و ونبووەکان لە ساڵی ١٩٧٩ەوە

| ناو | تەمەن | باری کۆمەڵایەتی و پیشە | ڕێکەوتی دەستگیرکردن |
|---|---|---|---|
| لەیلا یوسف | ٥٠ ساڵ | ژنی ماڵ | تەمووزی ١٩٨٠ |
| عائیدە یاسین | ١٩٤٦ | ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە | ١٣-٧-١٩٨٠ |
| ڕەمزیە جداع | ١٩٤٦ | دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی – بەغدا (دایکی دوو منداڵ) | ١٥-٧-١٩٨٠ |
| سەمیرە جەواد موسەوی | ٣١ ساڵ | ژمێریار | لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| لەیلا عەبدولباقی | ٢٦ ساڵ | خوێندکار لە زانکۆ تەکنەلۆژیا | لە ئەیلوولی ١٩٨١ەوە دیارنەماوە |
| ڕەجا عەبدولمەجید | ٣٢ ساڵ | ئەندازیار – دایکی دوو منداڵ | لە ئایاری ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| ئیقبال خزر عبکەل | ٣٢ ساڵ | خوێندکار | لە ئایاری ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| فریال عەباس | ٣٢ ساڵ | خوێندکاری کۆلێجی زانست لە بەغدا | لە ئایاری ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| زومرود عەبدوڵڵا | ٣٢ ساڵ | لە موسڵ | ١٨-١٢-١٩٨٠ |
| کەوسەر عەبدولمەجید | ٢٦ ساڵ | تایپیست | لە تەمووزی ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| حەیات عەبدولڕەحمان | ٢٦ ساڵ | ئەندازیار لە بەسرە | لە تەمووزی ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| ئەمەل هادی ئەحمەڕ | ٢٦ ساڵ | ئەندازیار لە بەسرە | لەگەڵ شادی خوشکی لە ١٩٨٠وە دیارنەماون |
| شەزا عەبدولڕەحمان بەڕاک | ٢٦ ساڵ | دەرمانساز | لە ١١-٦-١٩٨٠ لەلایەن ئەمنەوە براوە |
| بەدریە دەخیل عەلاوی | ٥٤ ساڵ | ژنی ماڵ – دایکی نۆ منداڵ | لەگەڵ مێردەکەی لە ١٩٨٠وە دیارنەماون |
| کەوسەر ڕەجەبی | ٢٦ ساڵ | تایپیست | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| ئیقبال سەفەر | ٣١ ساڵ | خوێندکاری کۆلێژی ئابووری لە بەغدا | لە ١٩٨١ەوە دیارنەماوە |
| ئیلهام هاشم وەرد | ٣٤ ساڵ | فەرمانبەر | لە ١٩٨١ەوە دیارنەماوە |
| دایکی ئایار | ٣٢ ساڵ | فەرمانبەر لە بەغدا | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| وەدیعە هادی داود | ٣٢ ساڵ | دایکی سێ منداڵ | لەلایەن پیاوانی ئەمنەوە دەستگیر کراوە |
| زاهیرە زیاب | – | خوێندکار لە بەغدا | لەگەڵ مێرد و کچەکەی لە ١٩٨٢ەوە دیارنەماون |
| حورییە فەعیل | – | فەرمانبەر لە بەغدا | لە ١٩٨١وە دیارنەماوە |
| نادیە گۆرگیس | – | خوێندکار لە بەغدا | لە ١٩٧٩وە دیارنەماوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئیلهام جەواد هاشم | – | بەغدا | لە ١٩٨٦ەوە دیارنەماوە |
| سوهەیلە | – | هاوسەرگیری کردووە | لەگەڵ مێردەکەی لە ١٩٨٢ەوە دیارنەماون |
| هاوسەری سەید ئیسماعیل | – | مامۆستا لە ئامادەیی کشتوکاڵ | لەگەڵ دایکی و خوشکێکی لە ١٩٨٣وە لە کوفە دیارنەماون |
| عەبلە عەبد | – | خوێندکار لە بەغدا | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| ئەمیرە لفتە | – | لە شاری سەماوە | لە ١٩٨٣وە دیارنەماوە |
| مەدیحە رام ئەحمەد | – | ژنی ماڵ – دایکی چوار منداڵ | لە ١٩٨٤ەوە دیارنەماوە |
| وەسیلە مەحمود | ١٩٢٤ | ژنی ماڵ - کوردستان | لەگەڵ هاوسەرەکەی دیارنەماون |
| بەها مستەفا | – | لە کوردستان | لەگەڵ خوشکەکانی (نەسرین و شیرین) و منداڵەکانی (ئەمیر و سەمیر مستەفا) لە موسڵ دەستبەسەر کراون |
| کەرامە نیعمەت | – | میکانیک لە بەغدا | لەگەڵ منداڵەکانی لە ١٩٨٠وە دیارنەماون |
| سەبیحە نوری | – | دایکی سێ منداڵ | لەگەڵ مێردەکەی و سێ کچەکەی لە ١٩٨٠وە دیارنەماون |
| وەهیبە سەعید | – | – | لە ١٩٨٤ لە موسڵ دەستگیر کراوە |
| ئامینە عەبد | – | کرێکار لە بەغدا | لە ١٩٨١ەوە دیارنەماوە |
| غافیلە سەکر | – | مامۆستا لە موسەننا | لە ١٩٨١ەوە دیارنەماوە |
| عەزیزە یاسین | ١٩٦٠ | کرێکاری کارگەی قوماش لە بەغدا | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| کلارا یوسف | – | ژنی ماڵ | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| نەجیە روکابی | – | دایک | لە ١٩٧٩وە دیارنەماوە |
| خەدیجە روکابی | – | دایک | لە ١٩٧٩وە دیارنەماوە |
| کلۆدیا یوسف | – | ژنی ماڵ | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| عەزیزە عەلەوی | ١٨ ساڵ | کرێکار | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| نیزال جەواهیری | ٢١ ساڵ | ئامادەیی پیشەسازی | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| مەیسوون مەجید | – | خوێندکاری کۆلێژی پزیشکیی ددان لە بەغدا | لە ١٩٨٠وە دیارنەماوە |
| زوهرە لامی | – | دەرچووی پەیمانگەی هونەری ماڵداری | لەگەڵ مێردەکەی لە ١٩٨٦ەوە دیارنەماون |

بەناچاری زۆرێک لە خێزان و کادیرەکانی کۆمەڵە نیشتمانیان جێ هێشت و لە تاراوگە بەپەرتەوازەیی ژیانیان دەگوزەراند بەهۆی توندوتیژی و چەوساندنەوە و کوشتوبڕەکانی رژێمەوە. بەشێک لە کادیرە تێکۆشەرەکان بە لایانەوە ئەستەم بوو دەستەوسان دابنیشن و گەلی عیراق، بەتایبەتی ژنان لە نەهامەتیدا بژین. بۆیە دەستیان کرد بە کارکردن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ نیشتمان و چالاکبوون لەناو رێکخراوە دیموکراتخوازە تێکۆشەرەکەیان، کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق، چەند کۆنگرەیەکیان بەست بۆ ئەوەی لقی کۆمەڵە لە تاراوگە دابمەزرێنن. لقیان لە یەمەنی دیموکراتی، سووریا، جەزائیر، لیبیا، بولگاریا، یەکێتیی سۆڤیەت، بەریتانیا، ئەڵمانیای دیموکراسی[٢٢]، چیکۆسلۆڤاکیا و هەنگاریا دروست کرد. ئەم لقانە کارەکانیان لەگەڵ سکرتاریەتی کۆمەڵە لە دەرەوە، رێک خستبوو، پەیوەندییان لەگەڵ رێکخراوە نیشتمانی و دۆستەکان پتەو کردبوو، بە مەبەستی هەماهەنگی لەگەڵ گەل و ژنانی عیراقی. سەرەتای کارەکانیان بە دەرکردنی چەند بەیاننامەیەک بوو دەربارەی ئاوارەکردنی خێزانەکان و شێوازە وەحشیگەراییەکانی دەسەڵات بۆ دەربەدەرکردنی خێزانەکان، هەروەها بەیاننامە دەربارەی گرتنی ئەندامەکانی کۆمەڵە و خێزانەکانیان و داوای ئازادکردنیان، هەروەها

---

٢٢ پێش یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی (رۆژهەڵات و رۆژئاوا)ی ئەڵمانیا، ئەڵمانیای رۆژهەڵات، کە سەر بە سۆڤیەت بوو، پێیان دەوت ئەڵمانیای دیموکراسی.

رووماڵکردنی شێوازی ئەشکەنجەدان و ژەهرخواردی گرتووەکانیان باس کردبوو.

سیاسەتی نەگریسی ڕاگواستن و دەربەدەرکردن پەرەی سەند، کە ڕژێم لە ساڵی ١٩٨٠وە دژی هەزاران خێزانی عیراقی پیادەی دەکرد بە بیانووی ئەوەی ڕەچەڵەکیان ئێرانییە، هەروەها پیادەکردنی کردەوەی نامرۆڤانە و وەحشیگەرایانە دژ بە ژنان و منداڵان لە کاتی دەرکردنیان بەرەو ئێران و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عیراقی لێیان و دەستبەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی کوردە فەیلییەکانی گرتەوە. کۆمەڵە، بانگەوازێکی دەربارەی ئەو بابەتە دەر کرد، ئەمە ناوەڕۆکەکەی بوو:

"بانگەواز بۆ ڕێکخراو و یەکێتی و کۆمەڵەکانی فێمینیستیی نیشتمانی، ئیقلیمی و جیهانی".

لە سەرەتای مانگی نیسانەوە هەزاران خێزانی عیراقی ڕووبەڕووی نەهامەتیی دەرکردنی منداڵەکانیان لە ماڵ و کار و زێدی خۆیان دەبنەوە، لەژێر فشاردا و بەناچاری دەبێت وەک ئاوارە لەناو خێمەدا بژین، بەبێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت، تەنیا بەهۆی ئەوەی شیعەن و کەسانی نیشتمانپەروەری دڵسۆزن و دژی ئیمپریالیستن و پشتیوانی لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئێران دەکەن، هاوشێوەی گەلی عیراق و هەموو هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکان. دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی ئەو هەموو خێزانە عیراقییە بێتاوانە، تەنیا بەهۆی هاوشێوەیی مەزهەبییان لەگەڵ گەلی ئێرانی دۆست، تاوانێکی ترە لە تاوانەکانی ڕژێمی بەغدا

دەرحەق جەماوەرەکەی، کە چەندین قوربانییان لەسەر ئەم خاکە داوە دژی داگیرکەران و کۆنەپەرستان. رژێمی دیکتاتۆریی ئێستا بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن، بووەتە هۆی ئازار و نەهامەتییەک بۆ گەلی عیراق بە عەرەب و کورد و کەمەنەتەوایەتی و ئایینییەکانەوە، کە لە مێژووی سەردەمدا بوونی نەبووە.

هێزە ئەمنییەکان و پۆلیس و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی تری عیراق، کەوتنە هەڵمەتی پەلاماری هەزاران ماڵ، بەتایبەتییش ناوچە هەژارەکان، بۆ تۆقاندنی منداڵ و سووکایەتیپێکردنی دایک و باوکەکان لەژێر زەبروزەنگدا و ناچارکردنیان بەوەی ماڵ و کەلوپەلی ناوماڵ بەجێبهێڵن. هەروەها سەدانیان لە شەقام و دوکان و کارەکانیان رفاندن بێ ئەوەی بوارێکیان پێ بدەن خێزانەکانیان ئاگادار بکەنەوە یاخود بچووکترین پێداویستییان ببەن لەگەڵ خۆیان. ئەم هەزاران ژن و پیاو و منداڵانەیان خستە ناو لۆری و بەرەو سنووری عیراق و ئێران گواستیاننەوە، وایان لێ کردن دەیان کیلۆمەتر لە سنوور بە پێ ببڕن، لەگەڵ ئەو هەموو ماندووبوون و بێهیواییە، لە چۆڵەوانیدا مانەوە بە زریکە و گریانی منداڵانی شیرەخۆر و لاواندنەوە و گریانی دایکان، کە چاوەڕێ بوون یەکێک دەستی یارمەتی و مرۆڤایەتییان بۆ درێژ بکات.

دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی سەر بە رژێمی دیکتاتۆر، وای کردووە ئەمن و ئارامی لەناو خێزانە عیراقییەکاندا نەبێت، بەوەی سەدان و سەدان لە سێدارە دەدات و رۆژێک

بەسەر عیراقدا تێناپەڕێت ئەگەر لەسێدارەدانی تێدا نەبێت. لەم هەڵمەتەی ئێستادا، زیاتر لە پازدە هەزار مرۆڤی لە یەک هەفتەدا بەرەو ئێران دەربەدەر کرد، هەموو یاسا نیشتمانی و نێودەوڵەتی و پەیمانەکانی مافی مرۆڤی پێشێل کردووە. ئەمڕۆ هەزاران ژن و منداڵی عیراقی لەژێر خێمەدا دەژین، کە دەسەڵاتی ئێران لە نزیک سنووری عیراق بۆی دابین کردوون، وەک مرۆڤێک کەمترین مافیان هەیە بە بوونیماڵێک، هەروەها شیر و گەرمی بۆ کۆرپەکانیان و خوێندن و کار بۆ منداڵەکانیان.

ئەم هەڵمەتە بەربەرییە، درێژەپێدەری سیاسەتی ترس و تۆقاندن و جیاکاریی نەتەوەیی و مەزهەبیی ڕژێمی دیکتاتۆرییە، کە پێشتر زیاتر لە چارەکە ملیۆنێک خێزانی کوردی لە ماڵ و گوند و کێڵگەکانیان دەربەدەر کرد و بەرەو ئۆردووگا زۆرەملێکان گواستنیەوە، ژنانی کورد و منداڵەکانیان، بەناچاری لەو ئۆردووگا زۆرەملێیانەدا بەناوی "گوندی هاوچەرخ" خۆیان بینییەوە، کە زیاتر لە کەمپی زیندانی دەچوون، دانیشتوانەکانیان بەبێ ڕەزامەندی دەزگا ئەمنی و پۆلیسەکان نەیاندەتوانی هاتوچۆ و سەفەر بکەن.

هەڵمەتی ئاوارەکردنی هەزاران شیعە لە عیراقەوە بەرەو ئێران، هاوکاتە لەگەڵ هەڵوێستەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە عیراق لە دژی شۆڕشی ئێران، کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی دەبووەوە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی پاش پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان

و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لە دژی ئێران و لەپێناو لەناوبردنی شۆڕشەکەی و بەکارهێنانی هەموو ڕێگەیەک بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم.

سەرەڕای ئەو نەهامەتییانەی ژنانی عیراقی و خێزانە بێدەسەڵاتەکانیان بەهۆی لەسێدارەدانی کوڕەکانیان، دەستدرێژیکردنە سەر ژنەکانیان، ئاوارەکردنیان لە ماڵ و گوندەکانیان، داخستنی هەموو دەرگاکانی ژیان بە ڕوویاندا بە دەرکردنی کوڕ و کچەکانیان لەسەر کارەکانیان، بوارنەدان بە تەواوکردنی خوێندن و داخستنی دەمیان بە ئاسن و ئاگر تیایدا دەژین، دەبینین یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق کە دەبوایە داکۆکی لە مافەکانی ژنان و بەختەوەریی منداڵ بکەن، بەپێچەوانەوە ئەم یەکێتییە بەسەر دەسەڵاتی دیکتاتۆردا هەڵ دەڵێت و ستایشی دەکات و لەبەردەمیان بخورد دەسووتێنێت و چاو و گوێی داخستووە، نایانەوێت ئازارەکانی جەماوەری ژنانی عیراقی ببینن و ببیستن.

لەبەر ئەم هۆیانە، هیچ چارەیەکی ترمان نییە جگە لە بانگەواز بۆ ژنان لە هەموو جیهان و ڕێکخراوەکانیان بۆ ئەوەی نامە و بروسکەی ناڕەزایی بۆ دەسەڵاتی عیراقی و دیکتاتۆر، سەدام حسێنی سەرۆککۆمار بنێرن و داوای لێ بکەن ئەم چەوساندنەوە و ترس و تیرۆرەی دژ بە گەلی عیراق و ژنانی عیراقی رابگرێت. هەر کارێک ڕێکخراوەکانتان بەو ئاراستەیە ئەنجامی دەدات، سەرکەوتنە بۆ دادپەروەری و دژی یاسای دارستانە، سەرکەوتنە بۆ دیموکراسیەت بەرانبەر دیکتاتۆریەت، هاوکارییەکی جدییە

بە رووی بەردەوامیی ئەو هەموو نەهامەتییەی لە ژیانی ژنانی عیراقیدا هەن.

داواتان لێ دەکەین نامەی ناڕەزایی بنێرن بۆ یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق و داوا بکەن هۆکاری ئەم بێدەنگییەیان بەرانبەر زوڵم و زۆرداریی دەرحەق بەو هەموو ژنە عیراقییە دەکرێت، چییە؟ لەگەڵ ئەوەی دەڵێن ئێمە نوێنەری هەموو ژنانی عیراقین. ئەو کارانەی کە بەهۆی هەماهەنگیی ژنانی جیهانەوە دەکرێن، هێزێکی گەورەیە و دەتوانێت ئەو خراپەکارییانە و توندڕەویانەی لە هەموو شوێنێک دەکرێت، بیوەستێنێت.

لە کۆتاییدا دەستتان دەگوشین وەک سوپاس و پێزانینمان

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق**

**کۆماری عیراق – بەغدا**

**١٥ی نیسان**

# دەرهاویشتەکانی شەڕی عیراق - ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر دۆخی ژن و خێزانی عیراقی

لە شەڕی نێوان عیراق و ئێراندا، کە بە بڕیارێکی رژێمی عیراق لە کۆتایی ١٩٨٠ بەرپا کرا و ماوەی هەشت ساڵی خایاند، کۆمەڵکوژییەکی ترسناکی مرۆیی رووی دا، کە تێیدا هەردوو گەلی عیراق و ئێران بوونە قوربانیی، زۆر مەترسیدار بوو، مەترسی لەسەر سەربەخۆیی و سەروەریی هەردوو وڵات و بەرژەوەندیی ئاشتی و ئاسایشی ئیقلیمی و جیهانی هەبوو.

تەنیا لە بەرەکانی جەنگ و رووبەڕووبوونەوەدا ٣٠٠ هەزار گەنجی عیراقی کوژران، هەروەها بووە هۆی بریندار بوون و کەمئەندامبوونی دووهێندەی ئەو ژمارەیە. شەڕی نێوان شارەکانی ئەو دوو وڵاتە و بۆردوومانی هەڕەمەکیی مووشەک بەسەر شارەکاندا، بووە هۆی قوربانییەکی بێشومار لە نێوان خەڵکی سڤیل کە زۆربەیان ژن و منداڵ و بەساڵاچووان بوون، ئەمە جگە لە وێرانکارییەکی تەواو کە بەسەر شار و گوندەکاندا هات، لەگەڵ دامەزراوە و بنکە سەرەکییەکانی ئابووری.

ئابووریی هەردوو وڵات گۆڕا بۆ ئابووریی جەنگ، ئەمەش زیانێکی کوشندەی لێ کەوتەوە لەگەڵ کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر پرۆسەی گەشەپێدان و توانای وڵاتەکەمان بۆ دەستنیشانکردنی رێگەی گەشەی سەربەخۆی

دوور لە چەتری ئیمپریالیستی و کۆمپانیا پاوانخوازە جۆراوجۆرەکانی وڵاتان، بەتایبەتی لەدوای قەرزەکانی عیراق کە بە نزیکەی ٨٥ ملیار دۆلار مەزەندە کرابوون.

بەدرێژایی ساڵانی شەڕی کاولکەر، تەنانەت دوای وەستانی شەڕیش، ژنان و خێزانەکانمان لە هەموو رووییەکی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و دەروونییەوە رووبەڕووی باری ناهەموار بووبوونەوە، کاریگەرییەکانیشی لەسەر کۆمەڵگە بۆ چەندین ساڵ بەئاشکرا دەمێننەوە. جەنگەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان سایکۆلۆژیای ترس، تیرۆر، شەڕانگێزی، شۆڤێنیەت، شەخسپەرستی و گەندەڵیی کۆمەڵایەتی بڵاو کردووەتەوە.

گیانلەدەستدانی پیاوان لە بەرەکانی جەنگ و تەقینەوەی مووشەکە ترسناکەکان بەسەر ماڵ و خەڵکدا و بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بۆ لەناوبردنی هاوڵاتی لە زۆنگاوەکان و کوردستان، وەک ئەوەی لە هەڵەبجە رووی دا و زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی بوونە قوربانیی، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی هەستی ترس لە مردن و چارەنووسی نادیار باڵ بەسەر خێزانە عیراقییەکاندا بکێشێت، ئەمە جگە لە لەدەستدانی هەستی ئارامی و ئاسوودەیی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند راستییەکی کارەساتبار بکەین:

- سیاسەتی زەوی سووتاو لە کوردستان، ئامانجەکەی گۆڕانکاری لە سروشتی نەتەوەیی و مێژوویی ناوچەکەدا بوو، بوو بەهۆی کاولکردنی چوار هەزار گوند و لادێی کوردی و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکانیان

که دەگەیشتە ملیۆن و نیوێک هاوڵاتی، بەرەو کۆمەڵگە زۆرەملێکان، یاخود بۆ ناوچە دوورەدەستەکان لە ناوەڕاست و باشووری عیراق، لە ماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە ١٠٠ هەزار هاوڵاتی کورد ناچار بوون روو لە تورکیا و ئێران بکەن لە ترسی کۆمەڵکوژی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن هێزەکانی عیراقەوە لە دژیان. ئەو خەڵکانە بەناچاری لە کەمپی ئاوارەییدا لەو دوو وڵاتە لە دۆخێکی زۆر سەختدا دەژیان، ئەمە جگە لە سەرنگومکردنی ١٨٠ هەزار هاوڵاتی کورد و رفاندنیان لە هەلومەرجێکی نادیاردا لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالدا.

- سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن کە لەگەڵ جەنگ شەپۆلەکانی زیاتر بوو، هەموو ئەوانەی دەگرتەوە کە دژی رژێم بوون، یاخود لایەنگرە رەخنەگرەکانیشیان، قوربانییەکان گەیشتنە سەدان هەزار لە هاوڵاتیی ژن و پیاو، تەنانەت منداڵیش، بە دانپێدانان و شایەتیی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، عیراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەرزترین رێژەی ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەروەها رەشبگیری و ئەشکەنجەی دەستگیرکراوان و دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵی خێزان و منداڵی ئەو کەسانەی راوەدوویان دەنێن.

ئەو سیاسەتە میلیتارییەی رژێمی عیراق پەیڕەوی دەکرد، بە باشی هەست بە کاریگەرییەکانی دەکرا لەسەر ئاستی بژێویی خەڵک. بەپێی مەزەندەی شارەزایان، رێژەی بودجەی هێزە سەربازییەکان لە کۆی بەرهەمی ناوخۆی

عیراق لە ناوەڕاستی هەشتاکان، بە (٤٢,٥٪) ئەژمار دەکرا، ئەم دۆخە، کاریگەری لەسەر دۆخی ژنانی کرێکار کردبوو، بەتایبەتی لە ساڵەکانی جەنگدا. لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٨٧ ڕێژەی هێزی کاری کرێکارانی ژن لە (١٨,٣٪) لە کۆی هێزی کار لە هەردوو سێکتەری گشتی و تێکەڵ بەرز بووەوە بۆ ڕێژەی لە سەدا بیست و حەوت، ئەم بەرزبوونەوەیە لە بنەڕەتدا ژنانی نەشارەزای هێنایە ناو کایەی کارەوە، کە بەهۆی فشاری دابینکردنی پێداویستییەکان و بژێویی ژیانەوە پەنایان دەبردە بەر کار، چونکە بەخێوکەری ماڵەکەیان بەرەو بەرەکانی جەنگ ڕەوانە کرابوون. هەر لەو قۆناغەدا پێشلکاری بەرچاو بۆ سەر مافەکانی کرێکارانی ژن کران، وەک زیادکردنی کاتەکانی کارکردن، بەوپێیەی کاتژمێری کاتی کارکردنیان کردە ١٢ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، هەروەها لابردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی کرێکاران، لابردنی دەرماڵەی کاری زیادە و مەترسییەکانی کار، لابردنی سەندیکاکان لە سێکتەری دەوڵەت و لابردنی ناسنامەی کرێکاری لە کرێکارانی ناو سێکتەری دەوڵەت، دوای ئەمانەش، یاسای کاری ژمارە (١٥١)ی ساڵی ١٩٧٠ی هەڵوەشاندنەوە. ئەمەش دەستی بەڕێوەبەرەکانی ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتی واڵا کردبوو بۆ مامەڵەی توند و چەوساندنەوە، وەک گواستنەوە و لابردن لەسەر کار، بردنی کرێی کرێکاران بەبیانووی یارمەتی جەنگ[٢٣] و نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە، زیادەڕۆیی

٢٣ المجهود الحربي.

لەسەر مۆڵەتی سکپڕی و منداڵبوون و دایکایەتی، هەروەها کەمکردنەوەی ژمارەی دایەنگەکان و بەکرێدانیان بە سێکتەری تایبەت، هەڵمەتی کەمکردنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دیاردەی فرۆشتن و بەکرێدانی زۆرێک لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بە سێکتەری تایبەت، هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت و خۆماڵی و بیانی بۆ کرێکاران لە مەترسی دەرکردنیان لە کارەکانیان، یاخود چەوساندنەوەی زیاتر بێ ئەوەی هیچ جۆرە چاودێرییەک هەبێت.

بەردەوامیی جەنگ و پەرەپێدانی پیشەسازیی سەربازی، کە رژێم لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨ – ١٩٩٢ بودجەی ٢٢ ملیار دۆلاری بۆ تەرخان کردبوو، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر پێداویستییەکانی ژیان و بڵاوبوونەوەی گرانی و دیاردەی بازاڕی رەش و بەرزبوونەوەی کرێی خانوو و هاتوچۆ و خزمەتگوزاریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، کە بوونە هۆی دارمانی دۆخی بژێوی ئەو خێزانانەی کە دەرامەتیان کەم بوو، تەنانەت ئەوانەی لە توێژی ناوەندییش بوون.

کۆمەڵگەی عیراقی لەو ماوەیەدا دارمانێکی مەترسیداری لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا بەخۆوە بینی، ژنان و منداڵان قوربانیی سەرەکی بوون، دیاردەی لەشفرۆشی بڵاو بووەوە، رێژەی تاوان و دەستدرێژی بۆ سەر مێرمنداڵ زیادی کردبوو، بڵاوبوونەوەی بەرتیل و دابەزینی بەها کولتوور و کۆمەڵایەتییەکان و رەوشتی گشتی. دەوڵەت خۆی بە مەبەست شکۆی کەسایەتی و ژنی

دەشکاند و سەرشۆڕی دەرکردن و یەکەی خێزانی لە یەک هەڵدەوەشاندەوە، جا چ بە دەرکردنی یاسا و بڕیار، یاخود لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەوە بۆ هاندانی فرەژنی و فشار خستنە سەر ئەو ژنانەی هاوسەرەکانیان دژی ڕژێمن، کە تەڵاق وەربگرن، یاخود منداڵی زۆر داوا بکەن، هەروەها هاندانی کچە گەنجەکان بۆ کارکردن لە دەزگا سیخوڕی و ئەمنییەکاندا کە بە مووچەی بەرز هەڵیدەخەڵەتاندن.

لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە بەشداریی ژنانی عیراقی لە بواری سیاسیدا بە ڕەوا دادەنرا، بەڵام بە مەرجێک پابەند بن بە مەرجەکانی یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ١٩٨٠، کە خۆکاندیدکردن تەنیا بۆ ئەندامان و لایەنگرانی ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار بوو. لە ساڵی ١٩٨٩ مەرجێکی تریان بۆ یاساکە زیاد کرد؛ دەبوایە کاندیدەکە وەلائی بۆ قادسیەی سەدام هەبوایە. هەر چالاکییەک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە بوایە، نایاسایی بوو، خاوەنەکەی ڕووبەڕووی سزا دەبووەوە و مەترسی لەسەر ژیان و ئارامیی خێزانەکەی دروست دەبوو لەو کاتانەدا کە سەدام بەدرۆوە باسی لە فرەحزبی و دیموکراسیەت دەکرد.

بە سەربازگەکردنی کۆمەڵگە، کاردانەوەی لەسەر بواری پەروەردە و خوێندن هەبوو، لە باخچەی ساوایانەوە تاکوو زانکۆکان، هەم بابەتەکانی خوێندن، هەمیش شێوازی وتنەوەی وانە؛ گیانی دوژمنکاری، شۆڤێنیەت، یەکتر قبوڵنەکردن، چەمکی شەخسپەرتیی بۆ خودی سەرۆک و هەڵگەڕانەوە لە دایک و باوکیان دەچاند. هەروەها

کەمکردنەوەی بودجەی خوێندن و لادان لە بنەمای خوێندن بەبێ بەرانبەر، وەک لابردنی بەشەناوخۆییەکانی خوێندکارانی زانکۆ و کردنەوەی هەندێک کۆلێژ بە پارە و مەرجدار بوون بەوەی خوێندکار تێچووی خوێندنەکەی هەڵبگرێت.

لەو هەلومەرجەدا، هەڵوێستی یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق، لێدانی دەهۆڵ بوو بۆ سیاسەتی جەنگ و ترس و تۆقاندن لە ڕێگەی قۆرخکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانەوە، کە وەک ڕێکخراوی ئافرەتان بوو و شەرعیەتی لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕژێمەوە پێ درابوو. یەکێتیی گشتی، کۆنگرەکانی بە دروشمی دڵسۆزیی ڕەها بۆ سەدام حسێن دەبەست. دژ بە هەموو باوەڕ و بەهاکان، بەرپرسانی یەکێتییەکەیان کۆ دەکردەوە بۆ بینینی لەسێدارەدانی ئەو کەسانەی دژ بە شەڕن و لەو شوێنانەی کە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابوون، وەک ئەوەی بانگهێشت کرابن بۆ بەشداری لە خۆشی یاخود ئاهەنگی هاوسەرگیری! هەروەها بەرپرسانی یەکێتییەکە بەشدار دەبوون لەگەڵ پیاوانی ئەمن بە درەنگانێکی شەو بۆ دەرکردنی خێزانەکان بۆ دەرەوەی وڵات و لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوونیان...! کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق، هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگەوە لە دژی شەڕ و پەرەسەندنی بوو، جەختیان لەسەر پێویستیی کۆتاییپێهێنانی دەکردەوە، کە خوێنڕشتن و کاولکاری بوەستێنرێت و کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکەن. کۆمەڵە، قوربانیی زۆری دا لەپێناو

ئازادیی گەل و مافەکان و شکۆی ژن. چەندین کادیری بەرپرسیان لەناو زیندانەکاندا لەناوبران و بەشێکیان سەرنگوم کران بەبێ ئەوەی چارەنووسیان دیار بێت، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لەناو زیندانەکاندا بوون، یاخود لە دەسەڵات خۆیان شاردبووەوە و بەدوایانەوە بوون و بەشێکیشیان ئاوارە بووبوون و دوور خرابوونەوە.

دوای دەرچوونی بڕیاری ئاگربەست، کە هەردوو رژێمی عیراق و ئێران پابەندبوونی خۆیان بە جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ٥٩٨ راگەیاند، کۆمەڵە ئەم بابەتەی بە هەنگاوێکی سەرەتایی و پێویست و بەهەند زانی بۆ تێکۆشانی گەلی عیراق بە پیاو و ژنەوە لەپێناو کۆتاییهێنان بە شەڕ و پێکهێنانی پەیوەندییەکی دۆستانە لەپێناو ئاشتیی بەردەوام لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا.

لە سایەی ئەو گۆڕانکارییەدا، کۆمەڵە داواکار بوو سەربازە بانگکراوەکان بگەڕێنرێنەوە و بچنەوە سەر کارە مەدەنییەکانیان، هەروەها گەرەنتیکردنی گەڕانەوەی هەموو دیلەکانی جەنگ بۆ وڵاتی خۆیان و لای کەسوکاریان بەبێ تەشقەڵە و ئازاردانیان، دەرکردنی لێبووردن بۆ سەربازە بەندکراوەکان و دژەکانی جەنگ، ئەوەش لەپێناو گەڕاندنەوەی ئارامیی بۆ خێزانە عیراقییەکان و زامنکردنی ئارامی و ئاسایش و ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ ژنان.

# چالاکییەکانی لقەکانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

دوای دامەزراندنی لقەکانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، ئەو لقانە چەندین کۆنگرەی دامەزراندنیان بەست، ئەنجومەنی سەرکردایەتییان هەڵبژارد، چەندین راسپاردە و بەرنامەیان دارِشت بەپێی تواناکانی هەر لقە و تایبەتمەندێتی ئەو وڵاتەی کاری تێدا دەکەن، هەروەها پەیوەندیی نێوان ئەو لقانە و سکرتاریەتی کۆمەڵەیان رێک خست. بەدەر لەو کارانە، لقەکان چالاکیی نایابی جۆراوجۆریان لە هەموو بوارەکاندا ئەنجام دا لەپێناو پێشخستن و گەشەی کۆمەڵە، لەو چالاکییانە:

- لقەکان کەوتنە کردنەوەی خول بۆ ئامادەکردنی کادیری ژن بۆ کارکردن لە ریزەکانی لقەکاندا، بەتایبەتییش بۆ ئەوانەی زانیارییەکی ئەوتۆیان لە کاری رێکخستنتدا نەبوو، هەروەها کردنەوەی خول بۆ فێرکردنی دوورمان، نەهێشتنی نەخوێندەواری، فێرکردنی فریاگوزاریی تەندروستیی سەرەتایی و خولی رۆشنبیریی گشتی.
- لقەکان بازاڕی خێرخوازییان بۆ بەرهەمی هونەری و کاری دەستی لە دوورمان و نەخش و چنین و بابەتی تر کردەوە، داهاتی ئەو چالاکییانەیان بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵە و بزووتنەوەی نیشتمانیی بەکار دەهێنا.
- لقەکان بایەخیان بە خێزان و منداڵی ئەو تێکۆشەرانە دەدا کە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو لە دژی رژێمی دیکتاتۆری، یارمەتییان دەدان لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە پیشەییانەی رووبەڕوویان دەبووەوە.
- ئاهەنگی وتارخوێندنەوە و هونەرییان دەگێڕا بۆ

یادی دامەزراندنی کۆمەڵە، ٨ی ئازار، جەژنی جیهانیی ژنان و رۆژی جیهانیی منداڵان لە ١ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک.

- ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر دەربارەی پرسەکانی ژنان و منداڵان و توندوتیژی دژی ژن.

- دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵە و رێکخراوەکانی ژنانی عەرەبی. لقەکان دەنگێکی روون و راستی میدیایی بوون بۆ پشتیوانی لە ژنانی عیراقی و گەلی عیراق و دەرخستنی تاوانەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر.

لقەکانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، رۆڵێکی بەرچاوی بینی بۆ گەیاندنی دەنگی ژنانی عیراق و ئازارەکانیان بە ژنانی ئەو وڵاتانەی بوونیان لەوێدا هەبوو و بەدەستهێنانی پشتیوانییان لە خەبات و تێکۆشانیان دژ بە رژێم و توندوتیژییە وەحشیگەرییەکانیان، لەپێناو ژیانێکی شکۆمەندانە و بەختەوەرانە بۆ گەلی عیراق و ژنانی عیراقی و منداڵان.

لە هەشتاکاندا و لە سایەی ئەو گەمارۆیەی خرابووە سەر بزووتنەوەی ژنان لە عیراقدا، ناوەندی چالاکییەکانی بزووتنەوەکە کەوتبووە دەرەوەی وڵات، نووسینگەی ناوەندیی سەرۆکایەتی کارکردن لە دەرەوە دروست بوو بۆ بەردەوامیی خەبات و گرێدانی دەرەوە و ناوەوە بە یەکەوە. لە یەکەم کۆبوونەوەی نووسینگەی ناوەند، بەرنامەیەکی چڕوپڕی دارێشت بۆ چالاککردنەوەی کاری کۆمەڵە لە بوارەکانی هەماهەنگی، بڵاوکردنەوە و میدیایی، پەیوەندییەکان، لە بواری رێکخستن و بەدواداچوونی کارەکان و یەکخستنی لقەکانی لە دەرەوە.

# کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق

لە هەشتاکاندا کۆمەڵە بەشداری لە چەندین چالاکیی جۆراوجۆردا کرد، لەوانە؛ بەشداریکردن لە سیمینار و دیدار و کۆنفرانسی عەرەبی و جیهانیی وەک: دیداری کۆپنهاگنی جیهانی لە تەمووزی ١٩٨٠، سیمیناری نێودەوڵەتی لە عەدەن لە ساڵی ١٩٨٠، کۆبوونەوەی نووسینگەی هەمیشەیی یەکێتیی ژنانی عەرەب لە تەرابلوس لە ساڵی ١٩٨١ کە تیایدا کۆمەڵە وەک ئەندام لەو یەکێتییەدا قبوڵ کرا.

کۆمەڵە دیداری لەگەڵ ڕێکخراوی ژنانی ئەمەریکای باشوور و باکوور کرد، هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوی دیموکراسیی ژنانی ئێران، چەندین بەیاننامەی هاوبەشیان دژ بە شەڕ و پشتیوانیی گەلی عیراق دژی دیکتاتۆریەت و داواکاریی ئازادکردنی زیندانییەکان بە ژن و پیاوەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە خاتوونی تێکۆشەر، عائیدە یاسین (ئوم عەلی)ی دەکرد.

کۆمەڵە تاووتوێی چەندین پێشهاتی کار و چالاکییەکانی کرد و بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەم هەنگاوی نا، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی ئامادەکاریی بۆ ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە پێویستانەی کە دەبێت بخرێنە بەردەم کۆنگرە، کە بڕیار بوو لە ئایاری ١٩٨١ ببەسترێت، پێک هێنا.

لە ٤ی ئایاری ١٩٨١ لەژێر دروشمی "تواناکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقی بخرێنە پاڵ هێزە میللییە نیشتمانپەروەرەکان لەپێناو لابردنی ڕژێمی دیکتاتۆر و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتخواز، کە تێیدا جێگەی شەڕ و فاشیزم و دیکتاتۆریەت نەبێتەوە، یەکسانیی بۆ ژنان و بەختەوەری بۆ منداڵان فەراهەم

بکات“. کۆنگرەی چوارەم بەسترا و تیایدا نوێنەری لقەکانی کۆمەڵە و کادیرەکانی ئامادە بوون.

بەستنی کۆنگرەی چوارەم، رووداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ئافرەتانی عیراقیدا، چونکە دوای چەندین ساڵ لە کۆنگرەی سێیەم بەسترا، کە لەو ماوەیەدا کۆمەڵە بە دۆخێکی یەکجار سەختدا تێپەڕ بووبوو. کۆنگرە لە سەردەمێکدا بەسترا، گەلەکەمان رووبەڕووی دژوارترین پەلاماری خوێناوی دەبـووەوە، ئاشی جەور و ستەم و مـردن، سـەدان، تەنانەت هەزارانی لە باشترین رۆڵەکانی گەلەکەمان بە عەرەب و کورد و نەتەوەکانی تری دیموکراتخوازی نیشتمانپەروەر، لە هەموو وڵاتدا دەهاڕی. کۆنگرە بە چڕوپڕی ئەو راپۆرتانەی تاووتوێ کرد کە لە بەرنامەی کـاردا خرابوونە روو و هەموو پرسە سیاسییەکان، دۆخی ژنان و منداڵان لە عیراق و نەهامەتییەکانیان لەژێر سایەی دەسەڵاتی تیرۆر و تۆقاندن و دیکتاتۆریەتدا دەگرتەوە. هەروەها پرۆژەی رێکخستنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ خرایە بەردەم کۆنگرە و بڕیاری کۆتایی لەسەر درا. هەروەک بڕیار لەسەر دواگۆڕانکاریی پێویست و دوارِاپـۆرت درا. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆمەڵە بە دەنگدانی نهێنی و راستەوخۆ کرا. لە کۆنگرەکەدا کۆمەڵێک بڕیار و راسپاردە دەرکران، ئەمە جگە لە راپۆرتی کۆتایی.

لە کۆنگرەکەدا راپۆرتی رێکخراوی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە هەرێمی کوردستان خوێنرایەوە، کە رێزی تایبەت و خۆشەویستیی بۆ ئەندامانی کۆنگرە و پێشمەرگە ژنەکان

و خەباتگێڕان و جەماوەری ژنان، کە ڕووبەڕووی ترس و تۆقاندن و توندوتیژیی ڕژێم وەستاونەتەوە، لەخۆ گرتبوو... لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەو تەنگژە سیاسییە مەترسیدارەی وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێت بەهۆی زیادەڕەوی سیستمی دیکتاتۆریەت لە سیاسەتی ترس و تۆقاندندا دەرحەق بە گەل، کرابوو. هەروەها دەرهاویشتەی سیاسەتی جەنگ و ئەنجامەکانی لە نەهامەتی و قوڕبەسەری و کاولکاریی بۆ هەردوو وڵاتی عیراق و ئێران و لەو نێوەندەشدا گەلی کورد، بەجوانی روون کرابووەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەش کرابوو کە بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنستیی ڕەگەزپەرستییەوە گەلی کورد لە بچووکترین مافەکانیان و ئازادی و دیموکراسی بێبەش بوون. لە عورفی گرووپی دەسەڵاتدا؛ ئۆتۆنۆمی بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆن و ئاواڵاکردنی دەستی بکوژەکانی ئەمن. ڕاپۆرتەکە باسی لە ڕاوەدوونـان، گرتن، ئەشکەنجەدان، ژەهرخواردکردن، کوشتن و لەسێدارەدانی بێ دادگاییکردن، یاخود دادگاییکردنێکی شکڵییانەش کردبوو کە گەلی کورد ڕووبەڕووی بووبوونەوە، کە تەنانەت منداڵانیش لەو تاوانانە ڕزگاریان نەبووە.

ڕاپۆرتەکە باسی لە دەربەدەرکردنی دانیشتوانی گوندەکان بۆ ناوچە دوورەدەستەکانیش دەکرد، هەروەک باسی لە خێزانە کوردە فەیلییەکانیش کردبوو، کە هەرچی ماڵ و موڵکیان هەبوو هەڕاج کرا و ناسنامەی عیراقییان لێ سەنرایەوە بەبیانووی ئەوەی ڕەگەزیان ئێرانییە. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش کردبوو کە ڕژێم چەندین گوندی کوردستانی وێران کـردووە و بە هـەزارانی لە خێزانەکانیان دەربـەدەر کـردووە و گوندەکانی

ئاشوورییەکانیش لەو وێرانکارییە بێبەش نەبوون. سیاسەتی شۆڤێنستی، بوارەکانی خوێندن و رۆشنبیری و تەندروستییشی گرتبووەوە، جگە لەو نەهامەتییانەی کە رووبەڕووی ژنانی کورد دەبوونەوە بەهۆی دەرهاویشتەکانی شەڕەوە. راپۆرتەکە جەختی لەسەر کۆڵنەدان و خەباتی جەماوەر دەکردەوە لەپێناو شکستپێهێنانی ئەو سیاسەتەدا، لەو پێناوەشدا ئاماژەی بە راپۆرتی گەشەکردنی خەباتی هێزە نیشتمانییەکان و فراوانبوونی پێکهاتە شۆڕشگێڕە چەکدارەکان، کە ژنانیش بەشێوەیەکی بەرچاو وەک شەڕکەر و پەرستار و رێکخستنی سیاسی تیایاندا کار دەکەن، کردبوو.

لە راپۆرتەکەدا رۆڵی لقەکانی کۆمەڵە لە پارێزگاکانی کوردستان بەرز نرخێنرا لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی ژنان بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی واقیعی ژنان لەو ناوچەیەدا و بەستنەوەی خەباتیان بە خەباتی هێزە نیشتمانییە دیموکراتخوازەکان لەپێناو داننان بە مافەکانی گەلی کورد و کەمەنەتەوایەتییەکان بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیموکراسی لە عیراقدا. لە کۆتاییدا راپۆرتەکە جەختی لەسەر متمانەی پتەو بە سەرکەوتنی کۆنگرەکە و ئەرکەکانی لە خزمەتکردنی دۆزی ژنانی عیراق و بزووتنەوەی ژنانی دیموکراسی و بزووتنەوەی گەلی شۆڕشگێڕ کردەوە.

لە کۆتایی کارەکان و بەیاننامەی کۆتاییدا، کۆنگرە ئیرادەی ژنانی عیراقی دەربڕی بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و منداڵانی عیراقی و بەشدارییان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا لەپێناو رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆر و بنیاتنانی عیراقێکی ئازاد و سەربەخۆ و دیموکراتخواز.

# پاش کۆنگرەکە

کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵە، بڕیاری لە ڕێبازێکی سیاسی ڕوون دا، پلانێکی دوورودرێژی بۆ کارکردن لە نێو ژناندا دارشت. کۆنگرە دوای چەند مانگێک لە هەڵگیرسانی جەنگ دژی ئێران لەلایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتەوە، بەسترا. لە پلانی سیاسیی گشتیدا، کۆنگرە چارەسەری پرسی تێکۆشان دژی شەڕ و دیکتاتۆریەتی دانابوو، لە پلانی کاریشدا، بنەمای کارکردنی لەگەڵ جەماوەری ژنانی زیانلێکەوتوو لە تیرۆر و چەوساندنەوە دانابوو، هەروەها زیانلێکەوتووانی شەڕ، بە مەبەستی کۆکردنەوەیان و هاندانیان بۆ ئەوەی دژی دیکتاتۆریەت و شەڕ بوەستنەوە.

لە ساڵانی دوای کۆنگرەی چوارەم، پەیوەندیی نێوان لێپرسراوانی کۆمەڵە (سکرتاریەت و لیژنەی باڵا) و لقەکانی کۆمەڵە لە ناوەوە و دەرەوە لاواز و بێسەرەوبەرە بوو. هەرچەندە سەرکردایەتی بە توانا سادەکانییەوە هەوڵی دەدا سەرپەرشتی هەندێک بەش بکات بۆ دانانی باشترین شێوازی واقیعی بۆ خزمەتکردنی خەباتەکەیان و پەروەردەکردنی کادیری ژن، هەروەها لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان لقەکان و سکرتاریەتی و بەرنامەدانان بۆ چالاکییەکانیان، بەڵام ئاستەنگی گەورە لەبەردەم کارەکانی سکرتاریەت و لیژنەی باڵادا هەبوو؛ بەهۆی دووریی نێوان شوێنی نیشتەجێبوون و کەمیی ژمارەیان و

دەستگیرکردنی هەندێک کادیری سکرتاریەت و لیژنەی باڵا وەک: عائیدە یاسین، فەوزیە، رەسمیە جەبر، دایکی لینا... و ژمارەیەکی زۆر لە کادیر و ئەندامانی لەلایەن رژێمەوە، ئەو بارودۆخانە بوونە هۆی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەم و نەتوانرا بڕیارەکان بکرێنە کارێکی جەماوەریی سیستماتیک. بوونی ماوەیەکی زۆر لە نێوان ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی سکرتاریەتدا، بووە هۆی دواکەوتنی لێکۆڵینەوە لە پێشهاتەکان و کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوەی ژنان و کۆمەڵە بەتایبەتی.

سەرەڕای بوونی ئەو ئاستەنگییانە، کۆمەڵە بەردەوام بوو لە چالاکییەکانی و دەرکردن و بڵاوکردنەوەی (نضال المرأة المركزية) و (رسالة المرأة العراقية) و (نداء المرأة) کە لە لقەکانی کۆمەڵە لە سووریا و بەریتانیا دەر دەکران. هەروەها چەندین નامیلکە چاپ کران، ئەمە جگە لە بەشدارییان لە دیدار، سیمینار و کۆنگرەی جیهانی و عەرەبیدا. لە لایەکی تریشەوە چەندین ژنی تێکۆشەر پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد لە کوردستان دژی دیکتاتۆریەت. ئەم ئەزموونە لە خەبات، متمانەی ژنانی عیراقیی بە خۆیان و تواناکانیان زیاد کرد لە بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا لەپێناو رزگاریی گەل و یەکسانی و بەختەوەریی منداڵ و رووبەڕووبوونەوەی جیاکاری لە دژیان.

# لقەکانی کۆمەڵە و چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان لە وڵاتە جیاوازەکاندا

## لقی سووریا

نزیکیی سووریا لە عیراقەوە و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە ئاوارە عیراقییەکان لەوێ بەهۆی راکردنیان لە دەستی چەوساندنەوەی دیکتاتۆر، لەوانەش ژمارەیەکی زۆر لە کادیرەکانی کۆمەڵە و ئەندامەکانیان، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر دامەزراندنی لقێک لەوێ.

بوونی لیژنەیەکی سەرکردایەتی کە لە کادیرەکانی کۆمەڵە و لێپرسراوەکان پێک هاتبوو، کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر چالاکیی ژنانی عیراقی لە شام و بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ. لەدوای کۆنگرەی چوارەم و لە ساڵی ١٩٨١، لیژنەی لقی سووریا دوای ئەنجامدانی کۆنگرەی دامەزراندن، دامەزرا. تایبەتمەندیی لقی سووریا؛ بایەخدان بوو بە شوێنی نیشتەجێبوونی عیراقییەکان لە خێزانی پێشمەرگەکان بە ژن و پیاوەوە، لە ئاوارە و پەناهەندەکان، بەتایبەتییش ئەوانەی لە ناوچەی "سەیدە زەینەب" دەژیان، لە رێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە هاوکاری دەکران. هەروەها جەخت لەسەر هۆشیاریی ژنان کرایەوە، بەتایبەتییش لەسەر پێویستیی شەرمەزارکردنی شەڕ و ئاشکراکردنی تاوانەکانی رژێم و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی، ئەمانەش

لە ڕێگەی بەستنی سیمیناری ڕۆشنبیرییەوە. ئەمە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی ژنان لە خەبات و تێکۆشاندا. هەروەک بایەخیش دەدرا بە بۆنە ئاینییەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنان لە حەوشەی "ست زەینەب" لە بۆنەی عاشورا و هیی تردا، هەروەها لە دانیشتنەکانی چای عەباس و سوودوەرگرتن لە حەوزە خوونەکان لەپێناو هۆشیاربوونەوە و ناسینی کۆمەڵە، هەروەها بایەخیان بە ناوچەکانی تریش دەدا کە خێزانە عیراقییەکان تێیاندا بوونیان هەبوو، وەک: مەساکن بەرزە، دومەر، ئەمین، تیجارە و مەدحەت پاشا و چادرگەی یەرموک، چادرگەی فەلەستین. لقەکە بایەخی تایبەتی دەدا بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە عەرەبییەکان، ئەوانەی لە دیمەشق بوونیان هەبوو، وەک ڕێکخراوەکانی ژنانی سووری و فەلەستینی و یەکێتیی ژنانی عەرەب، کە کۆمەڵە خۆی ئەندام بوو تێیدا، بەهۆی چاوپێکەوتن و دیدار و کۆنگرەکانەوە، بەتایبەتییش کۆنگرەکانی یەکێتی لە دیمەشق و بەیروت و جەزائیر و لیبیا. هەروەها کۆمەڵە بەشداریی بەرچاوی هەبوو لەو چالاکییانەی لیژنەکانی یەکێتی ئەنجامیان دەدا، وەک: لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی عەرەبی، کە کۆمەڵە خۆی ئەندام بوو تێیدا، هەروەها ئەو چالاکییە تایبەتانەی یەکێتیی ژنانی فەلەستینی ئەنجامی دەدا.

کۆمەڵە بەشداریی بەرچاوی هەبوو لەو کاتانەی بوونیان هەبوو لە ئامادەکردنی دیدار و کۆنگرەکانی عەرەبی و جیهانیدا، لەوانەش: کۆنگرەی مۆسکۆ بۆ ئاشتی، کۆنگرەی

ئندع[٢٤] بۆ ڕوونکردنەوە و گەیاندنی نەهامەتییەکانی ژنانی عیراقی لە سایەی جەنگ و ترس و تۆقاندنی دیکتاتۆریەتدا و بەدرۆخستنەوەی ئەو درۆیانەی شاندی دەسەڵاتی عیراقی لەسەر دۆخی عیراق باسیان لێوە دەکرد.

هەروەک کۆمەڵە بایەخی بە منداڵ دەدا و لیژنەیەکی بۆ لاوان لەپێناو بایەخدان بە کێشەکانی منداڵان و گەشەپێدانی تواناکانیان دروست کرد. هەروەها لقەکە رۆڵێکی گەورەی لە میدیادا دەگێڕا بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و بەیاننامە، بەتایبەتییش بڵاوکردنەوەی مانگانەی "نداء المرأة"، هەروەها بەشدار بوو لە دەرچوونی بڵاوکراوەی ناوەندیی کۆمەڵە "نضال المرأة".

## لقی کۆمەڵە لە کۆماری یەمەنی دیموکراتیی میللی

یەمەنی دیموکراتی، یەکێک بوو لەو ناوچانەی لە ساڵانی هەشتاکاندا ژمارەیەکی زۆری کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەی لێ بوو، ئەمەش وای لێ کردن دەستپێشخەری بکەن بۆ دروستکردنی لقێک بۆ کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق.

سەرەڕای فراوانیی رووبەری یەمەن، یەکێک بوو لە لقە چالاکەکان. چالاکییەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە پشتیوانیی یەکێتیی ژنانی یەمەنی و حکومەتی دیموکراتی ئەنجام دەران.

پلانی کارکردنیان چەند بوارێکی لەخۆ گرتبوو: رێکخستن، کۆمەڵایەتی، سیاسی، میدیایی، پەیوەندییەکانی

---

٢٤ الاتحاد النسائي الديمقراطي العالمي، یەکێتی ژنانی دیموکراتیی جیهانی.

دەرەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی عەرەبی کە بوونیان هەبوو لە یەمەن و ڕێکخراوە دیموکراتخوازە عیراقییەکان و پارتە نیشتمانییەکان. ژمارەی ئەندامانی زۆر بوون و دابەش بووبوون بەسەر چەند شارێکدا، ئەمەش وای کرد چەندین لیژنەی کۆمەڵە لەو شارانەی بوونیان هەبوو، دروست کران.

لقەکە چەندین چالاکیی ئەنجام دا، لەوانە:

- بایەخدان بە هاوسەر و خێزانی ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە هێزە شەڕکەرەکانەوە کردبوو لە کوردستان، بۆ ئەوەی دژی دەسەڵاتی فاشیست خەبات بکەن. بایەخ و گرنگی بە منداڵی ئەو خێزانانە دەدرا بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و پیشەیی و پەروەردەییەکان لە خوێندنگە.

- بەشداری لە ئامادەکردنی کادیری ژن، بەتایبەتییش ئەوانەی پێشینەی کارکردنیان لەناو ڕێکخراوەکاندا نەبووە، هەروەها کردنەوەی خولی پێگەیاندن بۆ دروومان، فریاکەوتنی سەرەتایی، نەهێشتنی نەخوێندەواری و چەندین خولی هۆشیاریی گشتی.

- کردنەوەی چەندین پێشانگە و بازاڕی خێرخوازی بۆ بەرهەمی کاری هونەری و کاری دەستی، وەک: چنین، دروومان و نەخش، یاخود هەر جۆرە داهێنانێکی تری ژنان... ئەو چالاکییانە دەستکەوتێکی زۆریان هەبوو.

- هەماهەنگی و بەشداری لە چالاکییەکانی ناوەندی سکرتاریەتی کۆمەڵە بۆ ئامادەکردنی کۆنگرە و سیمیناری

جیهانی و بەشداریکردن تێیاندا، کە گرنگترینیان سیمیناری عەدەنی ئافرەتانی جیهانیی ساڵی ١٩٨٠ بوو، کە بە دەستپێشخەریی ئندع و بە هاوکاری لەگەڵ یەکێتیی گشتیی ژنانی یەمەن لەژێر دروشمی (ڕۆڵی ژنان لە تێکۆشاندا لەپێناو ئاشتی، هەروەها دژی سیاسەتی دوژمنکاریی ئیمپریالیەت لە ناوچەی کەنداو و زەریای هێمن).

- ڕێکخستن و ئەنجامدانی ئاهەنگی وتارخوێندنەوە و هونەری لە بۆنەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵان و بۆنە نیشتمانییەکاندا، هەروەها کردنەوەی پێشانگەی هونەری و دروستکردنی تیمی هونەری و شانۆ.

- لقەکە پەیوەندی توندوتۆڵی هەبوو لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی عەرەبی کە لە یەمەنی دیموکراتیدا بوونیان هەبوو، وەک: ڕێکخراوی ژنانی یەمەنی، سۆماڵی، سودانی و فەلەستینی... کۆمەڵە دەنگێکی ڕاگەیاندنی ڕاستەقینە و ڕوون بوو بۆ پشتیوانیی ژنانی عیراقی و گەلی عیراق و ئاشکراکردنی تاوانە دڕندانەییەکانی ڕژێمی زۆردار، هەروەها شێوازی تری ڕاگەیاندن، وەک: دەرکردنی بڵاوکراوەی بەردەوام، وەک بڵاوکراوەی (النصیرة) و بەشداری لە دەرکردنیناملکەی تایبەت بە کۆمەڵە لەژێر ناونیشانی (ژن و خەبات دژی فاشیەت).

## لقی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە بەیروت - لوبنان

لقی بەیروت لە ساڵی ١٩٧٩ دەمەزرا، لەو کاتەوەی هەڵمەتی دژایەتیکردنی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەلایەن ڕژێمی

فاشییەوە دەستی پێ کرد، کە زۆربەی ئۆپۆزسیۆنەکان لە بەیروت کۆ بووبوونەوە، چونکە گۆڕەپانێکی ئامادە بوو بۆ هەموو جۆرە چالاکییەکان بەهۆی بوونی چەندین هێزی جیاوازی ئۆپۆزسیۆنی رژێمی عەرەبیی جیاواز. لوبنان لەو سەردەمەدا دەسەڵاتێکی ناوەندیی نەبوو، هێزی بەرگریی فەلەستینییش لە بەیروت بوونی هەبوو، بەشداری دەسەڵات بوو و پشتیوان بوون لە چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە لوبنان.

ئەو لقە پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنانی لوبنانی هەبوو، کە ٣٠ رێکخراو زیاتر بوون. ئەو رێکخراوانە سەر بە رەوتی سیاسی؛ چەپ، راست و ئایینی بوون. پەیوەندیی لق لەگەڵ یەکێتیی گشتیی ژنانی فەلەستینی زۆر تایبەت بوو، هەروەها شانازیی بە پەیوەندییە مێژووییەکەی لەگەڵ لیژنەی مافەکانی ئافرەتانی لوبنانییەوە دەکرد، کە لە ساڵی ١٩٥٣ەوە دەستی پێ کردبوو، لەو کاتەی کۆمەڵە بوو بە ئەندام لە ئندع، بەڵام ئەو رێکخراوانە بەئاگا بوون لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە بەهۆی ئەوەی ئەو کاتە بەجۆرێک لە جۆرەکان نزیک بوون لە رژێمی عیراقییەوە. پەیوەندییەکە لە سنووری بەشداری بوو لەو خولانەدا کە بۆ ژنان دەکرانەوە، وەک: چاپکردن، دیزاین و هتد، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی گشتیی ژنانی فەلەستینی چالاکتر بوو، بەتایبەتییش لەو رەوتەی دژی رژێمی سەدام بوون. لق چەندین چالاکی و کۆڕی لەگەڵ یەکێتی ئەنجام دەدا، کەمپەکانی فەلەستینییشی دەگرتەوە، هەروەها یارمەتیی

خێزانە عیراقییەکانیان دەدا لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە. بازاڕی خێرخوازییان دەکردەوە بۆ یارمەتیدانی خێزانە عیراقییەکان و کەمپی فەلەستینییەکان. ژمارەیەک ئەندامی کۆمەڵە بەشدارییان کرد لەو خولانەی مەشقدا کە لایەنەکانی بەرگری فەلەستینی لە سەربازگەکانیاندا بۆ خانمە شەڕکەرەکانی کۆمەڵەکانی ژنان دەیانکردەوە وەک ئامادەکارییەک بۆ بەشداریکردنیان لە بزووتنەوەی چەکداریدا.

هەروەک لق بەشدار بوو لە کۆنگرەی یەکێتیدا، کە لە هەمان کاتدا شاندێکی ڕێکخراوی ڕژێمی عیراقییش بەشدار بوون. لەوێ ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و قسەی توند لە نێوانیان دروست بوو و دەنگی دایەوە، هەموو جۆرە ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی و ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی بڵاویان کردەوە. لەسەر داوای سەرۆکایەتی فەلەستینی، کۆمەڵە لە کۆنگرەکەدا هاتنە دەرەوە، بەهۆی ئەوەی دەیانویست پارێزگاری لە پەیوەندییەکان لەگەڵ عیراق بکەن.

لەگەڵ ئەوەش، پەیوەندییان لەگەڵ ڕەوتەکەی تر لەناو یەکێتی بەردەوام بوو و چالاکیی زۆریان بەیەکەوە کرد تا وەستاندنی چالاکییەکان لە لوبنان.

لە کاری ڕاگەیاندندا، لقەکە لەگەڵ ڕێکخراوە دیموکراتییە عیراقییەکان بەشدار بوو لە دەرکردنی گۆڤار (الحقيقة)، هەروەک بەشدار بوو لە چەندین بۆنە و ئاهەنگ کە ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە لوبنان پێی هەڵدەستان، هەروەها

له سیمیناری بەیروت بۆ ئاشتییش بەشدار بوو کە بە چاودێریی یەکێتیی ژنانی عەرەبی و لەژێر دروشمی (خەباتی ژنانی عەرەبی دژ بە ئیمپریالیەت و کۆنەپەرستی و جەنگ، لەپێناو ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی) بەسترا.

## لقی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە جەزائیر

لە ساڵی ١٩٨١ لیژنەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵە و ئەو کەسانەی بزووتنەوەی ژنانی عیراقییان لە جەزائیر بە لاوە گرنگ بوو، لەپێناو دامەزراندنی لقی کۆمەڵە، پێک هات. بەهۆی ئەوەی جەزائیر وڵاتێکی فراوانە و فرەلایەنە، بڕیار درا لیژنەیەک پێک بهێنن تا سەرپەرشتی کارەکان بکات و چەند لیژنەیەکیش پێک بهێنرێن بۆ ناوچەکانی (رۆژهەڵات، رۆژئاوا، ناوەڕاست)، ئەوە جگە لە ئەنجومەنی تر لە زۆربەی شارەکانی جەزائیر کە خێزانێکی زۆری عیراقی لێ بوو بۆ ئەوەی بگەنە شار و لادێکانی نزیکیان.

ئامانجی ئەو لقە، کۆکردنەوەی خێزانە عیراقییەکان لە جەزائیر بوو، بۆ ئەوەی هەست بە نامۆیی نەکەن، لە رێگەی دیدار و ئاهەنگ لە بۆنە تایبەتی و گشتییەکاندا.

کارکردن بەنهێنی بوو، بەهۆی ئەو دۆخە ئاڵۆزەی لە جەزائیر هەبوو، هیچ رێکخراوێکی بیانی بۆی نەبوو کار بکات و قەدەغە بوو، بۆیە بواری کاری میدیایی و پەیوەندی نەبوو، بەڵام کۆمەڵە توانیی تا رادەیەک سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە رێگەی ئاهەنگگێڕان و سەردان و سەیران و سیمینار گرتنەوە، هەروەها کردنەوەی بازاڕی خێرخوازیی

سنووردار لەناوماڵەکاندا. لیژنەی جەزائیر چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر بابەتی جۆراجۆر کرد دەربارەی ژن و منداڵ و بزووتنەوەی ژنان. هاوکار بوو بۆ ئامادەکردنی کۆنگرەکانی ژنانی جیهان، کە لقەکە ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەبوو لە کۆبوونەوەی پراگ لە ساڵی ١٩٨٨ و پێشکەشکردنی دیاری بە کۆنگرەی نایرۆبی لە ساڵی ١٩٨٥.

لە کارە باشەکانی لقی کۆمەڵە لە جەزائیر؛ ئەو چالاکییانە بوو کە دەیتوانی هاوکاریی دارایی کۆمەڵە بکات، لق یارمەتییەکی دارایی زۆری کرد لەگەڵ یارمەتیی کەلوپەلی جیاواز.

بەشێک لە خوشکان بەشدارییان لە ئامادەکردنی ئەو نامیلکەیەدا کردووە کە لەلایەن کۆمەڵە دەرچووە، کە لە سیمیناری بۆدابست لە هەنگاریا لە ساڵی ١٩٨٣ باسی لێ کرا، کە تیایدا باسی بابەتگەلێکی سەرەکیی سیاسی، هزری و ڕێکخراوەیی کرا، لەوانە: بەشداریی ژنان لە خەباتی دژ بە فاشیزم، هەروەها کۆمەڵە نامیلکەیەکی لەژێر ناوی (ژنان لە بەرگریدا دژ بە فاشیەت و جەنگ) دەر کرد.

## لقی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە بەریتانیا

لقێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە بەریتانیا، لە لەندەن دامەزرا. لقەکە لە ناوچەی وێڵز و شارەکانی مانچستەر و بێرمینگهام پێگەی هەبوو. کارەکانی لقەکە، لە هەماهەنگی، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی دەرەوەدا چڕ بووبوونەوە، لەو چالاکییانە:

- **پشتیوانی:** کۆمەڵە بەشدار بوو لە چالاکی و هەڵمەتەکانی پشتیوانی بۆ گەلی عیراق بە عەرەب و کوردەوە، لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی پشتیوانیی بەریتانی (لیژنەی داکۆکی لە بێسەروشوێنەکان لە عیراق)، کە کۆمەڵە ئەندام بوو لەو لیژنەیەدا و زانیاری و ڕاستییەکانی پێ دەوتن. هەروەها لق بەشدار بوو لە کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی کاردری (لیژنەی بەریتانی دژی تیرۆر و لەپێناو عیراقێکی دیموکراتی). کۆمەڵە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە ڕێگەی سەردانەکانیان بۆ لای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئاشکراکردنی سیاسەتەکانی ڕژێم.

- **ڕاگەیاندن:** لق بڵاوکراوەی وەرزیی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەر دەکرد، لەوانە "نداء المرأة"، ئەوە جگە لە ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی کە لە کۆنگرەکانی ژنان لە بەریتانیا بڵاویان دەکردنەوە. لەگەڵ ئەوەش، لە هەموو بۆنەیەکی تایبەت و گشتیدا، یاخود لە کاتی نارەزاییدەربڕیندا، یان دژایەتیکردنی جەنگ و تیرۆر، بەیاننامەی ڕۆژنامەوانیی بڵاو دەکرانەوە، هەروەها لقەکە چەندین ناملیکەیان دەربارەی مێژووی ژنانی عیراق دەر کرد.

- **پەیوەندیی دەرەکی لەگەڵ ڕێکخراوە نیشتمانی و بیانییەکانی ناو بەریتانیا:** کۆمەڵە شانبەشانی ڕێکخراوەکانی عیراقی بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو لە فێستیڤاڵی ساڵانەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی عیراق و خۆپیشاندان و نارەزاییدەربڕینەکان. سەبارەت بە کاری ژنان، پەیوەندییان

لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان (ئێرانییەکان، تورکییەکان و چیلییەکان) هەبوو لە ڕێگەی ئاهەنگەکان لە بۆنەکانی ژنان و ئاهەنگی هاودەنگیی یەکتری، ئەمە جگە لە ڕێکخراوە بەریتانییە پشتیوانەکان لە گەلی عیراق، وەک ڕێکخراوی "کاردری" و ڕێکخراوی داکۆکی لە بێسەروشوێنان، هەروەها ڕێکخراوی ئاشتی (سی، ئێن، دی) و ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی[٢٥] و ناوەندی ژنان لە ناوچەکە و لە شوێنەکانی تر.

کۆمەڵە چالاکیی تایبەتی خۆی هەبوو، وەک: ئاهەنگگێڕان لە ٨ی ئازار و ١ی حوزەیران، هەروەها بەشداریکردن لە کۆنگرە جیهانییەکان لە دەرەوەی بەریتانیا و کاری میدیایی لەو شوێن و وڵاتانەی ئامادەییان هەبوو تێیاندا.

هەروەها لق بەشدار بوو لە کردنەوەی خوێندنگەیەکی عیراقی، کە کادیرەکانی بە خۆبەخشی کاریان تێدا دەکرد و دواتر خوێندنگەکەیان ڕادەستی مونتەدای عیراقی کرد. هەروەک ئەندامانی کۆمەڵە بە بەردەوامی بازاڕی خێرخوازییان دەکردەوە بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی خەرجییەکانی کۆمەڵە.

## لقەکانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستەکان

ئەم لقانە، بە جێگیریی بنەماکانی ڕێکخستن و سەقامگیریی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردن و بەرنامەی کاریان ناسراو بوون، بەڵام سروشتی چالاکییەکانیان زیاتر خوێندکاری

---

٢٥ ڕێکخراوی ئەمنستی نێودەوڵەتی.

بوو، چونکە زۆربەی ئەندامەکانیان خوێندکار بوون.

لە یەکێتی سۆڤیەت نۆ لق دروست بووبوون و بەسەر شاری دوور لە یەکتر دابەش بووبوون. لیژنەیەکی جێبەجێکار سەرپەرشتیی ئەو کارەی دەکرد، چەند لیژنەیەکی تایبەتمەند پێک هێنران بۆ بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکان و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە عەرەبییەکان، هەروەها لە بواری ڕاگەیاندن و دارایی و سەرپەرشتی لقەکان. لقەکە پەیوەندی لەگەڵ لیژنەکانی ژنانی سۆڤیەت، کۆشکی تەلایع، گۆڤاری ژنانی سۆڤیەتی و خاچی سووری سۆڤیەتی، لیژنەکانی جەنگاوەرە دێرینەکان و ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی هەبوو. لە بۆنەکانیشدا چەندین چالاکیی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا، لەگەڵ بەستنی سیمیناری ڕۆشنبیری و میدیایی و کۆمەڵایەتی، هەروەها پێشکەشکردنی هاوکاریی دارایی بە کۆمەڵە. دەتوانین کورتەیەک لەو چالاکییانەی لە وڵاتە سۆشیالیستەکانی وەک: بولگاریا، چیکۆسلۆڤاکیا و هەنگاریا، لەگەڵ چالاکییەکانی لقەکانی کۆمەڵە لەناو یەکێتی سۆڤیەتدا، بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

- لێکۆڵینەوە و سیمیناری بەردەوام.
- پێشانگەی هونەری و بازاڕی خێرخوازی و بەشداریکردن لە پێشبڕکێی جیاواز بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و بەدەستهێنانی پشتیوانی.
- بەشداری لە کاری خۆبەخشی.
- چالاکیی کۆمەڵایەتی و خولی فێربوون.

- دروستکردنی تیمی هونەری و وەرزشی، کردنەوەی خولی فێربوون و پێشانگەی وێنەکێشان بۆ منداڵان.
- ئامادەبوون لە چالاکیی پشتیوانییە تایبەت و گشتییەکان، بەشداری لە لیژنەکانی پشتیوانی.
- بەشداری و ئامادەبوون لە سیمینار و دیدار و کۆنگرەکانی گشتی و ژنان.

لەگەڵ ئەو هەموو چالاکی و بەشدارییە هەمەجۆرانە و پەیوەندییەکی نموونەیی لە نێوان کادیرانی ژن و خۆپێگەیاندن و گەشەکردندا، بەڵام پەیوەندی نێوان رەوەندی عیراقی لە ئاستی پێویستدا نەبوو. سەبارەت بەو وڵاتانەی لقی کۆمەڵەیان تێدا نەبوو، وەک کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیای رۆژئاوا، کۆمەڵە هەوڵی دەدا پێگەی خۆی بدۆزێتەوە لەو شوێنانەدا و کاریان تێدا بکات. سکرتاریەتی کۆمەڵە دەیویست رۆڵی کۆمەڵە لە دەرەوە کاریگەر بکات، بۆ ئەو مەبەستە، نووسینگەیەکی ناوەندیی لە دەرەوە پێک هێنا، وەک ئەنجومەنێکی ناوەندیی وا بوو بۆ بەدواداچوون و سەرپەرشتیی چالاکیی لقەکانیان. نووسینگەکە بەرنامە و ئەرکەکانی بۆ تێکۆشان لە تەوەرەکانی پەیوەندییەکانی دەرەوە، هەماهەنگی، بڵاوکراوە و میدیادا دیاری کرد. نووسینگەکە بایەخی زۆری دەدا بە بڵاوکراوەکان بە مەبەستی گەیاندنی نەهامەتییەکانی ژنانی عیراقی بەتایبەتی و گەلی عیراق بەگشتی، لەپێناو بەدەستهێنانی پشتیوانی. بڵاوکراوەی (رسالة المرأة العراقية الخارج) و (نضال المرأة) و بڵاوکراوەی ١٠ی ئازار و

بڵاوکراوەکانی لقەکان، رۆڵێکی باشیان لەو بوارەدا بینی، هەروەها ئامادەبوون لە کۆنگرە و دیدار و سیمینارەکان لەگەڵ رێکخراوە عەرەبی و جیهانییەکان و بەشداربوون لە ئاگادارکردنەوەی کۆڕبەندە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەو شتانەی لە عیراقدا روو دەدەن. ئەمە جگە لە فێستیڤاڵی خوێندنەوەی وتار و کۆکردنەوەی واژۆ و ناردنی شاند بۆ وڵاتانی جیاواز لەپێناو هاوکاری و پشتیوانی لە ژنانی عیراق و گەلی عیراق.

ئەو کۆنگرە عەرەبی و جیهانییانەی کۆمەڵەی ئافرەتان لە هەشتاکاندا بەشدار بوون، وەک: سیمیناری عەدەن، کۆنگرەکانی یەکێتیی ژنانی عەرەبی، کۆنگرەکانی ئندع، کۆنگرەکانی ئاشتی، کە بڵندگۆی پێناسەکردنی ئەو نەهامەتییانە بوو کە گەلی عیراق دەبوونەوە، هەروەها گەیاندنی دەنگی ژنان بۆ جیهان. (پەیوەندییەکانی دەرەوە، لە یەکێک لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا بەدرێژیی باسی لێ کراوە).

# ئەزموونی خەباتی چەکداری

ژنانی عیراقی شێوازی هەمەجۆریان لە تێکۆشان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان پیادە کرد، لە سەروو هەموو ئامانجەکانەوە، تێکۆشان بوو لەپێناو ئازادیی نیشتمانی و دژایەتی جەنگ، هەروەها لەپێناو ئاشتی و ژیانێکی باشتر بۆ خۆی و منداڵەکانی و گەلەکەی.

زیادبوونی تیرۆری خوێناوی و پاکتاوی جەستەیی هەر نەیار و ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران کورسی زانکۆکان و ماڵەکانیان جێ بهێڵن و بەرەو کوردستان بڕۆن و پەیوەندی بە ریزەکانی بەرگری چەکدارییەوە دژی دیکتاتۆریەت بکەن.

ژنانی عیراقی، نامۆ بوون بەم جۆرە لە خەبات، هەرچی پەیوەندی بەو شێوازەی خەباتەوە هەبوو، بەلایانەوە شتێکی تازە بوو، لەبەر ئەوە ئەزموونێکی قورس بوو، بەڵام ئەوەندەی نەبرد شایستەیی خۆیان لەو بوارەشدا سەلماند. لە سەرەتادا کاری کادیرە ژنەکان تەنیا لە بواری بەڕێوەبردندا کورت دەبووەوە، بەڵام بەزوویی فێری ئەوە بوون کە چۆن ببنە پێشمەرگە و سەلماندیان کە شایستەی ئەوەن چەک هەڵبگرن و ئەرکە سەربازییەکانیان لەگەڵ ئەوانی تردا دابەش دەکرد، چەندین شەهیدیان لە وێنەی مۆنالیزا، عەمیدە عەزیب و کەسانی تر دا.

پێشمەرگە ژنەکان سەرەڕای ئەرکە سەربازییەکان،

چالاکیی ڕێکخستن و سیاسی و بەرپرسیارێتی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگەکانیان لە ئامادەکردنی خواردن، نانکردن، پاسەوانی، خانووکردن و کۆکردنەوەی داردا جێبەجێ دەکرد. هەروەک پێشمەرگە ژنەکانی کۆمەڵەی ئافرەتان، لە بواری پزیشکیدا بەشدار بوون هاوشانی پزیشک و پەرستارەکان، ئەوانی تریش خولی پەرستارییان بینی و بوون بە بەرپرسی چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی پێشمەرگەدا، هەروەها بەناو گوندەکاندا دەسووڕانەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی و هۆشیارکردنەوە لە ڕووی تەندروستی و سیاسییەوە، ئەمە جگە لە بەشدارییان لە سەردانی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنیان لە خۆشی و ناخۆشیی خەڵکی گوندەکاندا.

کاری پێشمەرگەکان تەنیا بەشداری نەبوو لە مەفرەزە چەکدارییەکان و پێشکەشکردنی هاوکاریی پزیشکی، بەڵکوو لە بواری ڕۆشنبیری و هۆشیارکردنەوە و بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواریشدا چالاک بوون، هەروەها وتنەوەی وانە بە منداڵی خێزانی پێشمەرگەکان، تیمی نمایشی شانۆ و گۆرانییان پێک دەهێنا و ئێوارەی شیعرخوێندنەوە و ئاهەنگی گۆرانییان ڕێک دەخست، ئەمە جگە لەوەی بەشدار دەبوون لە نووسینی هەواڵەکاندا. لە بواری ڕاگەیاندن و گەیاندندا چەندین بێژەر و ڕۆژنامەنووس و شارەزا دەر کەوتن. بەم شێوەیە، ژنە تێکۆشەرە عیراقییەکان، بە عەرەب و کورد و کەمەنەتەوایەتییەکانەوە، ئەم ئەزموونەیان تاقی کردەوە بە هەموو ئاستەنگەکانییەوە.

# کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان

لە ٨ی ئابی ١٩٨٨ شەڕی عیراق – ئێران وەستا پاش ئەوەی تەڕ و وشکی پێکەوە سووتان، دوای ئەوەی رووەک و زەوی و وەچەکانی هەمووی قوت دا. دۆخێکی تازە دروست بوو سەرەڕای زیادبوونی تیرۆر و سەرکوتکردن، لەبەر ئەوە پێویستی دەکرد کۆمەڵە ئەو دۆخە بە هەند وەربگرێت و بەردەوام بێت لە رەوتی تێکۆشان دژی شەڕ و ئاسەوارە خراپەکانی. لە سەرەتای ١٩٨٩، سکرتاریەتی کۆمەڵە داوای بەستنی کۆبوونەوەیەکی فراوانی لیژنەی باڵای کرد؛ بۆ شرۆڤەکردنی ئەو بارودۆخەی بەهۆی شەڕی عیراق – ئێرانەوە دروست بووبوو. کۆبوونەوەکە داوای کرد کە:

١. هێزە بیانییەکان لە کەنداو بکشێنرێنەوە.

٢. جێبەجێکردنی بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

٣. گەڕانەوەی دیلەکان بۆ ناو خێزانەکانیان.

٤. گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کەسانەی بە زۆرەملێ کرابوونە سەرباز، بۆ سەر کارەکانی پێشوویان.

٥. رێگریکردن لە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و کیمیاوی و بەکتریایی لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە.

٦. تێکۆشان لەپێناو ئاشتی و دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

دوای وەستانی شەڕ لە ٨ی ئابی ١٩٨٨، تیرۆر و تۆقاندن زیاتر پەرەی سەند، زیندانەکانیان پڕ کردبوو لە باشترین کوڕان و کچانی گەلی عیراق، ئەوانەی دژی شەڕ و دیکتاتۆریەت وەستابوونەوە لە نەتەوەکانی عەرەب و کورد و ئەوانی تر، ئەوانەی ژیانی سەختی زیندان و ئەشکەنجەدانی نامرۆڤانە و چاوەڕوانیی مردنیان لە ژوورەکانی لەسێدارەداندا چەشت. لەو ماوەیەدا ڕێکخراوی سەر بە دەسەڵات "یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق"، بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەکانی پێشوویان لە پشتوانیی دیکتاتۆریەت و قووڵترکردنەوەی ئازارەکانی ژنانی عیراق لە هەموو روویەکەوە. لەژێر سایەی ئەم دۆخە ناهەموارەدا، ژنانی عیراقی بەرپرسیاریێتی خۆیان بەرانبەر پاراستنی خێزان و ماڵەوە گرتە ئەستۆ و گەڕان بۆ پەیداکردنی بژێوی بۆ منداڵەکانیان. لە نێو ئەو ئازار و دۆخە سەختەدا، ژنان بۆیان دەرکەوتبوو هیچ مافێک و دەستکەوتێک بەبێ تێکۆشان و سەرپەرشتی ڕێکخراوێکی ژنانەی خاوەن ئەزموون و تێگەیشتوو لە دیموکراسیەت، ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت.

لەو هەلومەرجەدا، چالاکییەکانی کۆمەڵە چڕ بووبوونەوە لە بوارەکانی میدیایی، هاوکاری و هەماهەنگی، جەختکردنەوە لەسەر ئازار و

نەهامەتییەکانی ژنان و منداڵانی عیراق، لە ئەنجامی سیاسەتی ترس و تۆقاندن و دیکتاتۆریەت و شەڕەکانەوە.

لە ساڵی ١٩٩٠ سکرتاریەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق کۆبووەوە، سەرنجی تەواوەتی خستە سەر لێکۆڵینەوە لە پێشنیاری بەستنی کۆنفرانس یاخود کۆنگرەیەک بۆ کۆمەڵە، بۆ شرۆڤەکردنی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و ئەنجامی شەڕەکان لە عیراقدا، ئاوارەبوونی سەدان خێزانی عیراقی و نیشتەجێبوونیان لە وڵاتانی تر، هەروەها شرۆڤەکردنی شێوازی تازە بۆ خەباتکردن و چالاکیی لەو شوێنانەی کۆبوونەتەوە و ناردنی نامە لەوبارەیەوە بۆیان، ئەمەش ناوەڕۆکی نامەکە بوو:

**بۆ خوشکانی کۆمەڵە**

**سڵاوێکی گەرم**

ساڵێک زیاترە گۆڕانکاریی زۆر و خێرا لە بارودۆخماندا لە دەرەوە روویداوە، بووەتە هۆی کۆچی سەدان خێزانی عیراقی و نیشتەجێبوونیان لە شوێنی تازە و وڵاتی تازە. ئەوەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێکهاتەی ئەو لقانەی کۆمەڵە هەبووە کە لە چەندین وڵاتی عەرەبی و جیهانیدا کاریان کردووە.

گۆڕانکاری لە دۆخی وڵاتە سۆشیالیستەکاندا زۆر بەخێرایی روو دەدات، بارودۆخی کار گۆڕاوە، ناوەندی

تازە بۆ کۆکردنەوەی خێزانە عیراقییەکان پەیدا بووە و لە هەندێک شوێنی تریش نەماون، پێویستە شرۆڤەی بژاردەی نوێ بۆ کارکردن و شێوازەکانی رێکخستنی کۆمەڵە لە دەرەوە بکرێت. ئەم بابەتە چەقی بایەخی کۆبوونەوەی سکرتاریەت بوو کە لە کۆتایی مانگی شوباتی ئەمساڵ بەسترا، هەروەها شرۆڤەی پێشنیاری بەستنی کۆنفرانس یاخود کۆنگرەیەکیش بۆ کۆمەڵە کرا؛ بە مەرجێک پێش ئەمە بایەخ بدرێت بە چالاکیی تازە بۆ کۆکردنەوەی ژنە بەتوانا دیموکراتخوازە عیراقییەکان لەو شوێنە تازانەی کە بە هەزاران تێیاندا کۆبوونەتەوە، وەک: سوید، ئینگلتەرا، یۆنان، ئەڵمانیا، کەنەدا و ئەمەریکا.

خوشکان!

ئەم ئەرکە زۆر قورس دەبێت ئەگەر هاوکاری یەکتر نەبین بۆ بەدیهاتنی، ئەگەر هەموو خوشکان و ئەندامان و کادیرانی کۆمەڵە دەستپێشخەری لە کۆکردنەوەیاندا نەکەن، بەتایبەتییش کە ئەندامانی سکرتاریەت لە ئێستادا لە زیاتر لە وڵاتێکدا نیشتەجێن.

ئێمە داوا لە هەمووتان دەکەین دەستبەجێ هەوڵی کۆکردنەوەیان بدەن، ئازادن لە دەستنیشانکردنی شێوازی کار و ناولێنانیان، لە سەرەتادا زۆر پێویست نییە کە بەناوی لقی کۆمەڵەوە ئەو کارە بکەن، بەڵکوو دەتوانن شێوازێکی تایبەت لە کار بگرنەبەر وەک یانە

و کۆمەڵەی عیراقی بەگشتی، گرنگ ئەوەیە پەیوەندی لەگەڵ ژنە عیراقییەکان جا سەر بە کۆمەڵە بن یاخود نا، یان هێزە نیشتمانییەکانی تر ببەستن، لەگەڵیان ڕێک بکەون لەسەر شێوازەکانی ڕێکخستن و کار، گرنگ گەیاندنی دەنگی ژنانی عیراقییە و ئیرادەیان و سووربوونیان لەسەر خەباتکردن لەپێناو ئاشتی و دیموکراسی لە وڵاتدا. دوای ئەوەی ڕووی ڕژێمی دیکتاتۆر لە نێوەندە عەرەبییەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان ئاشکرا بوو پاش دواتاوانی لە داگیرکردنی کوەیت و بردنی گەل بەرەو مەترسیی شەڕێکی ماڵوێرانکەر.

ئێمە هیواداریین تواناکانتان کۆ بکەنەوە لەپێناو چالاکیی کاریگەر لەو شوێنە تازانەی تێیدا کۆبوونەتەوە تا کۆتایی ئەمساڵ، پاشان هەوڵ دەدەین لە ساڵی داهاتوودا کۆنفرانس ببەستین. ناونیشانێکتان بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی نامە و هەواڵی دەستپێشخەری و چالاکییەکانتان بۆ سکرتاریەت بنێرن، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانین پەیوەندییەکانمان دروست بکەینەوە و شرۆڤەی تواناکان و پێشنیارەکانتان بخەینە بەرنامەی کاری کۆنفرانسی داهاتووەوە.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقی**

**ئەڵمانیا ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠**

# رۆڵی ژنانی عیراق
# لە راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١

شەڕی عیراق – ئێران کە هەشت ساڵی خایاند، برینی قووڵی لە جەستەی عیراق بە خاک و مرۆڤەکانییەوە جێ هێشت، هێشتا ئەو برینانە تیمار نەبوون کە شەڕی دووەم هەڵگیرسا. شەڕی کەنداو، داگیرکردنی کوەیتی دراوسێ لەلایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتەوە بە هاندانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

مەیلی سەدام حسێن و چاوچنۆکیی فراوانخوازانە و دوژمنکارانەی، لەگەڵ مەیل و چاوچنۆکییەکانی ئەمەریکا لە عیراقدا یەکی دەگرتەوە، بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ناوچەکەدا و سەپاندنی بوونی سەربازیی خۆی تێیدا، لەشکرکێشی و داگیرکردنی کوەیت لەلایەن دیکتاتۆریەتەوە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، خراپترین وماڵوێرانکەرترین شەڕی لێ کەوتەوە. شەڕێک عیراقی نیو سەدە بەرەو دواوە گەڕاندەوە. ژنانی عیراق رادەی ئەو وێرانکارییەیان بینی کە وڵات و دەستکەوتەکانی گەلەکەی تووشی هاتن. وڵاتیان لە تاریکییەکی قووڵدا بینی، بەبێ ئاو و کارەبا و پەیوەندیی تەلەفۆنی، گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی ئامراز و شێوازە زۆر کۆنەکان بۆ هێنانی ئاو و پەیداکردنی سووتەمەنی و گەڕان بەدوای خۆراک بۆ منداڵەکانیان و رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی. لە ئەنجامی ئەو شەڕە کارەساتبارەی بەهۆی

ئامادەنەبوونی رژێم بۆ کشانەوە لە کوەیت هەڵگیرسا؛ تووڕەیی سەربازە دۆڕاو و بێهیوا گەڕاوەکان لە شەڕێکدا کە هیچ بڕیار و بەرژەوەندییەکی ئەوانی تێدا نەبوو، لەگەڵ تووڕەیی میللەت بە پیاو و ژنەوە یەکی گرت و بووە هۆی تەقینەوەیەکی گەورە و راپەڕینێکی بەرفراوان لە ئازاری ١٩٩١، کە هەمووان بەشدار بوون تێیدا وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە دیکتاتۆر و سیاسەتە وێرانکارییەکەی دەرحەق بە میللەت. ژنان لە سەرتاسەری عیراق لەو راپەڕینە قارەمانانەیەدا بەشدار بوون، پێشڕەویی خۆپیشاندانیان دەکرد و لەگەڵ جەماوەرە تووڕەکە پەلاماری گەنجینەکانی چەکیان دەدا، لە یەکەم چرکەساتەوە هانی شەڕکەرەکانیان دەدا بە هەلهەلە و هوتافدان و کۆکردنەوەی چەک، هەروەها لە پێشەوەی جەماوەری راپەڕیوەوە بوون لە شەقامەکان. لە کوردستانیش ژنانی کورد رۆڵێکی گرنگیان لە راپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ بینی و راپەڕینەکە سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە، لەگەڵ جەماوەرە تووڕەکە، تۆڵەی جینۆسایدی ئەنفال، گۆڕەبەکۆمەڵەکان، بۆردوومانی کیمیاویی هەڵەبجە و سەدان هەزار ئاوارە و راگوێزراو و قوربانییان لە گوندە سووتێنراو و بەعەرەبکراوەکان دەکردەوە.

ئازادکردنی کوردستان لەسەر دەستی جەماوەرە راپەڕیوەکە، لەلایەن ئەمەریکاوە پێشوازی لێ نەکرا و بواری رژێمی فاشیست و دامەزراوەکانی دا دەسەڵات بگرنەوە دەست. لەژێر چاوترساندنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، تراژیدیای کۆچی یەک ملیۆنی دەستی پێ کرد

بەرەو وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران). ئەم تراژیدیایە ویژدانی جیهانی هەژاند و بەناچاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رووی مرۆڤایەتییەوە هاتنە سەر هێڵ بۆ پارێزگاریکردن لە هاوڵاتیی بێچەک و پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ. بڕیاری ناوچەی ئارامیان دا دوای ئەوەی هێزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی، توانییان رووبەرێکی فراوان لە ناوچەکان بپارێزن و هەندێک شوێنی تریش بەهۆی بزووتنەوەی جەماوەرییەوە بگرنەوە دەست. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانە، دەسەڵاتی عیراق و دامەزراوەکانی، زۆربەی شارەکانی کوردستانیان بەناچاری جێ هێشت، بەڵام لە ناوچەکانی تری عیراق، راپەڕین سەرکوت کرا و سەدام وێرانکارییەکی ئەوتۆی کرد کە هێزەکانی هاوپەیمانان نەیانکردبوو. شوێنە پیرۆزەکانی لە کەربەلا و نەجەف و هەندێک شوێنی تر و ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانیان وێران کرد. دەستدرێژیی دەسەڵات، شەپۆلێکی تازەی لە ئاوارەبوون و کۆچکردن و بەجێهێشتنی نیشتمان و هەڵبژاردنی تاراوگەی لەلایەن چەندین ملیۆن عیراقییەوە، لێ کەوتەوە.

چالاکییەکانی بزووتنەوەی جەماوەری، لەوانەش چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە ناوەڕاست و باشووری عیراق، بەرەو کزی رۆیشت، بەڵام لە کوردستان بزووتنەوەی جەماوەری بووژایەوە و رێکخراوە جەماوەرییەکان چالاکییەکانیان دەست پێ کردەوە. کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان – عیراق و یەکێتیی ژنانی کوردستان

و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، دەستیان کرد بە چالاکی، چەندین جۆری کۆمەڵەی ژنان لە بواری جیاواز و پسپۆڕیی جیاوازدا دروست بوون، بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی ژنان بە مافەکانیان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا. چەندین جۆری گۆڤاری ژنان دەردەچوون بە مەبەستی دیاریکردنی دۆخ و ڕۆڵی ژنانی کورد و ڕۆڵیان لە ژیانی گشتیدا. ئەو ڕێکخراوانە لەناو ژناندا کاریان دەکرد بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەپێی توانا و هاوکاریی لە نێوانیاندا. توانرا بەهۆی ئەو دۆخە نوێیە و بواری ڕەخساوەوە؛ ڕۆڵێکی بەرچاو ببینن بۆ گەشەی ژنانی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن پێگەی شایستەیان هەبێت. ژنانی کوردستان لەناو پەرلەمان و حکومەت کورسییان بەدەست هێنا. توانییان گۆڕانکاری لە یاسای باری کەسێتیدا بکەن بەجۆرێک کە بە سوودی مافەکانی ژن بشکێتەوە.

لە ناوەڕاست و باشووری عیراق، لە سایەی زیادبوونی زوڵم و زۆرداریی دیکتاتۆر و گەمارۆی ئابووری، کە ئەنجومەنی ئاسایش بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان داینابوو بە بیانووی تۆڵەکردنەوە لە ڕژێمی دیکتاتۆری عیراق لە بەرانبەر پەلاماردانی کوەیت و تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە و جیهان و مەترسی هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژی. زیانلێکەوتووی سەرەکیی ئەم تراژیدیایە، گەلی عیراق بوو، کە هیچ بڕیارێکی بەدەست نەبوو لە هەڵگیرساندنی شەڕدا. گەمارۆی ئابووری بووە هۆکارێک بۆ بەدخۆراکی و مردنی منداڵان بەهۆی کەمیی دەرمان و ئامێرە پزیشکییە

پێویستەکان و وەستانی وێستگە کارەباییەکانەوە. بەهۆی ئەو دۆخە سەختەوە، چالاکییەکانی کۆمەڵە چڕبووەوە لە بوارەکانی میدیایی و هاوخەمیی ئازارەکانی ژنانی عیراقی و منداڵەکانیان.

بەهۆی ئەو هەلومەرجە بابەتییەوە، هەروەها بەهۆی هەلومەرجی تایبەتییەوە کە پەیوەندی بە لایەنی رێکخراوەیی کۆمەڵەوە هەبوو، لەگەڵ ئەو کۆسپانەی کە رێگر بوون لە کۆکردنەوەی تواناکاندا؛ نەتوانرا کۆنفرانس، یاخود کۆنگرەیەکی کۆمەڵە ببەسترێت.

# دامەزراندنی گرووپەکانی ژنانی عیراقی لەو وڵاتانەی پەنابەریان لێیە

ژنانی عیراقی، لە تاراوگە رووبەڕووی چەندین قەیرانی نوێ بووبوونەوە، ئەویش بەهۆی واقیعی ئەو کۆمەڵگە تازانە و قورسیی خۆگونجاندن و پەیداکردنی چانسی کار، ئەمە جگە لە ئاوارەیی و سەختیی پەروەردەی منداڵ و نەمانی پەیوەندی لەگەڵ وڵات.

سەرەڕای ئەو نەهامەتییانەی هەیانبوو لەو وڵاتانەی تێیدا پەناهەندەن، کادیرەکانی کۆمەڵە دەستیان کردەوە بە چالاکی بۆ خۆڕێکخستنەوە و سوودوەرگرتن لەو توانا بەردەستانەی لەو وڵاتانەدا هەبوون، هەروەها پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان خێزانە عیراقییەکان بۆ مەبەستی پتەوکردنی هەستی خۆشەویستی، وابەستەیی، تێکەڵاوی و هاوکاریی یەکتری.

چەندین کۆمەڵەی ژنانی دیموکراتخواز لەژێر ناوی جیاواز دروست کران، لەپێناو کۆکردنەوەی ژنان و گەشەپێدانی تواناکانیان و داهێنانەکانیان و بەستنەوەیان بە نیشتمانەوە، تا وەک دەنگێک بتوانن نەهامەتییەکانی ژنانی عیراق بگەیەننە ژنانی کۆمەڵگە تازەکانیان و نێوەندە جیهانییەکانیان و بەدەستهێنانی هاوسۆزیی ناوچەیی و جیهانی لەگەڵ گەلی عیراق و ئازارەکانیان.

لە ساڵانی پاش ١٩٩١، چەندین کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق دروست بوون، لەوانە: کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقی لە ستۆکهۆڵم، مالمۆ و یۆتۆبۆری لە سوید، هەروەها لە هۆڵەندا، لەگەڵ کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقی لە دانیمارک و کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقی لە نەرویج. هەروەک چەند لیژنەیەکی ژنان لە مەکۆ و یانە و دیدارەکاندا لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و شوێنی تر دروست بوون. ئەم کۆمەڵە و لیژنانە کاریگەری زۆریان هەبوو لە کۆکردنەوەی ژنان لە تاراوگە و بەرزکردنەوەی ورەیان، هەروەها بۆ دیداری یەکتری لە بۆنە جیاوازەکاندا بۆ کەمکردنەوەی ئازار و نەهامەتییەکان و پەیوەندی لەگەڵ وڵات. ئەمە جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەپێی توانا، وەک: کردنەوەی پۆل بۆ فێربوونی زمان و فێرکردنی زمانی دایک بۆ منداڵان و زانیاری لەسەر مێژوو و جوگرافیای وڵاتەکەیان. هەروەها ئەو پێکهاتانە رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوی ژنانی ئەو وڵاتانە و رێکخراوی ژنانی جیهانی و ئامادەبوونیان لە کۆنگرە و سیمینارە جیهانییەکاندا. هاوشانی ئەو چالاکییانە، ئەو کۆمەڵانە بەشدار بوون لەو خۆپیشاندان و رێپێوانانەی دژ بە تاوانەکانی رژێمی فاشیست و هەڕەشەکانی ئەمەریکا بە پەلاماردان و شەڕ لەگەڵ عیراق و وێرانکردنی، ئەنجام دەدران.

لەو ساڵانەدا، چالاكییەكانی كۆمەڵە لەسەر ئاستی جەماوەری ساردییەكی بەخۆوە بینی، چالاكییەكی ئەوتۆی نەبوو باس بكرێت، جگە لە بەشدارییان لە كۆنگرەكان و دیدار و سیمینارەكان لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهانی بە مەبەستی پتەوكردنی پەیوەندییەكانی گەلی عیراق و ژنانی عیراقی. هەروەها لە كۆنگرەی ئندع لە ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٤ لە پاریس و شڤێڵد ئامادەبوو، شاندی كۆمەڵە رۆڵێكی بەرچاوی بینی و توانی پشتیوانیی بەشداربووان بەدەست بهێنێت و بەیانی هاوبەش دەر بكەن و واژۆ لەسەر بەیاننامە كۆ بكەنەوە و دیدار لەگەڵ بەشداربووان ئەنجام بدەن.

لەو ساڵانەدا پەیكەری رێكخستنی ئندع گۆڕانكاریی تێدا دروست بوو، كۆمەڵە بەشدار بوو لە دروستكردنی نووسینگەی ئیقلیمیی عەرەبی بۆ ئندع لە بەیروت، هەروەها لە دروستكردنی دادگەی ژنانی عەرەبی دژ بە توندوتیژی لە ساڵی ١٩٩٥، كە دروستبوونی، یەكێك بوو لە هۆكارەكان بۆ ئامادەكردنی كۆنگرەی جیهانی لە پەكین لە ساڵی ١٩٩٥.

# دادگەی ژنانی عەرەبی لە بەیروت ١٩٩٥

دادگەی ژنانی عەرەبی لە بەیروت، لەلایەن ڕێکخراوی تاییری نێودەوڵەتی[٢٦] بە هاوکاریی (فریاکەوتنی میللیی لوبنانی)[٢٧] ڕێک خرا. ڕێکخراوی تاییر، بزووتنەوەیەکی جیهانییە بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی چەند بوارێکی جیاواز، لەوانە: ژینگە، بزووتنەوەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، بزووتنەوەکانی ژنان، کەرتی تەندروستی و گەشەپێدانی گوندەکان، بەتایبەتی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون.

فەزایەک بوو بۆ پەرەپێدانی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی ئەزموون و بیرۆکەکان کە لە کولتوور و ئایین و گەلە جیاوازەکانەوە سەرچاوە دەگرن. چەند ڕێکخراوێکی ژنان و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لە هەریەک لە تونس و لوبنان بەشدار بوون لە ڕێکخستنی کاروبارەکانی دادگەکەدا.

لە ٢٨ – ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٩٥، لە بەیروت، دادگەی ژنانی عەرەبی وەک ئامادەکارییەک بۆ چوارەمین کۆنگرەی جیهانیی ژنان لە پەکین بەڕێوە چوو، ئەم چالاکییە تەرخان کرابوو بۆ گفتوگۆ دەربارەی پرسەکانی توندوتیژی لەسەر ژنان، لە ڕێگەی ئەو شایەتحاڵانەوە کە بەشداربووان پێشکەشیان دەکردن، بە ئامانجی تۆمارکردنی کردەوە قێزەونەکان دەرهەق بە ژنان و ڕوانگەی کۆمەڵگەی عەرەبی

---

٢٦ منظمة تايير الدولية.

٢٧ النجدة الشعبية اللبنانية.

بۆ ژن وەک هاوڵاتیی پلە دوو، هەروەها خستنەڕووی هۆکارەکان و دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی و گەڕان بەدوای چارەسەرەکاندا، بە مەبەستی دانانی سنووریک بۆ ئەو کردەوانە.

جگە لەوەش، ئەم چالاکییە ئامادەکارییەک بوو پێش کۆنگرەی پەکین کە دەرفەتێک بوو بۆ کردنەوەی ئەو دۆسیە مەترسیدارە و خستنەڕووی دەرهاویشتەکانی و شەرمەزارکردنیان لەسەر ئاستی جیهان. لەو دادگەیەدا شاندی ١٤ دەوڵەتی عەرەبی بەشدار بوون، کە لە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و کەسایەتییەکان پێک هاتبوون.

دادگەکە بە ڕاگەیاندنی ناوی دەستەی دادوەران دەستی بە کارەکانی کرد، کە لە حەوت چالاکوانی مافەکانی ژنان پێک هاتبوو لە هەریەک لە وڵاتانی: ئوردن، سووریا، لوبنان، میسر، تونس و یەمەن. دادگەکە گوێی لە ٣٣ شایەتحاڵ گرت، کە لەلایەن ژنانی ١٤ دەوڵەتی عەرەبی لە بوارە جیاوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانەوە پێشکەش کرا بوون، لەوانە: تاوانەکانی شەرەف، توندوتیژیی یاسایی، توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، توندوتیژیی سیاسی... هەروەها چەند شایەتییەکی چالاکوانانی دژ بە توندوتیژی. کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق چەند شایەتحاڵێکیان سەبارەت بەوەی ژنانی عیراقی ڕووبەڕووی دەبوونەوە لە توندوتیژی بە هەموو شێوازەکانییەوە، پێشکەش کرد، وەک کەیسەکەی خاتوو لەیلا و ئەو ئەشکەنجەدانە نامرۆڤانەیەی

رووبەڕووی بووبووەوە. پێشتر بەشێک لەو ئازارانەی ئەو خاتوونە رووبەڕووی بووبووەوە، لە کتێبی "القسوة"دا کە لە نووسینی عامر بەدر حەسونە، باس کرابوون. فیلمێکی ڤیدیۆییش سەبارەت بە ئازارەکانی کەسوکاری قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفال نمایش کرا. دادگەکە دوو بەیاننامەی دەر کرد، یەکێکیان لەژێر ناونیشانی "بەیاننامەی مافی ژنــان"، دووەمیشیان لەژێر ناونیشانی "بەیاننامەی دادپەروەریی ژنـان". لە هەردووکیاندا جەخت کرایەوە لەسەر پرۆتستۆکردنی هەموو ئەو شێوازانەی توندوتیژی کە لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی جیهانی سێ و جیهان بەگشتی لە دژی ژنان پیادە دەکرێن، هەروەها پێویستیی بەرەنگاربوونەوەی ئەو کردەوانە لە سەرجەم بوارەکانی گشتی و تایبەتیدا، لە رووی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە.

**دەقی ئەو دوو بەیاننامەیە بەم شێوەیەیە:**

## یەکەم: بەیاننامەی مافی ژنان

ئێمەی ژنانی بەشداربوو لە دادگـەی ژنانی عەرەبی – بـەیروت لە ٢٨ – ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٩٥، بینەر و بیسەری شایەتحاڵەکان بووین. ئێمە، ئەوانەی دەرفەتی بەشداریکردنمان لـەم بۆنە گـەورەیـەدا پێ بـڕا، پێکەوە بەرپرسیارێتیی راستیی پەیڤی شایەتحاڵەکان دەگرینە ئەستۆ؛ دیواری ئەو بێدەنگییە شکێنرا کە لەمێژە دەوری هاوار و ئازارەکانی ئێمەی ژنانی دابوو. بەڵێن بە خۆمان و بە

جیهان دەدەین دەنگمان بەرز بکەینەوە و نەفرەت لە هەموو جۆرە توندوتیژییەک دەرهەق بە ژنانی ناوچەکانی عەرەبی و جیهانی سێیەم و جیهان بەگشتی بکەین. بەڵێن دەدەین پەتی ئەو بێدەنگییە بپسێنین کە دەوری ئەو توندوتیژییەی داوە، ئەم جیهانە بشڵەقێنین کە بێدەنگی و چاوپۆشییان لەو توندوتیژییە کردووە، تا ماوین لە دژی ئەم توندوتیژییە و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خەبات دەکەین. هەروەها دەست درێژ دەکەین بۆ هەموو ئەو لایەنانەی هاوکارمان دەبن لەسەر ئاستی جیهان، بەتایبەتی جیهانی سێیەم و وڵاتانی عەرەبی، ئەوەش لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی هەر لایەنێک کە مافمان زەوت دەکات؛ سەرەتا لەسەر ئاستی خێزان و دواتر حکومەتە عەرەبییە داپڵۆسێنەرەکان و سیاسەتی دواکەوتوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە رەوتی ئیسلامیی سیاسی، کۆتاییەکەشی بە رژێمی جیهانیی نوێ کە هاوکار و دروستکەری ئەو رەوتەیە لە ناوچە عەرەبییەکاندا، بە سەپاندنی پەیوەندییە پاشکۆییەکان و چەوساندنەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئێمە نەفرەت لە توندوتیژی دەکەین، چونکە پێشێلکردنی مافەکانی ژنە کە بەشێکی دانەبڕاوە لە مافەکانی مرۆڤ، چونکە پێشێلکردنی شکۆمەندیی مرۆڤبوونیەتی و ئەوپەڕی شێوازەکانی جیاکارییە کە لە رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و جارنامەی نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ژناندا هاتووە.

- ئێمە ئەو توندوتیژییە رەت دەکەینەوە، کە لە هەموو کایە گشتی و تایبەتی و ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا

بەرەنگاری دەبینەوە هەرچەندە حاشاشی لێ بکرێت و بیانووی بۆ بهێنرێتەوە.

- هەموو جۆرە توندوتیژییەک رەت دەکەینەوە؛ چ کۆمەڵایەتی، چ سیاسی، ئابووری، خێزانی، دەروونی، جەستەیی و سێکسی بێت.

- رەتی دەکەینەوە جا لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت؛ باوک بێت، مێرد بێت، کوڕ بێت، دادوەر بێت، داگیرکەر بێت، یان سیستمی جیهانیی نوێ بێت، یان هەر یاسا و رێککەوتنێک کە ئێمە بەشێک نەبووین لە داڕشتنیدا، گەر لەلایەن دەوڵەتانەوە یان دامەزراوەکانیشەوە واژۆی لەسەر کرابێت، چ دینی بن یان نادینی، چ ناوخۆیی بن یان ناوچەیی و جیهانی.

- رەتی دەکەینەوە جا لە هەر شوێنێکدا ئەنجام بدرێت؛ لە لانکەدا، لە ماڵدا، لە شەقام، لە شوێنی کار، لە کەمپ و خێوەتگەکاندا یان لە زیندان.

- رەتی دەکەینەوە جا لە هەر تەمەنێکدا لە دژمان ئەنجام بدرێت؛ لە منداڵیدا بێت، یان لە لاوێتی، یان لە گەنجێتی بێت یان پیری.

- لە هەر دۆخێکدا بێت؛ ئاشتی یاخود شەڕ، رەتی دەکەینەوە.

- لەژێر هەر ناوێک یاخود بەرگێکدا؛ شەرەف، یان دابونەریت و کولتوور، یان یاسا و عورف، یاخود پاساوی نیشتمانی بێت، رەتی دەکەینەوە.

- رەتی دەکەینەوە، چ توندوتیژیی کۆمەڵایەتی

بێت یان تاکەکەسی، چ لە چوارچێوەی یاسادا بێت یان لە دەرەوەی یاسا. رەتی دەکەینەوە، چونکە پێشێلکردنی مافەکانمانە، ئێمە دەستبەرداری ئەو مافانەمان نابین، لە هەموو ئاستەکاندا کار بۆ بەدەستهێنانیان دەکەین، وەک لەسەر ئاستەکانی:

**١. لەسەر ئاستی سیاسی:**

مافی خۆمان و مافی گەلەکانمانە بە ئازادی لە نیشتمانێکی سەربەخۆدا بژین کە ئێمە خاوەندارێتی دەکەین، بەشێوەیەک چوارچێوەی بۆ دابرێژین کە تێیدا مافەکانمان و مافی مرۆڤ پارێزراو بێت. مافی خۆمانە بە شێوەی سەربەخۆ خۆمان رێک بخەین و ئازادانە ئەم رێکخستنە پیادە بکەین. مافی خۆمانە نەچەوسێنرێینەوە، نەگیرێین و ئەشکەنجە نەدرێین بەهۆی بیروبۆچوون و خەباتمان لەپێناو ئازادی و یەکسانیدا. مافی خۆمانە ئێمە و منداڵەکانمان لەجیاتی مێرد، براکانمان و باوکمان یاخود هەر پیاوێکی تر لە خێزانەکەدا کە دەسەڵات بەهۆی بابەتی سیاسی یان هەر بابەتێکی تر بەشوێنیەوەن، بارمتە نەکرێین. مافی خۆمانە داکۆکی لە خۆمان بکەین لە دژی ستەمی حکومەتەکانمان کە ئێمە وەک جەستە و ئاوەز بەکار دەهێنێت بۆ رێککەوتن بە مەبەستی بەردەوامیی ستەمکارییان. مافی خۆمانە داکۆکی لە خۆمان بکەین لە بەرانبەر دامەزراوە فەندەمێتالیزمەکان کە ئایین بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ملکەچمان بکەن و بمانچەوسێننەوە. مافی خۆمانە باوەڕمان چۆن بێت و بەئازادی لەو بارەیەوە

بۆچوونەکانمان دەربڕین بەبێ ترس و هەڕەشە. مافی خۆمانە رەتی بکەینەوە ببین بە سوتماکی ئەو شەڕانەی ئێمە هۆکار نەبووین بۆ هەڵگیرساندنیان، یاخود ئەو ململانێ سیاسییانەی ئێمە هەڵمان نەبژاردوون، یاخود ئەو سیاسەتانەی ئێمە بەشدار نەبووین لە داڕشتنیاندا.

### ٢. لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و خێزانی:

ئێمە نیوەی جیهانین و دایکی نیوەکەی ترین. مافی خۆمانە لەم جیهانەدا وەک مرۆڤێکی شایستە و خاوەن ماف بژین. رێز لە خۆمان و جەستە و ئاوەزمان بگیرێت. مافی خۆمانە خاوەنی جەستەی خۆمان بین، لەژێر بانگەوازی شەرەف و رەوشتدا خەتەنە نەکرێین، وەک ئەوەی کۆمەڵگەی نێرسالاری دایڕشتووە. مافی خۆمانە بیرکردنەوە و تێڕوانینمان دیاری بکەین، میراتگر دیاری بکەین، نابێت چوارچێوەیەکی نەگۆڕ هەبێت ئەگەر رەتمان کردەوە و هەوڵی شکاندیمان دا. مافی خۆمانە هەڵیبژێرین لەگەڵ کێ و لە کوێ هاوسەرگیری دەکەین، هەروەها مافی خۆمانە ئەوە هەڵبژێرین کە هاوسەرگیری نەکەین بێ ئەوەی کۆمەڵگە ناچارمان بکات. مافی خۆمانە تێگەیشتنمان لەسەر شەرەف دابڕێژین، ئەوەش رەت بکەینەوە ئەو شەرەفە کورت بکرێتەوە لە بەشێک لە جەستەی ئێمەدا، پیاوان دەستدرێژی بکەنە سەری و دواتر ئێمە باجەکەی بدەین.

### ٣. لەسەر ئاستی یاسایی:

مافی خۆمانە لە بەرانبەر یاسادا یەکسانیی تەواومان هەبێت بەبێ کەموکوڕی، مافی خۆمانە لە داڕشتن و جێبەجێکردنیدا بەشدار بین. مافی خۆمانە ببین بە دادوەر، هەروەها شایەتحاڵی تەواو پشتپێبەستراو. مافی خۆمانە یاسا دەر بکەین دژی ئەوانەی توندوتیژیمان دەرهەق دەکەن. مافی خۆمانە ئەو تاوانانە هەڵبوەشێنینەوە کە پەیوەندییان بە رەگەزمانەوە هەیە و تاوانەکان بەناوی راستەقینەی خۆیان ناوزەد بکەین. کوشتنێک نییە بە ناوی کوشتن لەسەر شەرەف، بەڵکوو کوشتنی بەئەنقەست هەیە. دەستدرێژی پرسێکی سێکسی نییە، بەڵکوو تاوانی توندوتیژییە.

مافی خۆمانە یاسای شارستانی لەگەڵ پیاوان بەیەکسانی مامەڵەمان لەگەڵدا بکات. لە هاوسەرگیری و جیابوونەوەدا هەمان مافمان هەبێت، هەروەها لە پێدانی رەگەزنامەی خۆمان بە منداڵەکانمان، هەروەها لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی خۆمان و منداڵەکانمان، هەروەها لە شایەتیدان و میرات و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیدا. مافی خۆمانە هاونیشتمانیی تەواو بین بێ کەمکردنەوە لەژێر هەر پاساوێکدا.

ئەمانە مافی خۆمانن، رازی نابین کەم بکرێنەوە، رازی نابین پێشێل بکرێن؛ جا هەمووی بێت یان بەشێکی بێت، چونکە توندوتیژییە و بەرەنگاری دەبینەوە.

## دووەم: بەیاننامەی دادپەروەریی ژنان

دادگەی ژنانی عەرەبی، گوێی بۆ ٣٣ شایەتحاڵ گرت، کە ئازار و هیوا و نەهامەتی و پێداگرییان لێ دەچۆڕا. ژنانی ١٤ وڵاتی عەرەبی بوون، هەموو جۆرە توندوتیژییەکی کۆمەڵایەتی، یاسایی، یاخود ئەوەی بە هەڵە ناونراوە تاوانی شەرەف، لەخۆ گرتبوو. شایەتحاڵەکان توانییان بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەسەر چەوساندنەوە، ستەمکاری، نەبوونی دیموکراسیەت، ناسەقامگیری، داگیرکاری و ململانێ چەکدارییەکان بخەنە روو، کە دەرەنجامن بۆ: هەژاری، پەککستنی گەشەکردن، چەوساندنەوە، جیاکاریی واقیعی و یاسایی بەردەوام... پاڵپشت بە دابونەریتی دواکەوتوو و کولتووری نێرسالاریی خێڵەکیی باو، هەروەها بەهۆی پەڕگیریی ئایینی و جۆرەکانی تری دەمارگیری... ئەمانە هەموویان هۆکاری کاریگەرن لەسەر سەپاندنی توندوتیژی دژی ژن و زیادبوونی.

خاتوونە عەرەبە شایەتحاڵەکانی بەردەم ئەم دادگەیە، تەوقی ئەو بێدەنگییەیان شکاند کە دەوری دیاردەی توندوتیژی داوە و پەردەیان لەسەر رووە ناشیرینەکەی هەڵماڵی. نا بۆ توندوتیژییان دژی ژن بە هەموو شێوە و فۆرم و مانا و هۆکارێکییەوە جاڕ دا.

دادگەی ژنان پشتی بە کۆمەڵێک بنەما و بەهای مرۆیی بەست کە خۆیان لە دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی، خۆشەویستی، رێزگرتن و پاراستنی شکۆی مرۆڤدا دەبینییەوە. هەروەها کۆمەڵێک لە رێککەوتن و پەیماننامە

نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، لە نێوانیاندا: جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسی و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان، رێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی دەرهەق بە ژن، رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی منداڵ، رێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری مامەڵەی دڵڕەقانە یاخود نامرۆڤانە و سوکایەتیپێکردن، رێککەوتننامەکانی ژنێڤ و جاڕنامەی نەهێشتنی توندوتیژی.

دادگە، ئەوەی لەبەرچاو گرت کە دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانی و مێژووییە و بەهۆی تێکچوونی تەرازووی دەسەڵاتەوە پەیدا بووە، هەروەها بەهۆی نەمانی یەکسانی و هاوتایی لە پەیوەندییەکاندا. توندوتیژی دژی ژن، هەموو ژنانی جیهانی گرتووەتەوە، تەنیا تایبەت نییە بە ژنانی عەرەب. دادگە بەنیگەرانییەوە تێبینی کردووە سەرەڕای دەستکەوتەکانی ژنانی عەرەب و ئەو باشتربوونە رێژەییەی ناوچەکە لە چەند بوارێکدا بەخۆیەوە بینیوە، سەرەڕای تێکۆشان و قوربانیدانی پێشەنگەکان لە ژنانی عەرەب و هەوڵە ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ژن و چاککردنی دۆخیان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان، بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون بۆ دانانی سنوورێک بۆ دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان، بەتایبەتییش توندوتیژیی خێزانی، کە پێویست دەکات چالاکیی کاریگەرتر و جدیتر

بكرێت بۆ چارەسەرکردنی هۆکارەکانی توندوتیژی و ڕووبەڕووبوونەوەی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی و نەهێشتنی. هەروەها دادگە بۆی دەرکەوت کە توندوتیژی دژ بە ژن؛ دەستدرێژییە بۆ سەر مرۆڤبوونی و شکۆی و پێشێلکاریی مافەکانیەتی، پێچەوانەی پرەنسیپی یەکسانی و مەرجەکانی نەهێشتنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکە لە دژی ژنان، هەروەها بنەماکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و شارستانیی کە ئامانجمانە؛ پێشێل دەکات، دەبێتە کۆسپی بەردەم هەوڵەکانی گەشەپێدانی هەمەلایەنە و بەردەوام، هەروەها ئاشتیی ڕاستەقینە و دادپەروەری بەرتەسک دەکاتەوە و ناهێڵێت بڵاو بێتەوە.

دوای تاووتوێکردن و پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکی ئەو شایەتییانەی پێشکەش کران، دادگە بڕوای تەواوی هەبوو بە دادپەروەریی دۆسیەی ئەو ژنانەی پێشکەشی کران، بەتایبەتییش کە بیسەر و بینەری شایەتحاڵەکان بوو کە چەند بە ڕاستگۆیانە و خۆڕاگرانە و بەئیرادە بوون بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە تاڵە و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی. پشتبەست بە دۆسیەی ڕووداو و شایەتییەکان، دادگە بە کۆی گشتی بڕیاریان دا بە:

"ئیدانەکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان بە هەموو شێوە و جۆرەکانییەوە، لە هەر شوێنێک ڕوو بدات، هۆکارەکانی هەرچییەک بن، هەر کەسێک ئەنجامی بدات، بە تاوانی دژ بە مافی گشتی ئەژمار دەکرێت."

دادگە ئەم بڕیارانەشی دا:

لە کاتێکدا ژن بەڕەهایی مافی پارێزگاری لە ژیان و جەستەی هەیە، ڕێز لە هەڵبژاردەکانی بگیرێت لە دابینکردنی پێویستییە مادی و مەعنەوییەکانی و پارێزگاری لە مافەکانی لە هەموو ئاستێکدا لەسەر بنەمای یەکسانیی تەواو، هەروەها بەڕەهایی مافی گرتنەبەری هەر هەڵویستێک، یان ڕێکارێک، یان بڕیارێکی هەیە کە مافەکانی بۆ دەستەبەر بکات و توندوتیژیی لێ دووربخاتەوە، مافی ئاسایش و دادپەروەری و سەقامگیریی ژیانی هەیە. ئەو شایەتییانەی پێشکەش کران، دەیسەلمێنن کە ژنانی عەرەب بەردەوام مافەکانیان پێشێل دەکرێت و لە زۆربەی کاتەکاندا پێشێلکارییەکان لێهاتووانە کراون... لەبەر ئەوە دادگە:

١. ئیدانەی ئەو چەمک، بەها و کولتوورە باوانە دەکات کە نکۆڵی لە مرۆڤبوونی ژن و توانا و مافەکانیان دەکەن، وەک پلە دوو لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا ئەژماری دەکەن و پاساو بۆ ئەو توندوتیژییە دەهێننەوە کە دەرهەقیان دەکرێت.

٢. دادگە وای دەبینێت بەشداریی وڵاتانی عەرەبی بەبێ سانسۆر، لە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژ بە ژنان و پێدانی مافی پابەندبوونی یاسایی بەم ڕێککەوتننامەیە و جێبەجێکردنی بڕگەکانی، بەشدار دەبێت لە بەهێزکردنی پێگەی ژنانی عەرەب و مافەکانیان و یەکسانی و ڕۆڵیان لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا، هەروەها پەسەندکردنی جاڕنامەی نەهێشتنی توندوتیژیی دژ بە

ژنـان، میکانیزمێکی باش و هاوکار دەبێت لە نەهێشتنی دیاردەی توندوتیژیدا.

٣. دادگە تێبینی ئەوە دەکات کە زۆربەی ئەو یاسایانەی لە وڵاتانی عەرەبی پەیڕەو دەکرێن، کەمتەرخەمن لە بەدەستهێنانی یەکسانی و دادپەروەری و پێویستییەکانی گەشەی کۆمەڵگە و لەگەڵ پێویستییەکانی بەدیموکراسیبوون ناگونجێن.

٤. بـەم پێیەش، دادگـە وای دەبینێت کـە بنیاتنانی دادپەروەری، پێویستی بە گۆڕانکاریی فراوانە لە یاساکان و جێبەجێکردنیاندا، بەجۆرێک هەموو بوارە جیاوازەکان بگرێتەوە، لەوانە: یاسای باری کەسێتی، یاساکانی کار، رەگەزنامە، یاسای سزادان و یاساکانی بیمەی کۆمەڵایەتی.

٥. دادگە پێی وایە زۆر جار ژنانی عەرەبی ناتوانن سوودمەند بن تەنانەت لـەو مافانەش کە لە یاساکاندا هاتوون، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە: نەشارەزایی لـە یـاسـاکـانـدا، لاوازیــی تـوانـای ئـابـووریـیـان، سستیی رێوشوێنە دادوەرییەکان، زاڵبوونی دابونەریت و لاوازیی سزا رێگرەکان.

٦. دادگە، کوشتن و ئازاردان بە بیانووی پارێزگاری لە شـەرەف، بە تـاوان لەقەڵەم دەدات و نابێت بە دەقی یاسایی پاساوی بۆ بهێنرێتەوە بۆ گۆڕینی جۆری تاوانەکە یان کەمکردنەوەی سزاکەی، جا ئەنجامدەری تاوانەکە هەر کەسێک بێت.

٧. هەر دەقێکی یاسایی کە لە ناوەڕۆکیدا جیاکاریی لە نێوان نێر و مێدا دەکات، دادگە بە نادروستی دەزانێت،

چونکە پێچەوانەی یاساکانی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤە، بەتایبەتییش ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژن و جاڕنامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان.

٨. دادگە، ئیدانەی هەموو جۆرە کردەیەکی نەریتی دەکات کە لەسەر بنەمای جیاکاری و توندوتیژی دەرهەق بە ژن بێت، بەتایبەتییش خەتەنەکردن و بەزۆرقەڵەوکردن، بە تاوان ئەژماریان دەکات و دەبێت سزایان هەبێت.

٩. دادگە، پێی وایە بەردەوامیی داگیرکردنی خاکی عەرەبی لەلایەن زایۆنیزمەوە، پێشێلکارییەکی روون و بەردەوامی یاسا نێودەوڵەتییەکان و شەرعیەتی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەروەها پێی وایە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی توندوتیژیی سیاسی دژ بە گەلانی ناوچەکە و ژنان بەتایبەتی. هەروەک دادگە وای دەبینێت کە بەردەوامیی دیلکردنی ژنانی عەرەب لەناو زیندانەکانی ئیسرائیلدا، پێشێلکاریی ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤە و توندوتیژییەکی سیاسییە، دەبێت سنوورێک بۆ ئەم کردەوانە دابنرێت و دیلە ژنەکان ئازاد بکرێن، هەروەها هەموو دیل و گیراوەکانی تریش.

١٠. دادگە جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیڕەوکردنی دیموکراسیەت لە وڵاتانی عەرەبی، پتەوکردن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتییش ئازادیی بۆچوون و ڕادەربڕین، مافی یەکسانی و پلۆرالیزم، هەروەها دەستاودەستکردنی دەسەڵات و جێبەجێکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی

دەسەڵاتەکان و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، سەروەریی یاسا و بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەیی.

١١. دادگە پێی وایە ژنانی پەنابەر و ئاوارە تووشی توندوتیژی دەبنەوە بە ئاستی جیا جیا، پێویستە چارەسەرێکی بنەڕەتیی کێشەی کۆچی زۆرەملێ و پەنابەریی ناچاری بکرێت، تیایدا گەرەنتی مافی گەڕانەوەیان بەسەلامەتی بۆ نیشتمان و ئەو ناوچانەی لەژێر فشاردا بەناچاری جێیان هێشتووە، بکرێت.

١٢. دادگە بۆچوونی وایە کە سزای بەکۆمەڵ، لەوانەش: سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامیی دیاردەی توندوتیژی دژی گەلانی گەمارۆدراو، کە رەنگە ژن لە هەمووان زیاتر کاریگەری لەسەر بێت و نەهامەتی بچێژێت.

١٣. دادگە گەیشتووەتە دەرەنجامێک کە بازنەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا فراوان بووە، ئەویش بەهۆی زیادبوونی توندڕەویی ئایینی و نەژادپەرستییەوە، کە دەبنە هۆی زیادبوونی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی زیادبوونی پێشێلکاری مافەکانی ژنان و زیادبوونی توندوتیژی خوێناوی دژیان.

لە کۆتاییدا دادگە پێی وایە توندوتیژی دژی ژنان، یەکێکە لەو لایەنانەی توندوتیژی کە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێویستی بە هەوڵی یەکگرتووی هەموو ئەو کەسانە هەیەکە باوەڕیان بە مافی مرۆڤ هەیە، بە نێر و مێوە.

# کۆنگرەی پەکین و بەشداری ژنانی عیراقی

کۆنگرەی چوارەمی جیهانی بۆ ژنان لە پەکین، لە ٤-١٥ی ئەیلوولی ١٩٩٥ بە دروشمی "کارکردن لەپێناو یەکسانی و گەشەکردن و ئاشتی" بەڕێوە چوو، بە بەشداری ٤٩٩ نوێنەری ٨٩ دەوڵەت، ئەمە جگە لە بەشداریی چوار هەزار نوێنەری ڕێکخراوە ناحکومییەکان. ئامادەکاری بۆ ئەو کۆنگرەیە، لەلایەن لیژنەیەکی ژنانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکرا، کورتەی ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو کۆنگرەیە، ئەمانە بوون:

- پیاچوونەوە و هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنی ژنان لە ساڵی ١٩٨٥ەوە لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژەکانی نایرۆبی بۆ پێشکەوتنی ژنان تا ساڵی ٢٠٠٠.

- کۆکردنەوەی توانا و وزەی ژنان و پیاوان لەسەر هەموو ئاستەکان، لە بنەڕەتەوە تا ئاستی داڕشتنی سیاسەت، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆنگرە.

- داڕشتنی بنەمای کار، کە تیشک بخاتە سەر هەندێک بابەتی بنەڕەتی کە بە کۆسپی سەرەکیی لە بەردەم پێشکەوتنی زۆرینەی ژنان لە جیهاندا هەژمار دەکرێن.

- دەستنیشانکردنی پێویستییە سەرەتاییەکان کە دەبێت پەیڕەو بکرێن بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکان لەناو سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ ماوەی نێوان ١٩٩٦ – ٢٠٠٠.

**ئەو تەوەرانەی لە کۆنگرەکەدا باسیان لێ کرا، بریتیبوون لە:**

پـــەروەردە، تـەنـدروسـتـی، تـونـدوتـیـژی، ململانێ چەکدارییەکان، بەشداریی ئابووری، بەشداری لە دەسەڵات و ناوەندی بڕیار، میکانیزمی نیشتمانی و نێودەوڵەتی، مافی مرۆڤ، راگەیاندن، ژینگە و گەشەکردن، منداڵ. ژنانی عیراقی بە دوو شاند بەشدارییان لە کۆنگرەی پەکیندا کرد، یەکەمیان؛ شاندی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق بوو، کە لە دوو شاند پێک هاتبوو (کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق، شاندنی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان)، ئامادەبوونی ئەم شاندە لە پەکین، دوای کۆمەڵێک ئاستەنگ و مەترسی و ئاڵنگاری بوو، لەپێناو گەیاندنی دەنگی ژنانی عیراقی و ئازارەکانیان بەم بۆنە بەرفراوانە جیهانییە. شاندی دووەم، شاندنی یەکێتیی گشتی بۆ ئافرەتانی عیراق بوو، شاندی رێکخراوی رژێم، کە وەک شاندێکی فەرمی پێشوازییان لێ کرا و هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین کرابوو.

شاندی یەکێتی ئافرەتان، هەموو ئەو دەرفەتانەی کە پێیان دەبەخشرا، دەیانقۆستەوە بۆ جوانکردنی رووی دەسەڵات و بێبەریکردنی لە هەموو ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی عیراق ئەنجام دراون. بـەڵام شاندی کۆمەڵە، بابەتەکانی دەربارەی نەهامەتییەکانی ژنی عیراقی بوو لە سایەی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی بەسەر خەڵکدا سەپێنراوە. شاندەکە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤی بە گشتی ئاشکرا کرد، هەروەها هەڵمەتەکانی قڕکردن و جینۆسایدی نەتەوەی کورد لە هەڵمەتەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی

کیمیاویدا، هەروەها وشککردنی زۆنگاوەکانی باشوور. شاندەکە جەختی لەوە کردەوە کە چارەنووسی گەلی عیراق و بەردەوامیی نەهامەتییەکانیان، لە ئەستۆی هەموو ئەو هێزە باشانەیە کە دژی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ تێدەکۆشن و بەرپرسیارێتییەکی نێودەوڵەتییە.

شاندی رژێم، ئەم هەڵوێستەی شاندی کۆمەڵەی پێ خۆش نەبوو، هەڵسان بە هەڕەشەکردن و وێنەگرتنی ئەندامەکانی شاندی کۆمەڵە و دروستکردنی تۆمەتی ناڕەوا. نوێنەرانی کۆنگرە بەرگرییان لە شاندی کۆمەڵە کرد، شاندەکان بینییان چۆن شاندی رژێم هەڕەشە و چاوترساندن بەکار دەهێنن دژی هەر کەسێک لەگەڵ بۆچوونەکانیان نەگونجێت، تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش.

کۆنگرە؛ بۆنەیەکی جیهانیی گەورە بوو، رەنگدانەوەی ململانێی نێوان هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ژنان و هێزە لادەرەکان لە بزووتنەوەی جیهانیی ژنان لە بواری ئازادیی ژناندا بوو، ئەم بابەتە، گوزارشت لە ململانێی نێوان ئەو هێزانە دەکات کە باوەڕیان وایە و تێدەکۆشن لەپێناو ئازادیی ژنان و یەکسانییان لە هەموو بوارەکاندا و دەرخستنی توانا شاراوەکانیان و بەشداریی کاریگەر و یەکسانیان لە رووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی دواڕۆژدا، لەگەڵ هێزە نوێیەکان کە بەرگی ئایینی یاخود نەژادییان پۆشیوە و دەیانەوێت ژنان بگەڕێنەوە ماڵەوە و دەستکەوتەکانیان لێ وەربگرنەوە دوای ئەو هەموو خەباتەی کە لە چەند دەیەیەی پێشوودا کردوویانە.

لە کۆنگرەی چوارەمدا لە پەکین، بەڵگەنامەیەکی گرنگ دەربارەی ژن دەرچوو وەک پێشەکییەک بۆ بەرنامەی کار، ئەمەش ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەیە:

ئێمەی دەوڵەتە بەشداربووەکان لە کۆنگرەی چوارەمی جیهانیی تایبەت بە ژنان، لێرە لە پەکین، لە ئەیلوولی ١٩٩٥، لە ساڵیادی ٥٠ ساڵەی دروستبوونی نەتەوە یەککگرتووەکاندا کۆبووینەوە.

ئێمە سوورین لە پێشخستنی ئامانجەکانی یەکسانی و گەشەپێدان و ئاشتی بۆ هەموو ژنان لە هەموو شوێنێک و بۆ بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتی.

باوەڕمان بە دەنگی هەموو ژنێکە لە هەر شوێنێکدا بێت، دەزانین ژنان فرەچەشنن و رۆڵ و بارودۆخیان جیاوازە، رێز لەو ژنانەش دەگرین کە رێخۆشکەر بوون و هیواکانیشمان لە گەنجانی جیهانەوە وەردەگرین.

دان بەوەدا دەنێین لە دەیەی رابردوودا دۆخی ژنان لە هەندێک لایەنی گرنگدا پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، هەرچەندە ئەو پێشکەوتنە لە ئاستی جیاوازدان و هێشتا جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە، هێشتا بەربەستی گەورە ماون، کە دەبنە هۆی لێکەوتەی مەترسیدار بۆ خۆشگوزەرانیی هەموو مرۆڤەکان.

هەروەها دان بەوەدا دەنێین کە ئەم دۆخە بەرەو خراپتر دەچێت بەهۆی زۆربوونی هەژارییەوە کە کاریگەری لەسەر ژیانی زۆرینەی دانیشتوانی گۆی زەوی هەیە، بەتایبەتییش ژنان و منداڵان، کە بە هۆکاری نیشتمانی و نێودەوڵەتی

سەر هەڵدەدەن. ئێمە بێ خۆپارێزی خۆمان تەرخان دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کۆت و بەربەستانە، بەمەش ڕێگەکانی پێشخستنی بارودۆخی ژنان و بەهێزکردنیان لە سەرانسەری جیهاندا برەو پێ دەدەین، دەزانین ئەمە کاری خێرا و بە ڕۆحیەتێکی یەکلاکەرەوە و پڕ لە هیوا و هاوکاری و کۆدەنگیی پێویستە، کە لە ئێستاوە دەست پێ بکات و بەردەوام بێت تا سەدەی داهاتوو.

**پابەندبوونمان بەمانەی خوارەوە دووپات دەکەینەوە:**

ژنان یەکسانن لەگەڵ پیاوان لە ماف، شکۆمەندی، سروشتی مرۆڤایەتی و هەموو ئەو مەبەست و پرەنسیپانەی دیکە کە لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، هەروەها لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتییش ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی دژی ژن، ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، جاڕنامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژن و جاڕنامەی مافی گەشەکردن.

دەستەبەرکردنی بەدیهێنانی تەواوی مافە مرۆییەکانی ژنان و کچان، بەشێکن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، ناکرێت لاببرێن، یان جیا بکرێنەوە و بەش بەش بکرێن.

سەرەتا لەو کۆدەنگی و پێشکەوتنانەوە دەست پێ دەکەین کە لە کۆنگرەکانی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆبوونەوەکانی لووتکەی پەیوەندیدار بە ژنان لە نایرۆبی

لە ساڵی ١٩٨٥، منداڵ لە نیویۆرک لە ساڵی ١٩٩٠، ژینگە و گەشەکردن لە ریۆ دی جانیرۆ لە ساڵی ١٩٩٢، مافی مرۆڤ لە ڤیەننا لە ساڵی ١٩٩٣، دانیشتوان و گەشەکردن لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٩٤ و گەشەی کۆمەڵایەتی لە کۆپنهاگن لە ساڵی ١٩٩٥ بەدەست هاتوون، ئەوەش بە ئامانجی بەدەستهێنانی یەکسانی، گەشە و ئاشتی.

گەیشتن بە جێبەجێکردنێکی تەواو و کاریگەرانەی ستراتیژەکانی کۆنگرەی نایرۆبی لەپێناو گەشەکردنی ژنان.

بەهێزکردن و پێشخستنی ژنان، لەوانەش لە بوارەکانی مافی ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان، ئایین و باوەڕ، بە شێوەیەک کە بەشداربێت لە دابینکردنی پێداویستییە مەعنەوی، مۆراڵی، رۆحی و فیکرییەکانی ژنان و پیاوان بە تاک، یان بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی دیکە، بەمەش دڵنیا دەبنەوە لەوەی کە ئەوان دەتوانن توانای تەواوی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بەگەڕ بخەن بۆ دارشتنی رەوتی ژیانیان بەپێی خواستەکانی خۆیان.

**هەروەها ئێمە باوەڕمان بەمانەی خوارەوە هەیە:**

- بەرزکردنەوەی تواناکانی ژن و بەشداریی تەواویان بەیەکسانی لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە، لەوانە: بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان و گەیشتن بە ناوەندی دەسەڵات، بابەتی گرنگ و بنەڕەتین بۆ گەیشتن بە یەکسانی و گەشەکردن و ئاشتی.
- مافەکانی ژنان لە مافەکانی مرۆڤن.

- یەکسانی لە مافەکان، دەرفەتەکان و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان و دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکان لە نێوان پیاو و ژن لە خێزاندا بەیەکسانی و هاوسەنگی لە نێوانیان، بابەتی یەکلاکەرەوەن بۆ خۆشگوزەرانییان و خۆشگوزەرانیی خێزانەکانیان، هەروەها پشتیوانییەکە بۆ بنیاتنانی دیموکراسیەت.

- بنبڕکردنی هەژاری، پەیوەستە بە گەشەی بەردەوامی ئابووری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پێویست دەکات ژنان بەشدار بن لە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان و بەشداریی تەواوی ژن و پیاو لەسەر بنەمای یەکسانی، چونکە هەردوولا هۆکارن بۆ بەدەستهێنانی گەشەی بەردەوام کە ئاراستەیە بۆ خزمەتکردنی خەڵک و هەردوولاش سوودی لێ وەردەگرن.

- دانپێدانانی راشکاوانە کە مافی هەموو ژنێکە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەو بابەتانەدا هەبێت کە پەیوەندییان بە تەندروستی خۆیەوە هەیە، بەتایبەتییش ئەوەی پەیوەندی بە منداڵبوونەوە هەیە، دووپاتکردنەوەی ئەو مافە، بابەتێکی سەرەکییە بۆ بەهێزکردنی ژنان.

- ئاشتی ناوخۆیی، نیشتمانی، ناوچەیی و جیهانی دەتوانرێت بە دی بهێنرێت و پەیوەندییەکی دانەبڕاوی هەیە بە پێشکەوتنی ژنانەوە، کە هێزێکی سەرەکین لە بوارەکانی سەرکردایەتیکردن و چارەسەرکردنی قەیرانەکان و بەهێزکردنی ئاشتیی بەردەوام لەسەر هەموو ئاستەکان.

- پێویستە ژنان بەشدار بن لە دارِشتن و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی سیاسەت و بەرنامەکاندا (لەوانەش سیاسەت و بەرنامەکانی گەشەپێدان کە هەستیارن بە بابەتی جێندەر؛ بە جۆرێکی کارا، چالاک و یەکتر بەهێزکەر بێت لە هەموو ئاستەکاندا)، کە ژنان بەرەوپێش ببات، هانیان بدات، بەهێزیان بکات و گەشەیان پێ بدات.

- بەشداری و بەشداریپێکردنی کەسایەتییە کاریگەرەکان لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەتییش کۆمەڵە و تۆرەکانی ژنان و هەموو رێکخراوە ناحکومییەکان و رێکخراوە کۆمەڵایەتییە خۆجێییەکان، لەگەڵ رێزگرتنی تەواو لە سەربەخۆیی کۆمەڵە و رێکخراوەکان بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتەکان کارێکی گرنگە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی کار و بەدواداچوونێکی کاریگەر.

- جێبەجێکردنی بەرنامەکانی کار، پێویستی بە پابەندبوونی حکومەتەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە، حکومەتەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە واژۆکردنی بەڵێنەکانیان دەبێت لە رووی نیشتمانی و نێودەوڵەتییەوە پابەند بن بە کارکردن، لەوانە: پابەندبوونیان بە بڕیارەکانی کۆنگرە؛ کە تیایدا دان دەنێت بە پێویستی گرتنەبەری رێوشوێنی توند بۆ بەهێزکردن و پێشخستنی ژنان.

**ئێمە سوورین لەسەر ئەمانەی خوارەوە:**

- دووهێندەکردنی هەوڵ و کردەوەکانمان بە ئامانجی گەیشتن بە بەرنامە و ئامانجە ستراتیژییەکانی نایرۆبی، کە

روانگەی پێشخستنی ژنان بوو تا کۆتایی ئەم سەدەیە.

- گەرەنتی بدرێت کە ژن و منداڵ هەموو مافێکی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان هەبێت، رێوشوێنی پێویست و کاریگەر بگیردرێتە بەر دژ بە هەموو پێشێلکارییەکی مافەکان و ئازادییەکان.

- رێوشوێنی پێویست وەربگیرێت بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژ بە ژن و کچانی منداڵ، لابردنی هەموو رێگرییەکان کە ئاستەنگن لە گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەز و گەشەکردن و پێشخستنی ژناندا.

- هاندانی پیاوان لەسەر بەشداریی تەواو لە هەموو ئەو رێکارانەی لەپێناو یەکسانیدا پەیڕەو دەکرێن.

- بەرەودان بە سەربەخۆیی ئابووری بۆ ژنان، لەوانەش دابینکردنی هەلی کار، نەهێشتنی بارگرانیی بەردەوام و زیادبوونی هەژاری لەسەر ژنان، لە رێگەی چارەسەرکردنی هۆکارە پێکهاتەییەکانی هەژاری، بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە پێکهاتەکانی ئابووریدا و گەرەنتی دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆ گەیشتنی هەموو ژنێک (لەوانەش، ژنانی ناوچەکانی گوندنشین، لەبەر ئەوەی لایەنێکی کاریگەرن لە پرۆسەی گەشەپێداندا) بە سەرچاوە بەرهەمدارەکان، دەرفەتەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

- بایەخدان بە گەشەی بەردەوام، کە پشت بە مرۆڤ دەبەستێت، لەوانەش: گەشەی ئابووریی سەرکەوتوو لە رێگەی دابینکردنی خوێندنی سەرەتایی، خوێندنی بەردەوام، نەهێشتنی نەخوێندەواری، راهێنان و چاودێریی

تەندروستیی سەرەتایی بۆ کچان و ژنان.

- هەنگاونانی ئەرێنی بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لەپێناو پێشکەوتنی ژنان، کارکردنی بەردەوام (داننان بەو رۆڵە پێشەنگانەیەی ژنان دەیگێڕن لە بزووتنەوەی ئاشتیدا) بۆ رامالّینی چەک بەگشتی و بەتەواوی لەژێر چاودێرییەکی توند و کاریگەردا، پالّپشتیکردنی ئەو دانوستانانەی ئامانجیان گەیشتنە بە واژۆکردنی پەیماننامەیەکی جیهانیی بە بێ دواکەوتن، بۆ سەپاندنی قەدەغەیەکی هەمەلایەنەی تاقیکردنەوەی ئەتۆمی، کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی کاریگەر و فرەلایەن پشتڕاست بکرێتەوە و بەشدار دەبێت لە دامالّینی چەکی ئەتۆمی و رێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە چەکە بە هەموو جۆرەکانییەوە دەکات.

- قەدەغەکردنی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی دژ بە ژنان و کچان و بنبڕکردنی.

- دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتنی ژنان و پیاوان بە خوێندن و چاودێریی تەندروستی بەیەکسانی، لەو دوو بوارەدا بەیەکسانی مامەڵە بکرێت، باشترکردنی تەندروستی سێکسی و منداڵبوون بۆ ژنان، هەروەها ئەو پەروەردەیەی کە بەدەستی دەهێنن.

- پەرەپێدانی هەموو مافەکانی مرۆڤ بۆ ژنان و کچان.

- دووهێندەکردنی هەوڵەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو ئەو ژن و کچانەی کە رووبەڕووی بەربەستی جۆراوجۆر دەبنەوە، کە رێگرن لە گەشەکردن و

پێشخستنیان بەهۆی چەندین فاکتەر، وەک: نەژادی، تەمەن، زمان، پەیوەندیی نەتەوەیی، ئایین، کولتوور، خاوەن پێداویستی تایبەت، یاخود بەهۆی ئەوەی لە دانیشتوانی رەسەنن، بەتەواوی لە هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بەهرەمەند دەبن.

- گەرەنتیکردنی رێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش یاسای مرۆیی، بە مەبەستی دابینکردنی پاراستن بۆ ژنان و کچان بە شێوەیەکی تایبەتی.

- کار بکرێت بۆ گەشەپێدانی ئەوپەڕی تواناکانی کچان و ژنان لە هەموو تەمەنێکدا و دڵنیابوون لە بەشداریکردنی تەواو و یەکسانیان لە بنیاتنانی جیهانێکی باشتر بۆ هەمووان و بەهێزکردنی رۆڵیان لە گەشەکردندا.

**بڕیارمان داوە لەسەر ئەمانەی خوارەوە:**

- دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتنی یەکسانانەی ژنان بە سەرچاوە ئابوورییەکان، لەوانە: زەوی، قەرزی بانک، زانست، تەکنەلۆژیا، راهێنانی پیشەیی، زانیاری، پەیوەندییەکان و بازاڕ... وەک ئامرازێک بۆ برەودان بە پێشکەوتن و بەهێزکردنی ژنان و کچان، لەوانەش بەرزکردنەوەی تواناکانیان بۆ چنینەوەی سوودەکانی یەکسانیی دەستڕاگەیشتن بەم سەرچاوانە لە رێگەی هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە لە چوارچێوەی فاکتەرەکانی تردا.

- دڵنیابوون لە سەرکەوتنی بەرنامەکانی کار،

پێویستی بە پابەندبوونێکی بەهێز دەبێت لەلایەن حکومەتەکان و ڕێکخراوەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە سەرجەم ئاستەکاندا. ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە کە گەشەی ئابووری و گەشەی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە، توخمگەلێکی بەیەکەوە بەستراون و یەکتری بەهێز دەکەن لەپێناو گەشەی بەردەوام کە ئەو چوارچێوەیەن هەموو تواناکانمان کۆ دەکەنەوە لەپێناو ژیانێکی شایستە بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

ئەو گەشەپێدانە کۆمەڵایەتییە پۆلێنکراوەی دان بە بەهێزکردنی هەژاراندا دەنێت، (بەتایبەتییش ئەو ژنانەی لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین)، لە بەکارهێنانی سەرچاوە ژینگەییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام، بنەمایەکی پێویستە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام، هەروەها باوەڕی وایە کە گەشەی ئابووریی بەردەوام و لە ئاست بنکەیەکی فراواندا و بە شێوەی گەشەی بەردەوام، پێویستە بۆ گەشەپێدانی ئابووریی بەردەوام و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەروەها بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکانی کار، پێویست دەکات سەرچاوە پێویستەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی بەکار بهێنرێن، هەروەها سەرچاوەی تازە بخرێنە پاڵ سەرچاوە بەردەستەکانی وڵاتانی گەشەکردوو، لەوانەش: سەرچاوەی فرەلایەن و دوولایەن و تایبەت، لەپێناو پێشخستنی ژنان، هەروەها دابینکردنی سەرچاوەی دارایی؛ بۆ بەهێزکردنی تواناکانی دامەزراوە نیشتمانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوون بە یەکسانیی نێوان ژن و

پیاو لە مافەکان و بەرپرسیاریێتی و هەلدا، بە بەشداریکردنی ژنان و پیاوان بەیەکسانی لە هەموو کۆمسیۆنە نیشتمانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها لە دارِشتنی سیاسەت و بەهێزکردنی میکانیزمەکانی لێپرسینەوە لە هەموو ئاستەکاندا.

- دڵنیایی سەرکەوتنی بەرنامەکانی کار لەو وڵاتانەی ئابوورییان لە قۆناغی گواستنەوەدایە، کە پێویستی بەردەوامیان بە یارمەتی و هاوکاری هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

- ئێمە (حکومەتەکان) لێرەدا بەرنامەکانی کار دەگرینە بەر و پابەند دەبین بە جێبەجێکردنی بەشێوەیەک کە رەچاوکردنی جێندەری لە هەموو سیاسەت و بەرنامەکانماندا مسۆگەر بکات، هەروەها هانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە داراییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، نوێنەری دامەزراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان، هەموو ژنان و پیاوان، هەروەها رێکخراوە ناحکومییەکان (لەگەڵ رێزگرتنی تەواو لە سەربەخۆییان) و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدەین کە کار بکەن بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتەکان و بەتەواوی پابەند بن بە بەرنامەکانی کار و یاریدەدەر بن لە جێبەجێکردنیاندا.

کۆنگرەی پەکین، بە یەکێک لە گرنگترین و پڕبایەخترین کۆنگرەکانی ژنان دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان، بەهۆی سپۆنسەرکردنی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و

زۆریی ژمارەی ژنانی بەشداربوو تێیدا، ئەمە جگە لە ئەنجامە ئەرێنییەکانی. هەندێک لە بەشداربووان و رێکخراوە ناحکومییەکان ئەنجامی کۆنگرەکەیان بە باش هەڵسەنگاند و باشتر بوو لەوەی چاوەڕوانی لێ دەکرا. خەباتی ژنانی جیهان لەپێناو مافەکانیان، سەقامگیرتر بووە و سکرتێری گشتیی کۆنگرە، گێرترود مۆنگێلا[٢٨]، کۆنگرەی بە شۆڕشێک لە مێژووی خەباتی ژنان لە قەڵەم دا.

کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقی، بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، دۆکیۆمێنتی مافەکانی منداڵ، بەڵگەنامەکانی کۆبوونەوەی هەرێمایەتی کۆنگرەی پەکین +٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنووسی دەستەی هەماهەنگیی عەرەبیی بڵاو کردەوە.

هەروەها لە ساڵی ١٩٩٨ ژنانی عیراقی بە دوو شاند لە کۆنگرەی دوازدەهەمینی ئندعدا لە پاریس بەشدار بوون. یەکەمیان شاندێکی هاوبەش لە کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق و کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، دووەمیش شاندی دەسەڵات بوو کە هەوڵیان دەدا کێشە و گرفت بۆ کۆمەڵە دروست بکەن لە رێگەی ناردنی هەڕەشەوە بۆ ئەندامانی شاندی کۆمەڵە. شاندی کۆمەڵە توانییان پشتوانیی کۆنگرە بە لای خۆیاندا رابکێشن دژی (گەمارۆی ئابووری، سیاسەتی دیکتاتۆری و شەڕ). دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە، هەردوو شاندی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق و کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، راگەیەنراوێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە و تێیدا

---

28 Gertrude Mongella.

ڕۆڵی هەردوولایان لەناو کۆنگرەدا باس کرد؛ باسیان لە نەهامەتییەکانی ئافرەتانی عیراقی و کوردستانی کرد لەژێر سایەی دیکتاتۆریەت و گەمارۆی ئابووری و پاشماوەکانی شەڕی ناوخۆ و دەرەوەدا، هەروەها باسی ئەو خواستە ڕەوایانەی کە لە سایەی عیراقێکی دیموکراتیی فیدراڵیی یەکگرتوودا دێنە دی. شاندی هاوبەشی کۆمەڵە هاوسۆزیی نوێنەرەکانیان بەدەستهێنا لە ڕێگەی پەسەندکردنی بەڵگەنامەی پاڵپشتی لە ژنانی عیراقی و ورووژاندنی پرسی ژنانی عیراق و ژنانی کوردستان، نەک تەنیا لە پەیوەندی بە ڕەتکردنەوەی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵک، بەڵکوو لە هاودەنگییان لە دژی دیکتاتۆریەتی ڕژێمی سەدام حسێن و پەسەندکردنی بڕیاری هاوپشتیی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق لە خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، هەروەها کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان وەک ئەندام لە ئندع وەرگیرا. شاندە هاوبەشەکە جەختیان کردەوە کە ئەم کۆنگرەیە وێستگەیەکی تایبەتمەندە بۆ پێشخستنی خەباتی هەردوو کۆمەڵە و پتەوکردنی پێگەیان لەناو جەماوەری ژنان لە مەکۆ نێودەوڵەتییەکاندا. هەردوو کۆمەڵەکە بەهۆی بەشداریکردنیان لەم بۆنە جیهانییەی ژناندا، بانگەوازێکی هاوبەشیان سەبارەت بە ئازارەکانی گەلی عیراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی بڵاو کردەوە و داوای هاودەنگی و کارکردنیان کرد لەپێناو:

- کۆتاییهێنان بە گەمارۆی ئابووریی نێودەوڵەتی دژی گەلی عیراق بەبێ سنووردارکردن و مەرج.

- وەستاندنی ماشێنی کوشتنی بەکۆمەڵ، هەروەها وەستاندنی کوشتنی زیندانییەکان لە زیندانەکانی عیراقدا.

- فشار خستنە سەر رژێمی عیراق بۆ دیاریکردنی چارەنووسی قوربانیانی ئەنفال و ئازادکردنی ئەوانەی لەژیاندا ماون.

لە کۆتایی بانگەوازەکەدا داوا لە هەموو دۆستان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ کرابوو؛ هاوسۆزی و پشتیوانیی خۆیان بۆ گەلی کورد و قوربانیانی دەستی دیکتاتۆر و شۆڤێنیەت دەرببڕن و لە پاڵ هەموو گەلی عیراقدا بوەستن و پشتیوان بن لە داواکەیان کە سەدام حسێن و یاریدەدەرە باڵاکانی بدرێنە دادگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ. لە بانگەوازەکەدا داوای ئەوەش کرابوو کە پشتیوانی گەلی عیراق بن لە خەباتیان بۆ رزگاربوون لەو دیکتاتۆرە خوێنڕێژە و بنیاتنانی عیراقێکی دیموکراسی کە مافەکانی مرۆڤ و مافە رەواکانی نەتەوەی کورد فەراهەم بکات.

# بەستنی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ سکرتاریەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق

لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٨ سکرتاریەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی ئەنجام دا، کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر نەهامەتییەکانی ژنانی عیراقی لە بوارە جیاکاندا، هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهاندا روو دەدەن، هەروەها لەسەر پێشنیارەکانی بزووتنەوەی ژنانی جیهانی. کۆبوونەوەکە رووماڵی ئەنجامی ئەو سیاسەتە بەربەرییە کارەساتبارەی کرد، کە رژێمی دیکتاتۆر بۆ ماوەی سێ دەیەیە پەیڕەوی دەکات بە مەبەستی لەناوبردنی قەوارەی خێزانی عیراقی، چ لە رووی دارایی و چ لە رووی ئەخلاقییەوە، ئەویش بە هەڵگیرساندنی شەڕ، سیاسەتی خوێناوی، چەوساندنەوەی شۆڤێنیانە و هەمووارکردنەوەی کۆنەپەرستانە لە کۆمەڵێک یاسادا، هەروەها هەڵمەتی پڕوپاگەندەی چەواشەکارانە بۆ لەناوبردنی بەها ئەخلاقییەکان لە کۆمەڵگەدا، کە بوونەتە هۆی ئەوەی ژنانی عیراقی رووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونیی ببنەوە و پێگەیان لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا لاواز بووە. کۆبوونەوەکە باسی لەو وێرانکارییانەش کرد کە بەهۆی گەمارۆی ئابووریی نێودەوڵەتییەوە روویان داوە. لە راگەیەنراوی کۆبوونەوەکەدا نەهامەتییەکانی ئەو ژنە عیراقییانە خرایە روو کە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەدا وڵاتیان

بەجێ هێشتووە، ئەویش هەستکردنە بە نامۆیی لەناو کۆمەڵگە نوێیەکانیان و بێبەشبوونیان لە هەلی کار، هەروەها ئەو ئاستەنگییانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە لە پەروەردەکردنی منداڵدا و سەختیی پەیوەندییان لەگەڵ کەسوکاریان لە زێدی خۆیان. لە راگەیەنراوەکەدا جەخت لەسەر قوربانیدانی خێزانی عیراقی و ژنان بەتایبەتی و خۆڕاگرییان لە بەرانبەر ئەو واقیعە و باوەڕبوونیان بە پێویستیی چارەسەرکردنی کراوەتەوە. هەروەها لە بەیاننامەکەدا جەخت لەسەر خۆڕاگری و بەرخۆدانی ئەندامانی کۆمەڵەکە کراوەتەوە، جا چ لە زیندان و گرتووخانەکاندا، یان ئەوانەی راوەدوو دەنرێن لە کاتی هەڵمەتەکانی راگواستن و شەڕەکاندا.

کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر پێویستی و گرنگیی پشتیوانی و هاوکاریی ژنان لە یەکتری کردەوە، بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ناخۆشی و بێهیوایی و بەرزکردنەوەی متمانەبەخۆبوون و دروستکردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ژنان، کە گوزارشت لە خواستەکانی ژنانی عیراقی بکات بۆ ژیانێکی سەلامەت و ئازاد و شکۆمەندانە. ئەمەش پێویستی بە ورووژاندنی رۆحی بەرەنگاربوونەوە هەیە لای ژنان و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی مافەکانی ژنان بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤەوە، داکۆکیش لە مافەکانیان و شکۆمەندییان؛ رۆڵێکی گرنگ و مەزنی هەیە لە خەباتی نیشتمانیدا بەگشتی، هەروەها لە پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بە مەبەستی فەراهەمکردنی دیموکراسیەت و ئاشتی. هەر لە راگەیەنراوەکەدا جەخت

لەسەر پەرەپێدانی ئاراستە و دەستپێشخەریی گشتی بە هەموو شێوەکانییەوە کرا، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر بەپەرۆشییەوە کارکردن بۆ پەرەپێدانی دەستپێشخەرییەکان لە بواری پاڵپشتیی جیهانی لەگەڵ ژنانمان لە بەرنامەی کار و کۆڕبەندە جیاوازە نێودەوڵەتییەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری، ئەوەش لە رێگەی بەجیهانگیریکردنی پاڵپشتیی نێوان ژنانی جیهانەوە دەکرێت، کە بە پێشنیار و گفتوگۆکانی کۆنفرانسی دوازدەیەمی ئندع پشتڕاست کراونەتەوە. کۆبوونەوەکە بڕیاری جۆراوجۆری لەپێناو ئەو ئاراستانەدا دا، لەوانە: بەستنی سیمینارێک لەژێر ناونیشانی (بەرەو ساڵی ٢٠٠٠، ژنانی عیراقی، واقیع و ئاڵنگارییەکان)، سوودوەرگرتن لە تێزەکان و ئەنجامەکان لەپێناو دەوڵەمەندکردنی بەرنامەی کۆمەڵە و چالاککردنەوە و دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان رێکخراو و کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقیی جیاواز، بەتایبەتییش کوردستانییەکان.

کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵمەتێکی جیهانی بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی بێسەروشوێنەکان و قوربانیانی ئەنفال و داوای ئازادکردنی دەیان هەزار لە زیندانیان و قوربانیانی کردەوە نامرۆڤانەکانی رژێمی عیراق کردەوە. لە کۆبوونەوەکەدا یادی پەنجا ساڵەی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ کرایەوە، بە بۆنەی ساڵی نوێشەوە سڵاو و پیرۆزبایی ئاراستەی رێکخراو و کۆمەڵەکانی ژنانی عیراقی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کرا.

# سیمیناری کۆڵن "بەرەو ٢٠٠٠، ژنانی عیراقی، واقیع و ئاڵنگارییەکان"

لەسەر داوای کۆبوونەوەی سکرتاریەت، سکرتاریەتی ئافرەتانی عیراق خۆی بۆ بەستنی سیمینارێک ئامادە کرد، پەیوەندی بەو رێکخراوەکانەوە کرد کە دەتوانن پاڵپشتیی ئەم جۆرە چالاکییانە بکەن، هەروەها پەیوەندی بە کەسایەتی و رێکخراوەکانی ژنانەوە کرد، بانگهێشتنامەی پێشکەش کردن بە مەبەستی ئامادەبوون لە سیمینارەکە و دەوڵەمەندکردنی تەوەرەکانیدا. ئەنجامی هەوڵی زۆری سکرتاریەت لەگەڵ رێکخراوە پشتیوانەکان، بەدەنگەوەهاتنی رێکخراوێکی ئەڵمانی بە سەرپەرشتیاری خاتوو سۆفی حوسێنی لێ کەوتەوە، کە سەرەتا پێشوازیی کرد لە بیرۆکەی بەستنی سیمینارەکە و دواتریش هەموو پشتیوانییەکی پێویستی لە سەرەتای ئامادەکارییەکانەوە تا کۆتاییەکەی پێشکەش کرد.

بڕیار درا سیمینارەکە لە نێوان ١٨ – ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا ببەسترێت، لەژێر ناونیشانی "بەرەو ٢٠٠٠، ژنانی عیراقی، واقیع و ئاڵنگارییەکان" و لەسەر بانگهێشتی هاوبەشی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق و ئەلێرت ویلتهاوس. ژمارەیەک ئەندامی رێکخراوەکانی ژنانی عیراقی لە وڵاتانی ئەورووپی ئامادەی سیمینارەکە بوون، هەروەها نوێنەرانی رۆژنامەکانی عەرەبی و ئەڵمانی و نوێنەرانی رادیۆکانی عەرەبی و ئەڵمانییش بە مەبەستی رووماڵکردنی کارەکانی سیمینارەکە.

**پێنج تەوەر بوونە بابەتی گفتوگۆی سیمینارەکە:**

- کاریگەریی دیکتاتۆریەت و جەنگەکانی و گەمارۆی ئابووری لەسەر دۆخی ژنان لە عیراق.
- توندوتیژی و دۆخی ژنان لە کوردستانی عیراق.
- ئاوارەبوونی خێزانە عیراقییەکان بۆ دەرەوە و دۆخی ئافرەتان و منداڵان لە تاراوگە.
- مامەڵەی یاساکانی عیراق لەگەڵ ژن و مافەکانیان.

لە میانی سیمینارەکەدا تاووتوێی ئەو پێشنیار و بابەتانە کرا کە لەلایەن بەشداربووانەوە لەژێر رۆشنایی ئەزموونەکانیاندا پێشکەش کران و بوونە هۆی دەوڵەمەندکردنی تەوەرەکان. هەروەها مامۆستای مافپەروەر، خاتوو بدوور زەکی و پارێزەر، نەدا حامدی، لە تەوەری تایبەت بە یاسای باری کەسێتیدا، بەشێوەیەکی سەرنجراکێش بۆچوونەکانی خۆیان خستە روو. لە کۆتایی سیمینارەکەدا گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. ئاگادارکردنەوەی رێکخراو و کۆمەڵەکانی ژنانی عیراقی لە تاراوگە و لە کوردستان و ناوخۆ بە کارەکانی سیمینار و پەیوەندیی لەگەڵیان لەپێناو پێشخستنی کارەکانیان و ئەنجامەکانی سیمینارەکەیان پێ رابگەیەنرێت.

٢. بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی شێواز و ئامرازی نوێ و سوودوەرگرتن لەو توانایانەی ئێستا بەردەستن تا ئەو جێگەیەی کە دەکرێت، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئازار و نەهامەتییەکانی خێزانە عیراقییەکان لە ناوەوەی وڵات، بەتایبەتییش ژنان و منداڵان.

٣. بایەخدان بە ژنانی کوردستان و ئازار و نەهامەتییەکانیان لە سایەی بەرزبوونەوەی رادەی ئەو توندوتیژییەی لە کوردستان رووبەڕووی دەبنەوە، پشتیوانیی چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، هەوڵدان بۆ دروستکردنی باشترین پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی لەم بوارەدا، هەروەها لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کە لەوێ کار دەکەن و خزمەت بە کاروباری ژن و منداڵ دەگەیەنن.

٤. گرنگیدان بە دروستکردنی پەیوەندیی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەو ژنانەی کە تازە هاتوونەتە وڵاتانی پەنابەری، گرتنەبەری شێوازی نەرمونیان بۆ زانینی کێشەکانیان و رێکخستنی هەوڵەکانیان و پێشکەشکردنی هاوکاریی پێویست بۆ خۆیان و منداڵەکانیان.

٥. گرنگیدان بە وروژاندنی بابەتەکانی سیمینار بە ناردنی پەیام بۆ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق و وەرگرتنی زانیاری لەسەر دیدگایان بۆ پرسی ژن لە بەرنامەکانیاندا و لە داهاتووشدا بەشدارییپێکردنیان لە سیمینارەکانی داهاتوو کە باس لەو بابەتانە دەکەن.

٦. میدیای عیراقی و عەرەبی هێشتا گرنگییەکی سنوورداریان بۆ پرسەکانی ژنی عیراقی و مافەکانیان هەیە، ئەمەش پێویستی بە کاری زیاتر هەیە بە دەوڵەمەندکردنیان بە بابەت و زانیاری و لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی ژن و گۆڕانکاریی تازە لە دۆخیاندا، بەتایبەتییش ئێمە خوازیارین گۆڕانکارییەکانی داهاتووی عیراق ببێتە هۆی پەرەپێدانی

ڕۆڵـی کۆمەڵگەی مـەدەنـی و یاساکانی لـەژێر سایەی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ.

٧. کارکردن لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی یاسایی لە نێو ژنانی عیراقی لە ڕێگەی ئاشناکردنیان بە ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژی ژن، هەروەها بە بڕیارەکانی کۆنگرەی پەکین، بڕیارەکانی کۆنگرەی جیهانیی نیشتەجێبوون لە قاهیرە، بڕیارەکانی کۆنگرەی گەشەپێدان لە کۆبنهاگن و هەڵسان بە لێکۆڵینەوە و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو بەڵگەنامانەی لە یاساکاندا هەن.

٨. گشتاندنی پەیڕەوی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵ لە نێو نێوەندەکان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵەکانی ژنانی عیراقی بەهەند وەردەگرین، هەروەها بایەخدان بە شرۆڤەی یاسای نەوجەوانان لە عیراق و ئەوەی لەناو دادگەکانی نەوجەوانان ڕوو دەدات. هەروەها زۆر گرنگە بایەخ بەو منداڵە عیراقییانە بدرێت کە پەنابەرن، لە ڕێگەی کاکردن لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییان لەگەڵ نیشتمان، داهێنانی شێوازی نوێ و پێشکەوتوو بۆ کارکردن لەگەڵ گەنجانی عیراقی، ئەوانەی لە دەرەوە گەورە بوون، هەروەها ڕێزگرتن لە هەڵبژاردەکانیان کە ئەگەری ئەوەی هەیە هەندێک جار ناکۆک بێت لەگەڵ دیدی باوک و دایکیان.

٩. بەزووترین کات ناوەڕۆک و بابەت و گفتوگۆکانی سیمینار بکرێت بە نامیلکەیەک و هـەوڵ بدرێت دابەش بکرێت، پاشان وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانی ئەو وڵاتانەی

گرووپ و کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقیی لێیە و بەهێزکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەو نامیلکەیە بەسەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و مرۆڤدۆست و یاسایی لە هەر یەکێک لەو وڵاتانەدا، تا رادەی ئەنجامدانی کار و چالاکیی هاوبەش لەگەڵیان بە مەبەستی هاودەنگی لەگەڵ ژنانی عیراقی.

بەشداربووانی سیمینارەکە کەیسەکانی کوشتن و توندوتیژیی نامرۆڤانەیان دژی ژنانی کوردستان شەرمەزار کرد، کە بەشێوەیەکی مەترسیدار زیادی کردووە، داوایان کرد هەڵمەتی پشتیوانیی لە وڵاتانی جۆراوجۆر ڕێک بخرێت بۆ راگرتنی ئەو کردەوانە کە مایەی شەرمەزارین بۆ مرۆڤایەتی. لە هەمان کاتدا، ئەنجومەنی ئاسایش و هەڵسوکەوتی دڕندانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا لە سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و دەستدرێژیی سەربازییان بە بەرپرسیار دانا، لەوانەش بۆردوومانی بەردەوامی فڕۆکەکان لەسەر ناوچە جیاوازەکانی عیراق، کە نەهامەتییەکانی گەلی عیراق قووڵتر دەکاتەوە.

چالاکییانەی ئەم دواییە، ڕەنگدانەوەی ئەرێنییان هەبوو چ لەسەر چالاکییەکانی دواتری سکرتاریەت، یاخود بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی پەنابەری کە ژنانیان تێدا کۆبوونەتەوە، هەروەها ئەنجامدانی چالاکیی راگەیاندن، پشتیوانی و پەیوەندی لەگەڵ وڵات.

# بەرەو ٢٠٠٠ و
# کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق

سەدەی بیستەم تەواو بوو، مرۆڤایەتی پێ نایە سەدەی بیست و یەکەمەوە، کۆمەڵەش لە سەروبەندی تەواوکردنی نیو سەدە خەباتی پڕ لە تێکۆشان و سەختی خۆیدایە بۆ داکۆکیکردنی لە مافەکانی ژنان، هاوکات لە پێوەندیدا لەگەڵ خەباتی گەلی عیراق لەپێناو ژیانێکی باشتر و مندالّیی بەختەوەرانە. لەو ماوەیەدا کۆمەڵە و ژنانی عیراق بە هەلومەرجێکی زۆر سەختی ستەمی رژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان، سیاسەتەکانی چەوساندنەوە و توندوتیژی، گرتن، زیندان، لەسێدارەدان و دەرهاویشتەی شەڕەکاندا تێپەڕین. ژنانی عیراق هەموو ئەو دەستکەوتانەیان لەدەست دا کە لە ماوەی خەباتی پڕ لە ئاستەنگیدا بەدەستیان هێناوە، بەڵام ژنانی عیراق مێژوویەکی دوورودرێژی پڕ لە خەبات و قوربانییان هەیە، لە خەباتەکەیاندا نەوەستاون، سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوەکەیان هەوراز و نشێویی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵانی نەوەدەکاندا بە سستییەکی گەورەدا تێپەڕی، لە کۆتایی نەوەدەکان کۆمەڵە وردە وردە چالاکییەکانی دەست پێ کردەوە. لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠دا سکرتاریەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقی سێ کۆبوونەوەی ئەنجام دا، یەکەمیان لە شوباتی ٢٠٠٠، دووەم لە نیسانی ٢٠٠٠ و سێیەمیش لە حوزەیرانی ٢٠٠٠.

لە کۆبوونەوەی یەکەم، بانگەوازێک بۆ ئەندامانی کۆمەڵە دەرچوو لەپێناو کارکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵە، بانگەوازێکی تریش لەپێناو خۆئامادەکردن بۆ ڕێپێوانی جیهانیی ژنان بۆ ساڵی ٢٠٠٠ و بانگەوازەکە لە چەندین ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندندا بڵاوکرایەوە. چەندین کۆبوونەوەی تایبەت بە گفتوگۆ لەسەر بابەتی کۆنگرە ئەنجام دران، هەروەها لەپێناو خۆئامادەکردن و بەشداری لە ڕێپێوانەکەدا و هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆ لەسەر بانگەوازی تایبەت بە ڕێپێوانەکە. لە کۆبوونەوەی دووەمدا لە نیسان، کۆمەڵە بە نامەیەکی ناوخۆیی ڕێنماییەکانی دەربارەی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە دەر کرد.

کۆبوونەوەی سێیەم لە حوزەیرانی ٢٠٠٠، تایبەت بوو بە هەڵسەنگاندنی ئەو چالاکییانەی کرابوون بەهۆی بانگەواز و ڕێنماییەکان کە لە دوو کۆبوونەوەکەی پێشووتردا دەرچووبوون، لە کۆبوونەوەکەدا دەرکەوت کە ناتوانرێت کۆنگرە بەزوویی ببەسترێت. کەواتە بابەتەکە پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زیاترە، بەتایبەتی گرنگیدان و جەختکردنەوە لەسەر دۆزینەوەی سەنتەرێکی ناوەندی لە نیشتماندا، هەروەها دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە کۆمەڵە لە ناوەوەی وڵات و بەهێزکردنی کاری کۆمەڵایەتی و هزری و یەکدەنگی لە دەرەوەی وڵات. جگە لەوەش، بڕیار درا گرنگی بدرێت بە سەرکەوتنی بەشداریی کۆمەڵە و ژنانی عیراق لە ڕێپێوانی جیهانیی ژنان لە نیویۆرک، هەروەها بەشداریکردن لە ڕێپێوانی برۆکسلی ئەوروپی لە ئەیلوولی ٢٠٠٠.

کۆبوونەوەکەی حوزەیران، بە کۆبوونەوەیەکی چۆنایەتی ئەژمار دەکرێت، کە تێیدا دەرەنجامی گفتوگۆی بەکۆمەڵ و بەشداریی تاکەکەسی سەبارەت بە بەستنی کۆنگرە و پەیڕەوی ناوخۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا. چەندین کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە لە دەرەوە و کوردستان و نیشتمان بە بۆچوونەکانیان بەشدارییان کرد. هەمووان جەختیان لەسەر چالاککردنەوەی کاری ڕێکخراوەیی ژنان لە ناوخۆ، گرنگیدان بە پەرەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیری، لێکۆڵینەوە لە دوایین تازەگەرییەکانی سەردەم و پێشخستنی ڕۆڵی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پرسەکانی ژنان و منداڵان کردەوە، دواتریش گەشەپێدانی هەماهەنگی لەگەڵ ژنانی عیراقی لە دەرەوەی وڵات.

گرووپەکانی کۆمەڵە لە وڵاتانی پەنابەریدا چالاک بوون و چەندین چالاکییان ئەنجام دا بۆ ئامادەکاری و بەشداریکردن لە ڕێپێوانە جیهانییەکەی ژنان لە نیویۆرک و برۆکسل. کۆی ئەو واژۆیانەی بۆ بەشداریی ڕێپێوانەکە کۆ کرانەوە، زیاتر لە دوو هەزار واژۆ بوون، ئەمە جگە لە ئامادەکردنی سروود و پۆستەری تایبەت بەو بۆنەیە. کۆمەڵە توانی هەندێک لە کەسایەتییەکانی لە کەنەدا و ئەمەریکا بدۆزێتەوە بۆ پەیوەندیکردن بە لیژنەی ئامادەکاریی جیهانی بۆ ڕێپێوان لە کوبێک[٢٩]، پاشان دەرفەتی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵە لە شاندی سیاسیدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان شانبەشانی

---

٢٩ هەرێمی کوبێک؛ دووەم گەورەترین هەرێمی کەنەدایە لە رووی رووبەرەوە.

شاندی کۆمەڵەیەکی تری کوردی بەدەست بهێنێت. نوێنەری کۆمەڵە لە ڕێپێوانەکەی نیویۆرک، بانگەوازی ڕێپێوانەکە کە واژۆی دوو هەزار کەسایەتی لەسەر بوو، پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. هەروەها لیستێکی بە ناوی ئەو ژنانەی بێسەروشوێن و شەهید بوون لە زیندانەکان و گرتووخانەکاندا نارد بۆ ماری ڕۆبنسۆن، بەرپرسی لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەروەک کۆپییەکیشی نێردرا بۆ نووسینگەی بڕیاردەری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژنێڤ.

دەیان ئەندامی کۆمەڵە و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنانی عیراقی لە وڵاتانی ئەوروپیی پەنابەر، لە ڕێپێوانەکەی برۆکسلی ئەوروپیدا بەشدارییان کرد و بە پۆستەر و لافیتەکانیان گوزارشتیان لە دۆخی ژنانی عیراقی و داواکارییەکانیان دەکرد. لەگەڵ سەدان کەس لە بەشداربووان، بەناو شەقامەکانی برۆکسلدا دەسووڕانەوە و ئەو سروودەیان دەوتەوە کە بۆ ڕێپێوانەکە ئامادەیان کردبوو و لەگەڵیشیدا هوتافیان دەدا و هەلهەلەیان دەکێشا.

لەسەر ئاستی عەرەبییش، کۆمەڵە پەیوەندی لەگەڵ دەستەی هەماهەنگیی عەرەبی بۆ ڕێپێوانی جیهانیی ژنان دامەزراند و جەختیان لەسەر پێویستیی بەشدارییپێکردنی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەکانیاندا دەکردەوە، هەروەها پێویستیی ئاشکراکردنی سیاسەتی تیرۆریستیی ڕژێمی دیکتاتۆری لە عیراق بەرانبەر بە ژنان، لەگەڵ وەستانەوە دژی گەمارۆی

ئابووری. هەروەک رەخنەشیان لە هەڵوێستی تاکڕەوانەی دەستەی ئامادەکاری گرت سەبارەت بە پرسی عیراق.

هەر لەو ساڵەدا، نوێنەرانی کۆمەڵە لە کۆنگرەی تۆڕی رێکخراوە ناحکومییەکانی عەرەبی ئامادە بوون کە لە بەیروت بەسترا، هەروەها لە کۆنگرەی لووتکەی جیهانی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کە لە ژنێڤ بەسترا. شاندەکە سەرکەوتوو بوون لە خستنەڕووی نەهامەتییەکانی ژنانی عیراق لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت و گەمارۆی ئابووریدا.

بە مەبەستی هاوسەنگبوون لەگەڵ پێشهاتەکانی جیهان سەبارەت بە پرسی ژنان و ئاشناکردنی ئەندامەکانی بە رێسا و دیبەیتە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە مافەکانیان و مافەکانی منداڵان؛ کۆمەڵە بەڵگەنامەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی ژنان، بەڵگەنامەی مافەکانی منداڵ، بەڵگەنامەکانی کۆبوونەوەی ناوچەیی بۆ ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی (پەکین ٥+)ی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنووسی دەستەی هەماهەنگی عەرەبیی بڵاو کردەوە.

دوای زیادبوونی چالاکییەکان و بەردەوامبوونیان، کۆمەڵە بیری لە بەستنی کۆنگرەی پێنجەم کردەوە. چەندین لیژنەی ئامادەکاریی هەڵبژێردراو لە چەند وڵاتێکی ئەوروپیی وەک: لە سوید (ستۆکهۆڵم، مالمۆ و یوتۆبۆری)، دانیمارک، نەرویج، ئینگلتەرا و هۆڵندا، هەروەها سووریا و تەنانەت لە ناوخۆی وڵاتیشدا پێک هێنران، چوار لە ئەندامەکانی کۆمەڵە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ – ٢٠٠٢ سەردانی کوردستانیان کرد بۆ بەدواداچوونی کارەکانی کۆمەڵە

و ئامادەکارییەکانی کۆنگرە لە وڵاتدا. چەندین بەیاننامە بەو بۆنەیەوە بڵاو کرانەوە، بە بۆنەی یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەشەوە چەندین ئاهەنگیان گێڕا. میدیای کۆمەڵە چالاک بووەوە و "خەباتی ئافرەتان" کەوتەوە بڵاوکردنەوە. سکرتاریەتی کۆمەڵەش چالاک بووەوە لە بەستنی کۆبوونەوەکانی بۆ بەدواداچوونی ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرە. سکرتاریەت کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی ئەنجام دا، کە لەلایەن نوێنەرانی کۆمەڵە و رێکخراوەکانی ژنانی عیراقی لە ئەوروپا، لە مانگی ئازاری ٢٠٠١ لە هۆڵندا داوایان کردبوو. کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ بەدواداچوونی ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی پێنجەم و هەماهەنگی لە نێوان رێکخراوەکانی ژنانی عیراقی لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ کۆمەڵە، هەروەها میکانیزمی پەیوەندیی نێوانیان. کۆبوونەوەکە چەند بڕیارێکی دەربارەی ئەرکی لیژنەکانی ئامادەکاری دەر کرد و لیژنەیەکی ئامادەکاریی ناوەندیی پێک هێنا بۆ بەدواداچوونی ئامادەکارییەکان لە رێگەی پەیوەندی بە لیژنەکانەوە. هەروەها چەند بڕیارێکیش دەربارەی میکانیزمی هەماهەنگی نێوان گرووپەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق و کۆمەڵەکانی ژنانی عیراقی و چەندین بڕیاری تایبەت بە هەڵمەتی هاودەنگی و چالاککردنەوەی راگەیاندن.

ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرە باش بەڕێوە دەچوون، هەموو گرووپەکانی کۆمەڵە هەماهەنگ بوون، بەڵگەنامەی سەرەکی کۆمەڵە (پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەکان)

خرایە بەردەم لیژنەکانی ئامادەکاری و لیژنەی ئامادەکاریی ناوەندی و لیژنەکانی کۆمەڵە لە کوردستان و ناوخۆ بە مەبەستی گفتوگۆ و دەوڵەمەندکردن و دەستکاریکردنی، ژنان و پیاوانی ئارەزوومەند لە رەوەندی عیراقی، چ لە هۆڵندا، دانیمارک، سوید، یەکێتیی لاوانی دیموکرات، فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی عیراق، کۆمەڵەی مافی مرۆڤ، کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق، رایەڵەی دیموکراتخوازەکان و کۆمەڵەی مەندائییەکان لە سوید بەشدارییان تێدا کرد. لە هۆڵندا، کۆمەڵەی ژنانی عیراقی، دیداری ژنانی عیراقی و کۆمەڵەی مەندائییەکان تێبینیی زۆر گرنگیان دەربارەی بەڵگەنامەکان پێشکەش کرد. لە ئینگلتەراش، کۆمەڵێک رۆشنبیر و رۆژنامەنووس تێبینییەکانی خۆیان دەربارەی بەڵگەنامەکە خستە روو. لیژنەیەک بۆ ئامادەکردنی بەڵگەنامەکە بە گەڕانەوە بۆ هەموو بۆچوون و گفتوگۆ و تێبینییەکان پێک هێنرا و بە شێوەی کۆتایی ئامادە بوو.

ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرە، هاوکات بوو لەگەڵ ئاهەنگەکانی ٨ی ئازار، رۆژی جیهانیی ژن و ئاهەنگەکانی یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵە، لەبەر ئەوە ئامادەکارییەکان بەشێوەیەکی ناوازە بەڕێوە دەچوون لە رووی بەستنی کۆبوونەوە و هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەوە. بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە ئامادەکارییەکان لەژێر ناوی "بەرەو کۆنگرە" دەردەکرا و چوار ژمارەی لێ دەرچوو، کات و شوێنی بەستنی کۆنگرەکە دیاری کرا.

بەهۆی بارودۆخی بابەتییەوە کە خۆی لە زیادبوونی توندوتیژی و تیرۆردا دەبینییەوە، سکرتاریەت بڕیاری دا بە دواخستنی کۆنگرە بۆ کاتێکی نادیار.

لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی سکرتاریەت و لیژنەی ئامادەکاریدا، بڕیاریان دا لیژنەکانی ئامادەکاری بەردەوام بن لە کار و چالاکیی جەماوەریی ژنان، بەو پێیەی کۆمەڵە ڕێکخراوێکی جەماوەریی ژنانە، بۆیە پێویستە گۆڕەپانی کار و چالاکییەکانی لە نێو جەماوەری ژناندا بێت. کۆبوونەوەکە چەند بڕیارێکی گرنگی دەر کرد؛ گرنگترینیان پێکهێنانی لیژنەیەک بوو لە سکرتاریەت و لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە، بەناوی لیژنەی سەرکردایەتی کۆمەڵە بۆ بەردەوامبوون لە سەرکردایەتیکردنی کار و چالاکیی ژنان تا بەستنی کۆنگرە، هەروەها بڕیاری بەستنی کۆبوونەوەیەک لە لەندەن بۆ ئەندامانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٢، بۆ تاووتوێکردنی بەردەوامیدان بە کاری کۆمەڵە، ئەوەی لەگەڵ پێشهاتەکانی داهاتوو دەگونجێت. کۆبوونەوەکە لە لەندەن ئەنجام درا و هەموو گرووپەکانی کۆمەڵە لە دەرەوە بەشدار بوون، هەروەها نوێنەرانی سووریاش. کۆبوونەوەکە هەندێک بڕیار و پێشنیاری دەر کرد بۆ کاراکردنەوەی کۆمەڵە و بەردەوامبوونی. کۆبوونەوەکە هاوکات بوو لەگەڵ ڕێپێوانە جیهانییە گەورەکە، کە لە لەندەن لەژێر دروشمی "نا بۆ شەڕ، نا بۆ دیکتاتۆریەت" بەڕێوە چوو. بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە ڕێپێوانەکەدا بەشدار بوون و یاداشتێکیان

به هەمان ناونیشان بەسەر بەشداربووان و راگەیاندنەکاندا دابەش کرد.

لە قۆناغەکانی دوای کۆبوونەوەکەی لەندەن، گرژییەکان پەرەیان سەند، هەموو ئاشتیخوازانی ناوچەکە لە دڵەڕاوکێدا بوون بەهۆی لێدانی دەهۆڵی شەڕ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دژی عیراق و هێنانی کەشتیی جەنگی بەرەو ئەو ناوچەیە، بە بیانووی جەنگ لەگەڵ تیرۆیستان و نەهێشتنی چەکی کۆکوژی عیراق. لە لایەکی تریشەوە بە بیانووی ئامادەکاریی بۆ بەرەنگاربوونەوەی جەنگ، رژێم بەردەوام بوو لە توندکردنەوەی رێوشوێنە ئەمنییەکانی دژ بە گەلی عیراق. کۆمەڵە چەندین بانگەوازی دژی جەنگ و دژی دیکتاتۆریەت دەر کرد.

لەو روانگەیەوە، لیژنەکانی کۆمەڵەکە لە دەرەوەی وڵات بەشدارییان لە چالاکییە گشتییەکانی رەوەندی عیراقیدا کرد؛ خۆپیشاندانیان کرد، بەشدارییان لە رێپێوانەکاندا کرد، بانگەواز و بەیاننامەیان بڵاو کردەوە، سیمیناریان ئەنجام دا، هەروەها بەشدارییان لە گفتوگۆی رۆژنامەوانی و رادیۆیی و تەلەڤزیۆنیدا کرد، هاوکات پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هێزەکانی هاوسۆز لەگەڵ گەلی عیراق پتەوتر کرد بە حزب و پەرلەمانەکانەوە. بەهۆی ئەو چالاکییانەوە، پەیوەندییەکانی کۆمەڵەکە لەگەڵ هەندێک لە هێزە سیاسی و جەماوەرییەکان لە وڵاتانی جیاواز پەرەی سەند.

## پەیوەندیی بزووتنەوەی ژنانی عیراقی بە بزووتنەوەی ژنانی عەرەبی و جیهانییەوە

بزووتنەوەی ژنانی عیراقی، لە سەرەتای دروستبوونییەوە کاریان کردووە لەپێناو پەرەپێدانی کارەکانیان و دەوڵەمەندکردنی بە ئەزموون و شارەزایی بزووتنەوە فێمینیستییەکانی دیکە، ناساندنی بزووتنەوەکە بە مەکۆ عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان و گەیاندنی دەنگی ژنانی عیراقی و بەدەستهێنانی دۆستایەتی و هاوسۆزی لەگەڵیاندا.

- یەکەم دەستپێشخەری لە دروستکردنی ئەو جۆرە پەیوەندییانەدا، لە سییەکانی سەدەی رابردوودا بوو، لە رێگەی ئامادەبوون لە کۆنگرەی ژنانی رۆژهەڵات، کە ساڵی ١٩٣٨ لە دیمەشق بەڕێوە چوو و دوو ژنی عیراقی نوێنەرایەتییان دەکرد، ئەوانیش هەردوو خاتوون: ئەمینە رەحال و هاوسەرەکەی بەکر سدقی بوون.

- لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٨، یەکەمین کۆنگرەی ژنانی عەرەب لەسەر بانگهێشتی خاتوو هودا شەعراوی، بۆ پشتیوانی لە پرسی فەلەستین بەڕێوە چوو، ئەوەش بۆ ئەوکات بە کارێکی زۆر گەورە دادەنرا. لەو کۆنگرەیەدا شاندێکی عیراقیی پێکهاتوو لەچوار

ژن (خاتوو سەبیحە یاسین هاشمی، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە وەزارەتی مەعاریف (پەروەردە)، سەرۆکی شاندەکە، خاتوو رەفیعە خەتیب، مامۆستا لە خانەی مامۆستایان لە شاری بەغدا، خاتوو ماری وەزیر و خاتوو مونیبە عەبدوللەتیف سەنیان، کە ئەمیش مامۆستا بوو لە خانەی مامۆستایان لە شاری بەغدا) بەشدارییان کرد. لە سەرەتای کۆنگرەکەدا خاتوو سەبیحە هاشمی، وەک سەرۆکی کۆنگرە و رەفیعە خەتیب، سکرتێر و مونیبە سەنیان، یاریدەدەر و ماری وەزیریش بە چاودێر هەڵبژێردران. شاندی عیراق لە کۆنگرەکەدا بیرۆکەی دروستکردنی رێکخراوێکی فێمینستیی عەرەبیی یەکگرتووییان بۆ پێشنیار کردن، هەروەها دروستکردنی رێکخراوی ژنان لەو وڵاتانەی رێکخراوی ژنانیان تێدا نییە. بیرۆکەکە پەسەند کرا و داوا لە خاتوو هودا شەعراوی کرا بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا هەموویان سروودی زیندانیان بەیەکەوە دەوتەوە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێت:

**ئەی تاریکیی زیندان باڵبکێشە**
**ئێمە تاریکیمان خۆش دەوێت**
**دوای شەو هیچی تر نییە**
**درەوشانەوە و شکۆمەندی نەبێت**

- له کانوونی یەکەمی ١٩٤٤، کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی عەرەبی بەسترا و شاندێکی ژنانی عیراقیی پێکهاتوو لە ١٠ کەس بەشدار بوون:

١. خاتوو نەزیمە تەحسین عەسکەری، نوێنەری ڕێکخراوی مانگی سوور، سەرۆکی شاند.
٢. خاتوو مائیدە حەیدەری، لە ڕێکخراوی مانگی سوور.
٣. خاتوو زوهریە جۆربجی، لە ڕێکخراوی مانگی سوور.
٤. خاتوو مەلیحە ئیبراهیم فەزلی، لە ڕێکخراوی مانگی سوور.
٥. خاتوو ماری کۆنت ئەسغەر، لە ڕێکخراوی مانگی سوور.
٦. خاتوو عەفیفە ڕەئوف، نوێنەری وەزارەتی مەعاریف و ئەندام لە کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق.
٧. خاتوو سانیحە ئەمین زەکی، نوێنەری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.
٨. خاتوو سریە خۆجە، نوێنەری پاراستنی منداڵان.
٩. خاتوو نەزیهە عەنام، لە کۆمەڵەی خوشکانی ئازادی.
١٠. خاتوو ڕۆز خەدووری، نوێنەری کۆمەڵەی ماڵی میللی.

بەشداریی ژنانی عیراقی لە کۆنگرەکانی ژنانی عەرەبیدا بەردەوام بوو. ئەوەی شایانی باسە، کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان بۆ یەکەمین جار لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی ژنانی عەرەب لە ساڵی ١٩٥٧ لە دیمەشق بەشداری کرد و شاندەکەش لە

چوار ئەندام پێک هاتبوو: عزە ئیستەر ئابادی، مائیدە حەیدەری، عائیشە خوندە، عەمیدە روفێعی.

- کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتانی عیراق کە لە ساڵی ١٩٥٢ دامەزرابوو، لە ساڵی ١٩٥٣ بۆ یەکەمین جار لە کۆنگرەی ئندع لە کۆپنهاگن بەشداری کرد و بووە ئەندام لە ئندع. دکتۆر نەزیهە دلێمی، خەباتگێڕ و کەسایەتی ناسراو، بووە نوێنەریان، کە بە ئەندامی ئەنجومەنی یەکێتییەکە هەڵبژێردرا و دواتریش چووە نووسینگەی سەرەکی. کۆمەڵە لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئندع و هەموو کۆنگرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیدا بەشدار بوو. هەروەک ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەبوو لە کۆنگرەکانی ئاشتی و منداڵی و ئەوانی تر. هەروەها پەیوەندیی خەباتکارانەی لەگەڵ زۆرێک لە رێکخراوەکانی ژنان لە وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا و عەرەبی پەیدا کردبوو و پێگەیەکی دیار و بەرچاوی لە بزووتنەوەی ژنانی جیهانیدا بەدەست هێنابوو. کۆمەڵە سوودی لە ئەزموون و شارەزایی رێکخراوەکانی ژنانی جیهانی وەرگرتبوو، هەروەها ئەوانیش لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە، ئەویش لە رێگەی کاری هاوبەش و دیداری دووقۆڵییەوە. کۆمەڵە رۆڵێکی گرنگی بینی لە ئامادەکاریی بۆ پێشوازی لە ساڵی ژن لە جیهاندا لە ساڵی ١٩٥٧ بەپێی بەرنامەی یەکێتیی ژنانی دیموکراتی نێودەوڵەتی، سەرەڕای ئەوەی چالاکییەکانی خۆی هەڵپەساردبوو.

# بەشداریی کۆمەڵە لە چالاکییەکانی ئندع لە ١٩٨٠ – ١٩٩٠

کۆمەڵە دوای کۆنگرەی چوارەم، نامەی زۆری نارد بۆ ئندع و ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە پەیوەندیی کار و پشتیوانییان بەیەکەوە هەبوو، تێیاندا ئاماژەی دابوو بە نەهامەتییەکانی ژنانی عیراق لە سایەی دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆریدا و ئەو هەڵمەتە هستیرياییيەی کە دژی هێزە نیشتمانییەکانی عیراق دەستی پێ کردووە، کە بەهۆیەوە سەدان کەس لە ئەندامانی کۆمەڵە بوونەتە قوربانی و شەهید و بێسەرشوێن بوون، هەروەها نەهامەتییەکانی ژنان و منداڵان لە نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان لەناو زیندانەکاندا، ئەمە جگە لە ڕاگواستنی زۆرەملێ و بەکۆمەڵ بۆ ئێران. کۆمەڵە جەختی لەسەر مەترسییەکانی شەڕی عیراق – ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی کردبووەوە، هەروەها ئاماژەی بە پێشێلکاریی مافەکانی ژنان لە کاردا کردبوو، بەهۆی ئەوەی ڕژێم هەندێک یاسا و ڕێسای دژی شکۆمەندیی ژن دەرکردبوو لە پرسەکانی هاوسەرگیری و تەڵاقدا و ڕێگەدان بە کوشتنی ژن بەبیانووی پاراستنی ئابڕوو، هەروەها ڕێگەدان بە لێدانی ژن لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بە مەبەستی تەمێکردنی. هەروەک بەیاننامەکانی کۆمەڵە ئاماژەیان بە کۆمەڵکوژییەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە

و ئەنفال، بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کوردستان و لەشکرکێشیی عیراق بۆ سەر کوەیت دەکرد، ئەو راستیانەی بە ژمارە و ناو و مێژوو و جێگەی رووداوەکان پشتڕاست کردبووەوە. هەروەها کۆمەڵە چەندین راپۆرتی لەسەر دۆخی ژنان لەناو زیندانەکانی عەمارە و فزەیلیە بڵاو کردەوە.

سەبارەت بە گرنگترین ئەو داواکارییانەی کۆمەڵە لەو ماوەیەدا لە رێگەی هەڵمەتەکانی پشتیوانییەوە دەیخستنە روو، کورتەیەکیان بەم شێوەیەیە:

- پشتیوانی لە رێگەی هەڵمەتێکی جیهانییەوە بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات و ئاشکراکردنی سیاسەتەکانی و لابردنی.
- ناردنی بروسکە لەپێناو ئازادکردنی گیراو و زیندانییەکان و دیاریکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنبووەکان.
- راگرتنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئەشکەنجەدان و کۆمەڵکوژی لە عیراق کە ژنان و پیاوان و تەنانەت منداڵانیشی گرتووەتەوە.
- داواکاریی ناردنی شاند بۆ رووماڵکردنی راستییەکان بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکانی رژێم لە هەڵەبجە و ئەنفال و ئەو شارانەی کە بەهۆی شەڕەکانی رژێمەوە زیانی زۆریان بەر کەوتووە، هەروەها سەردانی کەمپەکانی ئاوارەکان لە ئێران و تورکیا و پێشکەشکردنی هاوکاریی مرۆیی بۆ زیانلێکەوتووان.

- دابینکردنی هاوکاریی مادی و مەعنەوی بۆ کۆمەڵەی ئافرەتان لە خەباتیان لەگەڵ هێزە نیشتمانییە عیراقییەکان لەپێناو یەکسانی و ئاشتی و دیموکراسی.

- راپۆرتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمینە نەتەوەییەکان دەخرانە ناو راپۆرتەکانی (ئندع)ی ساڵانە کە دەنێردرانە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ژنانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

- هۆشداریدان لە بارەی لە زیادبوونی جموجووڵی سەربازیی ئیمپریالی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

- هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا و بڕیارانەی دژ بە مافەکانی ژنانن و لە شکۆمەندییان کەم دەکەنەوە.

- ئاشکراکردنی رێکخراوی ژنانی سەر بە دەسەڵات و ئیدانەکردنی شێوازی کارکردنی لە فشار خستنە سەر ژنان و تۆقاندنیان بۆ پشتیوانیکردنی رژێم و چەپڵەلێدان بۆ شەڕەکانی و سیاسەتە شۆڤێنییەکانی.

# گرنگترین ئەو چالاکییانەی کۆمەڵە بەشدار بووە تێیدا لە ١٩٨٠ – ١٩٩٠

- کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨١ بە شاندێکی چوار ئەندامی بەشدار بوو لە کۆنگرەی ئندع لە پراگ. شاندەکە هەڵسان بە ئاشکراکردنی رووی رژێم و رێکخراوە ئافرەتانییەکەی و هەڵگیرسانی ئاگری جەنگ دژی ئێران. چەندین رێکخراوی عەرەبیی وەک: فەلەستینییەکان، سودانییەکان، یەمەنییەکان، سوورییەکان و رێکخراوەکانی ژنان لە بەحرەین و عومان پشتگیریی هەڵوێستەکەیان کرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ دەربڕی.
- کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٨٣ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئندع لە هەنگاریا کرد. کارەکانی ئەنجومەن چەندین کۆبوونەوەی گشتیی تێدا کرا و بوار درا بە نوێنەری کۆمەڵە لەسەر تاوانەکانی رژێم و جەنگ دژی ئێران وتەیان هەبێت. هەروەها بوار بە نوێنەری یەکێتیی ئافرەتانی سەر بە دەسەڵاتیش درا قسە بکات و نارەزایی دەربارەی قسەکانی نوێنەری کۆمەڵە دەربڕی و لۆمەی (ئندع)یشی کرد لەسەر ئەو بابەتە.
- لە نیسانی ١٩٨٤، بوسەینە شەریف، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە لەو کاتەدا، راستەوخۆ دوای دەرچوونی لە عیراق، گەشتێکی بۆ چەند وڵاتی ئەوروپی کرد، سەرەتا بە ئندع دەستی پێ کرد و دواتر چوو بۆ (فینلەندا، سوید،

بەریتانیا)، بە مەبەستی روونکردنەوەی دۆخی عیراق و نەهامەتییەکانی ژنان و پێویستییە مادی و مەعنەوییەکان بۆ پشتیوانیکردنیان. لە بەریتانیا بۆ رۆژنامەکان قسەی کرد و پێکهێنانی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ ئازادکردنی ژنە دەستگیرکراوەکان و ئاشکراکردنی چارەنووسی ژنانی بێسەروشوێنبوو رایگەیاند. لە گەڕانەوەشدا جارێکی تر سەردانی (ئندع)ی کرد و دۆسییەکی تەواوی لەو بارەیەوە پێشکەش کردن و داوای لێ کردن پەیوەندی بەو لیژنەیەوە بکەن و بانگهێشتی رێکخراوەکانیشی بکات کە پەیوەندی بەو لیژنەیەوە بکەن، هەروەها سەردانی رێکخراوی ژنانی دیموکراسی لە ئەڵمانیای دیموکراسی کرد و داوای هاوکاریی مادی و مەعنەوی لێ کردن. ئندع داواکارییەکەی بوسەینەی بەهەند وەرنەگرت، تەنانەت بانگهێشتیان نەکرد بۆ دیداری ئەندامانی سکرتاریەت سەرەڕای پێداگریی هەردوو سکرتێرەکەی لوبنان و باشووری ئەفریقا، وەڵامەکەیان ئەوە بوو کە عیراق لە دۆخی شەڕدایە و نابێت بابەتێکی لەم چەشنە بورووژێنن لەم کاتەدا.

- لە نیسانی ١٩٨٤ لیژنەیەکی جیهانی بۆ ئازادکردنی گیراوەکان و دیاریکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراوان پێک هێنرا. خاتوو د. ماکدۆناڵد، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا، لە رێکەوتی ٢٦ی تەمووزی ١٩٨٤ بوو بە سەرۆکی. یەکەم بڵاوکراوەیان لە ئازاری ١٩٨٥ بەناوی (عایدە) دەکرد و تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام

بوون لە دەرکردنی. لیژنەکە چەندین ئەندامی لە ئەندام پەرلەمان و چالاکوانی بزووتنەوەی فێمنیستیی بەریتانی، یۆنانی، ئەمەریکی، کەنەدی، فینلەندی، پورتوگالی، فەرەنسی، فەلەستینی و سووری لەخۆ گرتبوو. بڕیاریان دا رۆژی ١٥ی تەمووز، رۆژی گرتنی شەهید عایدە یاسین، بکەنە رۆژی پشتیوانیی گیراوەکان و بێسەروشوێنبووەکان لە عیراق.

- لە کۆنگرەی نایرۆبیدا بۆ ژنان، کە لە تەمووزی ١٩٨٥ لەژێر دروشمی (ئاشتی، یەکسانی، گەشەکردن) بەسترا، کۆمەڵە بە وۆرکشۆپێک لەپێناو وەستاندنی جەنگ و تیرۆر لە عیراق، بەشدار بوو. لەو وۆرکشۆپەدا نوێنەری لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ ئازادکردنی گیراوەکان و ئاشکراکردنی چارەنووسی ژنە بێسەروشوێنەکان ئامادە بوو، هەروەها ئەندامێکی پەرلەمان لە فینلەندا و ڕێکخراوی فێمینیستیی بەریتانیا کە ئەندام بوو لە ئندعدا، هەروەها ڕێکخراوی دیموکراسی بۆ ژنان لە ئێران. لە وۆرکشۆپەکەدا کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکی لەژێر ناوی "نا بۆ جەنگ، نا بۆ تیرۆر" دابەش کرد، کە ژمارە و راستییەکانی شەرمەزارکردنی شەڕ و تیرۆری لە عیراق و ئێران لەخۆ گرتبوو. بۆ هەمان ناوەڕۆک واژۆ کۆ کرایەوە و پێشکەش بە ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا. هەروەها بابەتێکیان لەسەر دۆخی ژنانی عیراق و تێکۆشانیان لەپێناو ئاشتی و دیموکراسیدا دابەش کرد، ئەمە جگە لە بڵاوکراوەکانی

لیژنەی نێودەوڵەتی. هـەروەک بەشداربووانیش چەند چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی و رادیۆییان ئەنجام دا.

- لە تشرینی دووەمـی ١٩٨٥ شاندێکی کۆمەڵە ئامادەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئندع بوون لە پراگ. کارەکان بەسەر چەند لیژنەیەکی جیاوازدا دابەش کران: ژن و ئاشتی، ژن و کـار، ژن و گەشەپێدان، ژن و خێزان، ژن لە ناوچەکانی جێململانێی چەکداری. کۆمەڵە لەو لیژنانەدا بەشدار بـوو. جەخت لەسەر پێویستیی دەستبەجێی کۆتاییهێنان بە جەنگ و چارەسەرکردنی ململانێکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە کرایەوە، بەبێ ئەوەی باس لە بارودۆخ و نەهامەتییەکانی ژنان بکرێت.

- لـە حـوزەیـرانـی ١٩٨٦ لـەسـەر بانگهێشتی بزووتنەوەی ژنان لەپێناو ئاشتی لە ئەڵمانیای رۆژئاوایی، کۆمەڵە لەگەڵ چالاکوانێکی ئێرانی لە کەمپی ئاشتی لە هایلبۆرن بەشدار بوون، باس لە شەڕ و کاریگەرییەکانی لەسەر پێشکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کاریگەری لەسەر ژیانی ژنان و منداڵانی هەردوو وڵات کرا. ئندع تێچووی ئەو سەفەرەی لە ئەستۆ گرتبوو و هەواڵێکیشیان لەو بارەیەوە لە گۆڤاری ژنانی جیهاندا بڵاو کردەوە. بە مەبەستی ئارامکردنەوەی بزووتنەوەی ژنان بۆ ئاشتی، کە رەخنەیان لە ئندع گرتبوو لە بارەی هەڵوێستیان لەسەر کۆمەڵە و لەسەر ئەو ژنانەی کە بەڕاستی خەبات دەکەن لەپێناو ئاشتیدا. سکرتاریەتی کۆمـەڵـە هـەوڵـێکی بێـوچانی دا بـۆ دروسـتـکـردنـی

چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی دیموکراسی لە ئێران و تورکیا بۆ بەهێزکردنی کاری هاوبەش دژی جەنگ و چەوساندنەوە و تیرۆر، بە سوودوەرگرتن لە کۆبوونەوەکانی ئندع و پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە و هەماهەنگی لەگەڵیان، بەڵام ئەو هەوڵانە لە چوارچێوەی میدیایی زیاتر دەرنەچوون، چونکە چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوانە لە تاراوگەدا بوو.

- لە ئەیلوولی ١٩٨٦ کۆمەڵە لە کۆنگرەی جیهانیی بۆ ئاشتی کە لەلایەن ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی ئاشتی و سۆڵیدارێتییەوە لە کۆپنهاگن ڕێکخرابوو، بەشداری لە چەند وۆرکشۆپێکی جۆراوجۆردا کرد. لەوێ بووە ناکۆکییان لەگەڵ هێزی ئاشتی و سۆڵیدارێتی عەرەبی، لەبەر ئەوەی ئەوان پاڵپشتییان لە هەڵوێستی عیراق دەکرد و داوایان دەکرد پشتیوانیی ڕژێم بکرێت، چونکە ڕووبەڕووی لێدانی توندی ئێران دەبێتەوە و هەڕەشەی داگیرکردنی خاکەکەی لەلایەن ئێرانەوە دەکرێت.

- لە حوزەیرانی ١٩٨٧ کۆمەڵە لە کۆنگرەی جیهانیی ژنان لە مۆسکۆ بەشداری کرد. وۆرکشۆپێکیان دەربارەی خەباتی ژنان لەپێناو ئاشتی و دیموکراتیدا ڕێک خست. نوێنەری لیژنەی جیهانی بۆ سۆڵیدارێتی، وەک گوێگر لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو، کە تێیدا باس لە حاڵەتەکانی دیارنەمانی ژنانی عیراقی و منداڵەکانیان کرا، کە تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە. لە کۆبوونەوەی

ئندع کە لە پەراوێزی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکەدا بەسترا، ڕێگە نەدرا بە نوێنەری کۆمەڵە و نوێنەری یەکێتیی ئافرەتانی ڕژێم قسە بکەن.

- کۆمەڵە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبوو لە چالاککردنی چالاکییەکانی یەکێتیی ژنانی عەرەبی و هەوڵی دا بەرەیەکی بەهێزی ژنانی عەرەب دروست بکرێت کە ئاگاداری ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییانە بێت کە پێی سپێردراوە لە بەرانبەر ئەو ئاڵنگارییە گەورانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، وەک: پرسی فەلەستین، ناکۆکیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، داگیرکاریی خاکی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە، شەڕەکانی سەدام لە ناوەوە و دەرەوە، هەروەها پشتیوانی لە پرسی بیابانی ڕۆژئاوا و مەترسییەکانی زیادبوونی جموجووڵی هێزە سەربازییەکانی ئیمپریالیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنداو و دوورگەی عەرەبی.

- لە ئەیلوولی ١٩٨٩ کۆمەڵە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئندع لە سۆفیا بەشدار بوو. نوێنەری کۆمەڵە داواکارییەکی پێشکەش بە ئندع کرد کە ١٥ی تەمووز وەک ڕۆژی سۆلیداریتی لەگەڵ ژنانی عیراق دەستنیشان بکرێت. ئەو داواکارییە پشتیوانیی زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی (ئندع)ی هەبوو، بەتایبەتییش فەرەنسییەکان، بەریتانییەکان و فینلەندییەکان، کە ڕەخنەیان لە سیاسەتی ئندع هەبوو دەربارەی عیراق و هەڵسوکەوتەکانی یەکێتیی دەسەڵاتیشیان شەرمەزار

کرد. ئەمە یەکەم کۆبوونەوە بوو لە دوای کۆتایی شەڕی عیراق و ئێران ببەسترێت. نوێنەری ڕێکخراوی ژنانی سۆڤیەت، کە مافی ڤیتۆی هەبوو، بەناچاری بێدەنگیی هەڵبژارد. دوای ئەوەی سکرتاریەت گەڕانەوە سەر کارەکانیان لە بەرلین، ڕێکخراوی ژنانی سۆڤیەت بڕیاری سۆلیدارێتییەکەیان هەڵوەشاندنەوە.

- ئندع بروسکەیەکی بڵاو کردەوە و تێیدا کردەوەکانی ڕژێمی لە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقەوە ئیدانە کرد، نوێنەری ڕێکخراوی ژنانی سۆڤیەت نارەزایی خۆی لەوبارەیەوە دەربڕی، ئەوەش بووە هۆی تووڕەبوونی سەرۆکی ئندع و ڕەخنەی لە یەکێتی سۆڤیەت گرت کە زیانی بە کارەکانی ئندع گەیاندووە.

- بەشداریکردن لەو خۆپیشاندان و گردبوونەوە و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییانەی کە لە بەرلین ئەنجام دران و داوایان دەکرد عیراق لە کوەیت بچێتە دەرەوە و هێرش نەکرێتە سەر عیراق، هەروەها بەشدارییان کرد لە مانگرتن لە خواردن بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەبەردەم بارەگای پارتی سەوز لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ لە بەرلین. بەشداریکردنی کۆمەڵە لە کارەکانی دادگەی ژنانی عەرەب لە ساڵی ١٩٩٥، ئامادەبوون لە کۆنگرەی پەکین، کۆبوونەوەکانی مەکۆی عەرەبی، کۆنگرەی تۆڕی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە بەیروت و کۆنگرەی گەشەپێدان لە ژنێڤ وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێ دا،

به مەبەستی خستنەڕووی نەهامەتی و ئازارەکانی ژنانی عیراق لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت و سیاسەتی شەڕخوازانە و ئەو گەمارۆ ئابوورییەی ژێرخانی وڵاتی وێران کرد و دۆخەکە چەند دەیەیەک بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە.

بوونی شاندەکانی کۆمەڵە لە بۆنە جیهانییەکاندا، ئیرادەی خۆیان نیشان دەدات بۆ ئاڵنگارییە سەخت و ئاستەنگەکان و رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە کۆبوونەوە جیهانییەکان بۆ ئەوەی رۆشنایی بخەنە سەر ئەو سەختی و ئاستەنگییانە و خستنەڕووی ئازارەکانی ژنانی عیراقی بوو.

# گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان

جگە لە ئـازارە هاوبەشەکانیان لەگەڵ ژنانی عیراقی بەگشتی، ژنـانـی کـورد بـەهـۆی ئـەو چـەوسـانـدنـەوە نەتەوەییەی کە گەلی کورد دووچاری بووە لەسەر دەستی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرانەی حوکمڕانیی عیراقییان دەکرد، تووشی ئازار و نەهامەتییەکی تایبەت بوون. وەڵامی گەلی کورد، خەباتی دڵسۆزانەتر بوو لە شێوەی جۆراوجۆردا بۆ بەرگریکردن لە بوونی نەتەوەیی. شـۆڕش لە دوای شۆڕش هەڵدەگیرسا بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی ئەم نەتەوەیە. دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی یەکەم، ژنانی کوردستان بەشدارییان لە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیددا کرد، ژنانی کورد دوو شەڕیان لەسەر بوو؛ یەکەم، شەڕی بەرەیی شانبەشانی پیاوەکان و هەڵگرتنی چەک و لەئامێزگرتنی شۆڕشەکان و هاوکاریکردنیان، دووەمیش، شەڕی پاراستنی بوون و یەکگرتوویی خێزان و بنەماڵە بوو لە دۆخی شەڕە سەختەکاندا و بەرگەگرتنی تاڵیی ئاوارەیی و کشانەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاڵی و نەهامەتیی زیاتر.

بـەهـۆی بـەشـداریـیـان بـەشـێـوەی جـۆراوجـۆر لە شۆڕشەکانی نەتەوەکەیان لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکانیان، خەباتی ژنـان مۆرکێکی فێمینیستییانەی تایبەتی نەبوو.

بزووتنەوەیەکی تایبەت کە بۆ ئازادیی خۆیان دەستیان پێ کرد، لە بیستەکانی سەدەی پێشوو لە بەڕێز خاتوو حەپسە خانی نەقیبەوە بوو. حەپسە خان، هاوسەری شێخ قادری حەفید، سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی کوردستان بوو دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەم خاتوونە بەڕێزە، چۆن ڕێگەی شۆڕشگێڕانەی ئاشتییانەی خۆی دیاری کرد؟ ئەو ئامانجانە چی بوون کە دەیویست بەدەستیان بهێنێت؟ دەتوانین لە ڕێگەی چاندنی یەکەم تۆوی بزووتنەوەی ژنانی کورد و سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو بزووتنەوەیە لەو ماوەیەدا بزانین. لە قۆناغی یەکەمی تێکۆشانی ژنانی کورد لە دەوڵەتی پادشایی عیراقدا، باسی ئەوە دەکەین.

# خەباتی ژنانی کورد
# لە سەردەمی پادشایی عیراقدا

بەڕێز خاتوو حەپسە خانی نەقیب، ژنێکی شۆڕشگێڕ بوو، هەستی بە ئازارەکانی ژنانی کورد دەکرد، ئەمە جگە لەوەی هەستێکی بەهێزی هەبوو کە گەلەکەی لە سەرەتاییترین مافە ڕەواکانی نەتەوەیی بێبەش کراوە. لە گۆڕەپانی ژیانی ڕۆژانەدا لەگەڵ ژنانی کوردستان بوو، هەروەها لە خەباتی گەلەکەی لە شانشینی کوردستاندا بەشدار بوو. ئەو وەک نوێنەرێک، یان باشتر بڵێین نوێنەری ژنانی کورد بوو لای شێخ مەحمود و حکومەتەکەی، بەشدار دەبوو لە گفتوگۆ جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە دارشتنی یاسا و دامەزراوەکانی پادشاییدا، کە دانیان نا بە تەواوی مافەکانی ژناندا و لە سەرووی هەمووشیانەوە مافە سیاسییەکان.

نەخوێندەواری، بەربەستێکی سەرەکی بوو لەبەردەم پێشکەوتنی ژناندا. داگیرکەری عوسمانی لە عیراق و کوردستان بەتایبەتی، بەجۆرێک کاری دەکرد کە میللەت بە نەفام و دواکەوتوو بمێننەوە و بێئاگا بن لەوەی لە دەوروبەریان روو دەدات. پشکی ژنیش لەو دواکەوتووییە، زۆر بوو. دوای کۆتاییهاتنی داگیرکاریی عوسمانی، گرووپە رۆشنگەرەکان دەستیان کرد بە بەرزنرخاندنی رۆڵی ژنان و گرنگییان لە بزووتنەوەی رزگارکردنی گەلەکەیاندا. ئاشکرایە کلیلی هۆشیاری، پەروەردە و پێویستیی

بڵاوبوونەوەیەتی. بەڕێز خاتوو حەپسە خانی نەقیب درکی بەو راستییە کرد و ماڵەکەی وەک بارەگایەک بۆ هاوکاری و چارەسەرکردنی کێشە جیاوازەکانی ژنان بەکار دەهێنا. خوێندنگەیەکی ئێوارانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی ژنان کردەوە، هەروەها خانوویەکی گەورەی بەخشییە کۆمەڵەی زانستی، لقی ژنان، بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی جۆراوجۆر و یارمەتیدانی بەرزکردنەوەی ئاستی ژنان لە هەموو روویەکەوە. ئەم هەوڵانە یارمەتیدەر بوون بۆ پێناسەکردنی میتۆدەکانی خەباتی ژنانی کورد لەسەر بنەمای خەباتێکی فێمینیستی کە لە سروشتدا جەماوەرییە و پەیوەستە بە خەباتەکانی گەلەکەیەوە دژ بە ستەمی نەتەوەیی و بۆ ئازادی و دادپەروەری.

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و پێشکەوتنی، بەشداریی ژنانی کورد لە کایە سیاسیدا گەشەی نەکردبوو، رەنگە یەکەم بەشداریی سیاسی لەلایەن خاتوو حەپسە خانی نەقیبەوە بێت، ئەویش لە ساڵی ١٩٣٠ بوو کاتێک نوێنەری حکومەتی عیراق و نوێنەری کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا سەردانی سلێمانییان کرد، لەوێ ژنان بە خۆپیشاندانێک پێشوازییان لێ کردن و داوای مافی نەتەوەیی کوردیان دەکرد و ئیدانەی هێرشەکەی سەر راپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی ناسراو بە (شەڕی بەردەرکی سەرا)ی سلێمانییان کرد. حەپسە خانی نەقیب نارەزایەتییەکی بە واژۆی خۆی و بەناوی هەموو ئەو ژنانەوە کە بەشدار بوون لە خۆپیشاندانەکەدا، پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان کرد. وەڵامی

کۆمەڵەی گەلان، بەشی ئینتیداب، وەڵامێکی نەرمونیان بوو. دۆخی جەماوەری کوردستانی وەک خۆی هێشتەوە. پەیماننامەی عیراق و بەریتانیا بۆ جێبەجێکردنی پلانی پێکهێنانی دەوڵەتی بیرۆکراتیی شاهانە، ئەنجام درا.

ژنی کورد لە رووی سیاسییەوە بەپەراوێزخراوی مانەوە، نکۆڵی لە مافەکانیان دەکرا و بە عەقڵیەتێکی دواکەوتوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و دان بە مافەکانیاندا نەدەنرا. ژنانی کورد بەهۆی بێبەشکردنیان لە خوێندن بە زمانی کوردی و کەمیی دامەزراوەی رۆشنبیری و شێواندن و گۆڕینی راستییە مێژووییەکان و بابەتی خوێندن، ئازاریان دەچەشت. هەروەها بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە گوندەکان و دواکەوتنی لە شار و بڵاوبوونەوەی پەتا جۆراوجۆرەکانەوە، تووشی چەندین کێشەی تەندروستی بوون. ئەو کێشانە ژنانی کوردستانی لە نەزانی و نەخۆشی و هەژاریدا هێشتەوە، بەڵام ژنانی رۆشنبیر بەردەوام بوون لە بەرەوپێشچوون لەگەڵ چینەکانی تری کورد.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە کوردستان بە قۆناغی سەخت و شکستدا تێپەڕی، بەڵام ئەزموونگەلێکی بەدەست هێنا کە بەشدار بوو لە کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری خۆیان و پەرەپێدانی شێوازەکانی خەبات. لە رێگەی ئەم خەباتەوە چەندین رێکخراو و کۆمەڵە و حزبی کوردستانی دروست بوون، ژنان لە کوردستان بەشدار بوون لە شۆڕشە چەکدارییەکانی گەلەکەیاندا بە هەڵگرتنی چەک و یارمەتیی شۆڕش بە توانا مادی و مەعنەوییەکانیان.

له شاری سلێمانی له ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، بە دەستپێشخەریی حەپسە خانی نەقیب، لیژنەیەک لە ژنان پێکهێنرا بە سەرۆکایەتی خاتوو سەعدیە، هاوسەری مستەفا قەرەداغیی، پارێزگاری سلێمانیی ئەوکات و ئەندامێتی ١٠ مامۆستای ژن، لەژێر ناوی لیژنەی هاوکاریکردنی هەژارانی سلێمانی. ئەمە تاکە لیژنەی لەو شێوەیە بوو لە هەموو عیراقدا. لیژنەکە هەڵدەستان بە کۆکردنەوەی پارە، جلوبەرگ، پێخەف و خۆراک و مانگانە بەپێی لیست بەسەر خێزانە هەژارەکاندا دابەشیان دەکرد. ئەو لیژنەیە تا کۆتایی چلەکان چالاکییەکانیان بەردەوام بوو، دواتر بوون بە کۆمەڵەیەک لەژێر ناوی کۆمەڵەی ژنانی کورد. دواتر بیرۆکەی ڕێکخستنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە شاری سلێمانی بە سەرکردایەتی حەپسە خانی نەقیب هاتە ئاراوە. لە کەرکوکیش ژنێکی کورد بەناوی (باجی ئەجێ) کە تاکە کوڕەکەی شەهید بووبوو، داوای لە کۆمەڵێک ژنی کەرکوک، ئەوانەی هاوسەر یاخود کوڕەکانیان پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کردبوو، کۆ ببنەوە و ڕێکخراوێکی ژنان بەناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی شۆڕشگێڕی کوردستان) دابمەزرێنن، کە ئەرکی دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانە و یارمەتیدانی شۆڕشگێڕان دەبێت، بەو شتانەی کۆیان دەکردنەوە لەناو سندوقی هاوکاریدا.

ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم لە عیراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی

روویـان دا، کاریگەرییان هـەبوو لـەسـەر بزووتنـەوەی رزگاریخوازی ژنان، هەروەها بەهۆی پێشکەوتن و گەشـەی بزووتنەوەی دیموکراتی و دروستبوونی کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ سەرەڕای لەباربردنی لەلایەن داگیرکەر و دارودەستەکەیەوە؛ پرۆسەی سیاسی لە کوردستان گەشەی کرد و چەندین حزب و رێکخراوی جەماوەریی کوردستانی دروست بوون. ژنانی کوردستان پێگەیان لەناو رێکخراو و حزبەکاندا پەیدا کرد، تا رۆڵی دڵخوازی خۆیان ببینن.

پەیوەندیی خەباتکارانەی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کـورد لە عیراق پتەوتر بـوو، ئەمەش بەهۆی ئـازار و نەهامەتیی هاوبەشیان لە سایەی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزم و دەرەبەگایەتی و سیستمی شاهانەی بەکرێگیراو، هەردوو گەل رووبـەڕووی دوژمنێکی هاوبەش بووبوونەوە، بۆیە دەبوایە دروشمێکی هاوبەشیان هەبێت کە گوزارشت لە یەکگرتوویی خەباتیان بکات لە دژی دوژمنە هاوبەشەکەیان، ئەو دروشمەش بریتی بوو لە (لەسەر بـەردی یەکێتیی کورد و عەرەب، کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستان تێکدەشکێن). ئەو خەباتە هاوبەشە لە راپەڕینەکان، راپەڕینی وەتبە، خۆپیشـاندانـەکان، هـەڵـبژاردنـەکـانی کـۆتـایی چلەکان و سـەرەتـای پەنجاکاندا رەنگی دابــووەوە، هـەروەهـا لـە بـەشـداریکـردنـی ژنـان لـەنـاو حـزبـە نیشتمانی و دیموکراسییەکان و دەرکەوتنی ژنانی کورد لە خەباتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیدا و رووبەڕووبوونەوەیان بە گرتن و زیندانی و راوەدوونان خۆی دەبینییەوە.

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو، کاتێک کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتانی عیراق (کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق) لە ١٠ی ئازاری ١٩٥٢ دامەزرا، چەند لقێکی لە شارەکانی کوردستاندا کردەوە. ئەو لقانە کاریان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژنان و بەدیهێنانی مافەکانیان دەکرد بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانییان. لە هەمان ساڵ و لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دامەزرا، هەردوو رێکخراو شانبەشانی یەکتری بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان لەگەڵ چینەکانی تری میللەت لە خەباتی رۆژانەیاندا کاریان دەکرد. ژنانی کورد لە کۆنگرە و فێستیڤاڵە جیهانییەکاندا بەشدار دەبوون، هەروەها لە خۆپیشاندانی ژنان لە رۆژی کۆچی دوایی حەپسە خانی نەقیب لە ١٢ی نیسانی ١٩٥٣ و لە رۆژی ناشتنی تەرمی شێخ مەحمود لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی. شایانی باسە کاروانی ناشتنەکە لەلایەن پۆلیسی شانشینەوە رووبەڕووی دەستدرێژیی چەکداریی بوونەوە و لەو رۆژەدا خاتوو ئەختەر ساڵح شەهید کرا.

# خەباتی ژنانی کوردستان
# لە کۆماری عیراقدا

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ گەلی عیراق بە عەرەب و کورد و کەمینەکانی ترەوە، سەرکەوتن بوو بەسەر دوژمنی هاوبەشدا، کە سیستمی رژێمی پادشایی پشتبەستوو بە کۆنەپەرستیی ناوخۆیی و کۆلۆنیالیزم بوو. شۆڕشی ١٤ی تەمووز کاریگەریی گەورەی لەسەر پرسی گەلی کورد هەبوو، هەروەها لەسەر پرسی ژنی کورد؛ بەوەی لە دەستووری شۆڕشدا دان نرا بە گەلی کورددا وەک دووەم نەتەوەی بنەڕەتی لە عیراق و مافە نەتەوەییە رەواکانیان ناسێنرا. بەوەش دەرفەتێک بە رووی ژن و بزووتنەوەی ژناندا کرایەوە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن... لەو هەلومەرجەدا ژنانی کورد بەشێوەیەکی چالاکانە بەشدار بوون لە پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا و لەپێناو گەشەکردنیدا خەباتیان دەکرد و دژی هەوڵەکانی کۆنەپەرستان و پیلانگێڕە دەرەکییەکان بۆ لێکترازاندنی یەکێتیی نەتەوەیی دەوەستانەوە، هەروەها لە دژی چەمکەکانی نەژادپەرستی و شۆڤێنیزمیش. هەروەک بەشدار بوون لە بەرخۆدانی جەماوەری و مەشقکردن لەسەر بەکارهێنانی چەک بۆ پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی شۆڕش.

هەستی شۆڕشگێڕانە باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا کێشابوو، بۆ یەکەم جار کۆمەڵەی داکۆکی لە

مافەکانی ئافرەتان (کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق) ڕێگەی پێ درا بە فەرمی کار بکات، لقەکانی لە شار و گوندەکاندا بڵاو بوونەوە. بوار بۆ ژنانی کورد ڕەخسا بە زمانی کوردی بخوێنن، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستی پێ کرد، بەشێوەیەکی بەرفراوان خوێندن بڵاو بووەوە، وەرگرتنی ژنان لە کۆلێژ و خوێندن لە دەرەوەی وڵات و بەشدارییان لە سیمینار و کۆنگرە و فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا زیاتر بوو. شایانی باسە؛ کۆمەڵێک ژنی کورد لە کادیر و ئەندامانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، کە لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢ دامەزرابوو، داواکارییەکیان پێشکەش بە لایەنی بەرپرس کرد بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی و داننان بەوەدا کە مافی ڕێکخستنیان هەبێت، بەڵام دەسەڵات ئەوەی ڕەت کردەوە، بەبیانووی ئەوەی ڕێکخراوێکی ئافرەتانی عیراقی هەیە بەناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق)، ئەوانیش وەک ژنانی عیراقی دەبێت لەو ڕێگەیەوە کاری خۆیان بکەن، لەلام لەڕاستیدا ڕەتکردنەوەکە بە هۆی تێنەگەیشتنی دەسەڵاتی تازە لە خواستەکانی گەلی کورد و تایبەتمەندێتی دۆخی کوردستان بوو، لەگەڵ ئەوەی دانیان بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا نابوو بەپێی دەستوور.

هەڵوێستی نەرێنی بەرانبەر بە خواستەکانی گەلی عیراق و گەلی کورد کەڵەکە بوو و بووە هۆی لاوازبوونی یەکێتیی نەتەوەیی، دەسەڵات کەوتە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی گەلی کورد و داواکارییەکانیان لەپێناو بەدەستهێنانی

مافه ڕەواکانیان، لەو هەلومەرجەدا شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ هەڵگیرسا.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵات مۆڵەتی فەرمی بە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان نەدا، بەڵام کۆمەڵە هەوڵی یەکخستنی بزووتنەوەی ژنانی دا و دەرەنجامی هەوڵەکانییش بەیاننامەیەکی هاوبەش بوو کە لە ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) لە ڕێکەوتی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٩ بڵاو کرایەوە و تێیدا جەخت لەسەر بەهێزکردنی ریزەکان و یەکخستنی هەوڵەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی دیموکراسیدا کرایەوە، کە خزمەت بە ئامانجەکانی ژنانی عیراق دەکات، بێ گوێدانە ئەوەی سەر بە کام نەتەوە، یاخود کام لایەنی سیاسییە، ئەمەش لەپێناو پاراستنی کۆمار و ئاشتی و مافەکانی ژن و منداڵدا.

ئەو خاڵە نەرێنییانەی لەگەڵ ڕەوتی شۆڕشی ١٤ی تەمووز پەیدا بوون، بۆشایی جدییان دروست کردبوو، کە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی لەلایەن بەرەی دوژمنانی گەلی عیراقەوە بە رابەرایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستیی عەرەبی و بە پشتیوانی و ئاراستەکردنی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی هێرشی بکرێتە سەر. بە ئەنجامدانی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، لادانێکی گەورە لە مێژووی گەلی عیراق بەگشتی و مێژووی بزووتنەوەی ژنان بەتایبەتی رووی دا، کە ئامانجەکانی لە نەهێشتنی هەموو دەستکەوتەکانی گەلی عیراقدا بەرجەستە بوو، هەروەها گرتن و لەسێدارەدانی تێکۆشەرە نیشتمانپەروەرەکان بە ژن و پیاوەوە.

سەبارەت بە چالاکییەکانی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ تاوەکوو بەیاننامەی ئازای ١٩٧٠، لە خوارەوە کورتەیەکی دەخەینە روو:

- پێشکەشکردنی چەندین یاداشت بە نەتەوە یەکگرتووەکان و باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی جیاواز لە عیراق، بۆ رێکخراوە فێمینیستییە نێودەوڵەتییەکان و یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراسیی نێودەوڵەتی، هەروەها بۆ ئۆرگانە ئیسلامییە عەرەبی و نێودەوڵەتییە فەرمی و جەماوەرییەکان سەبارەت بەو شەڕەی کە دەسەڵات لە بەغدا دژی گەلی کورد دەستی پێ کردووە.

- دەرکردنی بەیاننامە و بڵاوکراوە لە بۆنە تایبەتییەکاندا سەبارەت بە نەهامەتییەکانی گەلی کورد و ژنانی کوردستان.

- یەکێتی ئافرەتان گۆڤارێکی لەژێر ناوی (دایکایەتی نوێ) دەردەکرد، بۆ خستنەڕووی نەهامەتییەکانی دایکان لە کوردستان.

- دوای ئەوەی لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦١ رژێمی بەعس شەڕ و پەلاماردانی سەرتاسەریی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد، یەکێتی ئافرەتان چەندین لیژنە و کۆمیتەی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دروست کرد، کاری ئەو لیژنانە پێشکەشکردنی هاوکاری و هەماهەنگی بوو لەگەڵ توێژەکانی تری کوردستان بۆ هاوکاریکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، لەوانە: دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە، گواستنەوەی پۆست، هاوکاریکردن و گواستنەوەی ئەو کەسانەی خۆیان شاردووەتەوە بۆ دەرەوەی شارەکان، گەیاندنی خۆراک و دەرمان و چەک و تەقەمەنی بۆ شۆڕش، ئەمە جگە لە هەڵگرتنی چەک.

# یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و دانانی بە ئۆتۆنۆمیدا بۆ کوردستانی عیراق، بەپێی مادەی پێنجەمی ڕێککەوتنەکە، دەرفەتی کارکردن بە ئاشکرا بۆ یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ڕەخسا، یەکێتی بوو بە ڕێکخراوێکی فێمینیستیی جەماوەری و ئەندام لە یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراقدا.

یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ١٨ی نیسانی ١٩٧١ کۆنگرەی دووەمی خۆی بەست، لەو کۆنگرەیەدا پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و ئامانجە نیشتمانییەکان و داخوازییە فێمینیستییە ناوخۆیی و جیهانییەکان و شێوازی کارکردنی یەکێتییەکەیان دیاری کرد. لە کۆنگرەکەدا خاتوو زەکیە ئیسماعیل حەقی وەک سەرۆکی یەکێتییەکە هەڵبژێردرا، کیانی یەکێتیی ئافرەتان لە حەوت لق دیاری کرا، کە ئەمانە بوون: بەغدا، سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، دهۆک، خانەقین و نەینەوا. چەند کۆمیتەیەکیش بۆ ئاسانکاریی چالاکییەکان پێک هێنران. یەکێتیی ئافرەتان کاری دەکرد بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بە هاوکاریی لایەنە پەیوەندیدارەکان و یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق لە بوارەکانی: ئابووری، ڕۆشنبیری، تەندروستی و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و پرۆژەی وەبەرهێنان و بەبازاڕکردنی میوە، هەروەها لە بواری پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ناوەوە و دەرەوە و

پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی جیهانیی وەک: یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراسیی جیهانی. چالاکییەکانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی، ڕووبەڕووی کۆسپی زۆر دەبوونەوە، کە لە ڕەفتاری شۆڤێنی و عەقڵیەتی قۆرخکاریی کاری فێمینستییەوە سەرچاوەی گرتبوو و لەمانەدا خۆی دەبینییەوە:

- پەیوەندی نێوان یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەشێوەیەکی ڕۆتینی مایەوە، هەندێک جار هەڵچوون و داچوونی بەخۆوە دەبینی و پەیوەست بوو بە پەیوەندییە کەسییەکانەوە، هەروەک لە وتەکەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندا لە کۆنگرەی یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئابی ١٩٧١ ئاماژەی پێ کرابوو.

- لە کۆنگرەی ئاماژەپێکراودا یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانی وەک ڕێکخراوێکی بەشداربوو لە یەکێتییەکەدا پشتگوێ خست، هەوڵی دەدا وەک لقێکی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەروەک لە دەستەواژەکەی یەکێتیی گشتیدا هاتبوو: "لقمان لە کوردستان"، لەجیاتی ئەوەی ناوی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی فێمینیستیی سەربەخۆ بهێنن.

- نوێنەری ڕۆژنامەی (التآخي) کە لەسەر ڕاسپاردەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەشداریی کۆنگرەکەی کردبوو بە مەبەستی گواستنەوەی زانیارییەکانی کۆنگرە، ئاگادار کرایەوە کە هۆڵی کۆنگرە بەجێ بهێڵێت.

- یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق هەموو ئەو پێشنیاز و ڕاسپاردانەی کە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان سەبارەت بە

هاوكاری و بابەتەكانی دیكەی پەیوەست بە پرسی ژنان لە كوردستان پێشكەشی كۆنگرەی كردبوو، پشتگوێی خستن.

- داواكاریی كردنەوەی لقێكی یەكێتیی ئافرەتانی كوردستان لە بەغدا، رەت كرایەوە، بەبیانووی ئەوەی ژمارەیەكی زۆری كورد لە بەغدا نییە، هەروەها یەكێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق ئەو رێگەیەیە كە لێیەوە پەیوەندی بە رێكخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەكانەوە دەكرێت.

- پشتگوێخستنی ئەو پرۆژانەی یەكێتیی ئافرەتانی كوردستان پێشكەشی لایەنی پەیوەندیداری كردبوو، دەربارەی بەرهەمهێنان و بەبازاڕكردنی میوەی دهۆك و پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەرنامەی تەندروستیی یەكێتیی ئافرەتان.

- كەمتەرخەمیكردن لە ناردنی بەشە بودجەی یەكێتیی ئافرەتانی كوردستان كە لە بودجەی یەكێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق دابین كرابوو.

رەفتاری یەكێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق بەرانبەر بە یەكێتیی ئافرەتانی كوردستان، رەفتارێك بوو هەڵقوڵاوی ئایدۆلۆژیای شۆڤێنیەتی بەعس بوو بەرانبەر بە گەلی كورد و رێكخراوە جیاوازەكانی.

دوای جێگیربوونی حزبی بەعس لە پێگەی دەسەڵاتدا، كەوتە خۆدزینەوە لە بەڵێنەكانی و جێبەجێكردنی مادەكانی بەیاننامەی ئۆتۆنۆمی، هەروەها بەڵگەنامەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشكەوتنخواز؛ شەڕ و سیاسەتی ترس و تیرۆر و سەركەشیی چ لە كوردستان، چ لە عیراق بەگشتی دەستیان پێ كرد.

## ئۆپەراسیۆنی سەربازییان
## دژی گەلی کورد دەست پێ کرد

رژێمی دەسەڵاتدار سوور بوو لەسەر پووچکردنی ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی و بێبەشکردنی گەلی کورد لە بچووکترین مافە نەتەوایەتییەکان و ئازادییە دیموکراسییەکان، کەوتە بڵاوکردنەوەی ترس و تیرۆر، دەستی نایە بینەقاقای ئۆپۆزسیۆن و دەستی جەللادەکانی ئەمن و هەواڵگریی واڵا کرد. دەسەڵات تەنانەت بوونی رێکخراوێکی شکڵیی بەناوی (یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان) قبوڵ نەبوو، ناوەکەی بۆ (یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عیراق – فلان پارێزگا...) گۆڕی. جەماوەری کوردستان بە سەختترین سەردەمی تیرۆر و ئەشکەنجەی خوێناویدا تێپەڕ دەبوو، راوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجە لە دژی سەدان هەزار کەس توندتر بووبوو، زۆرێکیان بە ژەهراویکردن یان لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کران، سەدان هاوڵاتی بەبێ دادگاییکردن لە سێدارە دران، بە هەزاران هاوڵاتی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا کران بەژێر خاکەوە.

بە ئامانجی گۆڕینی واقیعی جوگرافیای کوردستان، هەڵمەتی راگوێزانی دانیشتوانی گوندە کوردنشینەکان بۆ شوێنە دوورەدەستەکان، یان کۆمەڵگەی هاوشێوەی کەمپ بەردەوام بوو. لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتانەدا؛

هەزاران خێزانی کوردی فەیلی و خەڵکی دیکە، دوای ئەوەی موڵک و ماڵی تایبەتییان تاڵان کرا و رەگەزنامەیان لێ سەنرایەوە، دەرکرانە دەرەوەی عیراق. دانیشتوانی تەواوی گوندەکانی ئاشوورینشین راگوێزران و گوندەکانیش وێران کران. گوند و کێڵگەکان سووتێنران، بەو پێیەی زیاتر لە چوار هەزار گوند و لادێی کوردستان لەلایەن رژێمەوە سووتێنران، دوای ئاوارەبوونی دانیشتوانی ئەو گوندانە، سامانی سروشتی و کشتوکاڵی و ئاژەڵییان وێران بوو... هەروەها رژێم کەوتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەسەر ئاستێکی بەرفراوان لە گەرمیان و بادینان و شوێنانی تر، ئەمەش لە لێدانی هەڵەبجەدا لە ئازاری ١٩٨٨ بەئاشکرا دەرکەوت، کە لە ئەنجامی بۆردوومانی کیمیاویدا، زیاتر لە پێنج هەزار کەس شەهید بوون. لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالدا، نزیکەی ١٨٢ هەزار هاوڵاتی کورد؛ لە پیاو، ژن، بەتەمەن و منداڵ بێسەروشوێن کران. لەژێر سایەی هەلومەرجی تیرۆر و تۆقاندا، ژنانی کورد وەک ژنانی عیراق، رووبەڕووی توندترین جۆری چەوساندنەوە بوونەوە، وەک پیاوان بەرگەی هەموو ئەو بارودۆخانەیان گرت کە روویان دەدا، هەروەها بەرگەی سەختترین ئازارەکانیان دەگرت، لەبەر ئەوەی دایک، خوشک، یان هاوسەری تێکۆشەرێک بوون، هەروەک خێزانەکان بەتەواوی، بە منداڵەکانیشەوە هەموویان دەگیران ئەگەر یەکێک لە خێزانەکانیان پەیوەندی بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی

کوردستانەوە بکردایە. منداڵیان لە شیر و خوێندن بە زمانی کوردی بێبەش دەکرد، فشاریان دەخستە سەر لاوان بۆ ئـەوەی پەیوەندی بە حزبی بەعس، یاخود یەکێک لە ڕێکخراوەکانیانەوە بکەن.

لە هەلومەرجێکی وەها سەختدا، ژنانی کوردستان لـە ریـزەکـانی حـزب، ڕێـکـخـراوە سیاسی، نیشتمانی، دیموکراسی، نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازەکاندا لە شار و گوندەکاندا کاریان دەکرد. چالاکیی پڕوپاگەندە، هاندان و ڕێکخستنیان بۆ ئاشکراکردنی سیاسەتی شۆڤێنستیی دەسـەڵات ئەنجام دەدا. ژنان پەیوەندییان بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکـرد، خەباتی خۆیان بەستەوە بە خەباتی هێزە نیشتمانپەروەر و دیموکراتەکانەوە لەپێناو دانـان بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد و کەمینە نەتەوەییەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتخواز لە عیراقدا.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەپێناو هۆشیارکردنەوەی ژنان و پشتیوانیکردنی ئۆپەراسیۆنە قارەمانانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی ئەنسار[30] چالاکیی بەرفراوانیان لە شار و گوندەکاندا ئەنجام دەدا.

کادیرە هۆشیار و ڕۆشنبیرەکانی ژنان بەشدار بوون لەناو هێزی پێشمەرگەدا و وەک شەڕڤان چەکیان کردە شانیان، هەروەها وەک پەرستار و کادیر لە بوارەکانی

---

٣٠ مەبەست هێزی پێشمەرگەی حزبی شیوعییە، کە پێیان دەوترا ئەنسار.

سیاسەت و رۆژنامەوانی و راگەیاندندا کاریان دەکرد. ژنانی کوردستان بەردەوام بوون لە بەخشین و بەشداریکردن لە خەباتدا لەپێناو ئازادی و دیموکراسیدا. چەندین قوربانیی گەورەیان دا لە کاتی کۆچی ملیۆنیدا، کە جیهانی هەژاند، تا لە ئازاری ١٩٩١ بەشە فراوانەکەی کوردستانی عیراق لەژێر چنگی رژێمی دیکتاتۆر لە بەغدا رزگار کرا. ژنانی کوردستان لە ئەزموونی کوردستانی ئازاد لە دیکتاتۆریەتدا بەشدارییان کرد. لە پەرلەمان، حکومەتی هەرێم، دامەزراوە حکومی و ئیدارییەکاندا بەشدار بوون. ئەو بەشدارییە، جێی شانازی و رەزامەندیی جەماوەرێکی بەرفراوانی کوردستان بوو، سەرەڕای بوونی ئاستەنگ و کۆسپی جیاواز، لەوانەش روانگەی تەسکی حزبیانە لە کاری حزبیدا. ژنان داوای هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتییان لە بەرژەوەندی ژن و مافەکانیان کرد، رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان یەکەم کاری هاوبەشیان کرد؛ ئەویش بە پێشکەشکردنی یاداشتێک بەیەکەوە بۆ پەرلەمان کە پێشنیارەکانیانی لەخۆ گرتبوو بۆ هەموارکردنەوەی بڕگەکانی یاسای باری کەسێتی، بەڵام پەرلەمان هەڵوێستێکی ئەرێنی وەرنەگرت، ژنانی کوردستانی لە سەردەمی تازە بێئومێد کرد.

ژنانی کوردستان رۆڵێکی دیاریان هەبوو لە راگرتنی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو حزبی دەسەڵات، بە هەموو چین و توێژ و بیروبۆچوونە جیاوازەکانەوە

هەڵسان بە خۆپیشاندان و نارەزاییدەربڕین، لە نێویشیاندا کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال، بۆ راگرتنی خوێنڕشتن و شەڕی ناوخۆ، کە هەڕەشە بوو لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستانی رزگارکراو لە دیکتاتۆریەت.

لەو دیاردە تازانەی کە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی ناوخۆ، سەرهەڵدانی حزب و هێزی جۆراوجۆری ئیسلامیی بوو، کە چالاکیی هەندێکیان لەگەڵ سەردەم نەدەگونجا. ئەم هێزانە لەژێر پەردەی ئاییندا چەمکی سەلەفیەتیان دژی ژن و مافەکانیان بڵاو دەکردەوە، هانی توندوتیژی دژی ژن دەدرا، لەوانەش رێگەدان بە کوشتنیان. گۆڕەپانی کوردستان ئەم دیاردەیەی بەخۆوە بینی، کە ژیانی سەدان ژن بە کوشتن، یاخود سووتاندن کۆتایی هات، یان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست داوە، کە جەستەی ژنانیان تێک دەدا وەک ئەوەی لەگەڵ خاتوو کەژاڵ خدر روویدا، کە لەلایەن کەسوکاری مێردەکەیەوە لووتی بڕدرا. بەشێوەیەکی ئاشکرا یان نیمچەئاشکرا، بە هاندانی هەندێک هێزی ئیسلامی، لەژێر پەردەی سوننەتی پێغەمبەردا دیاردەی خەتەنەکردنی کچان زیادی کرد. توندوتیژی یاسایی، سیاسی و ئابووری بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوام بوو. ژنان بارگرانی، وێرانکاری، گەمارۆی ئابووریی دوولایەنە، دارمانی خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەییەکان، شێواویی کۆمەڵایەتی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی

شارەوانییان لە ئەستۆ دەگرت. ئەم دیاردانە بوونە هۆی زیادبوونی کۆچی خێزانەکان لە کوردستان.

هەموو ئەو هەلومەرجانە؛ چ دەرەنجامی دیاردەی نوێ بن، یان میراتگری رابــردوو، دەرهاویشتەکانی کاریگەرییان لەسەر پێگەی ژنانی کوردستان و کەسایەتی و باری دەروونییان هەبوو، زەمینەیەکی بەپیت بوو بۆ پەراوێزخستنی زیاتریان و ناسەقامگیربوونی رۆڵیان لە ژیانی گشتیدا.

سەرەڕای ئەم وێنە نەرێنییە، زۆر دیاردەی ئەرێنی هەن کە بەگشتی بە هاندەرێک دادەنرێن بۆ ژنانی کورد بۆ زاڵبوون بەسەر کاریگەرییەکانی رابردوو و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێگەی دروست و سروشتیی خۆیان لە کۆمەڵگە و لە ژیاندا؛ ئەمڕۆ چەندین رێکخراوی ژنان شانبەشانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵایەتی، پیشەیی و مرۆیی لە کوردستاندا کار دەکەن. ئەم رێکخراوانە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لەخۆ دەگرن، کە لەپێناو ماف و یەکسانیی ژناندا کار دەکەن و بەرەنگاری ئاستەنگ و سەختییەکان دەبنەوە، هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئەو رێکخراوانە لە دەستوەردان و کاریگەریی حزبی. هەندێک لەو رێکخراوانە بە پاڵپشتیی رێکخراوە مرۆییەکان لە دەرەوەی وڵات هاوکاریی ژنان دەکەن، توانیویانە چەندین ژن لە توندوتیژی بپارێزن و رزگاریان بکەن. هەروەها چەندین ناوەند بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و

پێگەیاندنی ژنان و بایەخدان بە باری دەروونییان هەن. ئەو ڕێکخراوانە بەردەوامبوون لە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ژنان لە ڕێگەی بەستنی سیمینار و کۆڕ و وۆرکشۆپی جۆراوجۆرەوە، هەندێکیشیان بەردەوامن لە خەبات لەپێناو هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی بە قازانجی ژنان، هەندێک ڕێکخراوی تر هەوڵی تەبایی و یەکڕیزیی دەدەن دوای یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە و پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش لە کوردستان.

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان هاوشان لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی تایبەتمەند بە کاری فێمینیستی، لە کوردستان چالاکە. ئەو ڕێکخراوانە هەوڵەکانیان لە تۆڕێکی ناوەندیی هاوبەشی ژناندا چڕ کردووەتەوە. ئەو ڕێکخراوانە کارەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەماهەنگ کردووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر بۆ ژنانی کورد، لەپێناو هۆشیارکردنەوەیان بە مافەکانیان و بەشداریکردنیان لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەریان.

سەرەڕای هەموو سەختییەکان، بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا؛ بەوپێیەی چەند یاسایەک لە بەرژەوەندیی ئەوان دەرچوو، لەوانەش یاسای ژمارە (٥٩، ٦٢)، چەندین ژن پێگەی هەستیاریان لەناو دەسەڵاتدا وەرگرت، وەک وەزیر

و پەرلەمانتار، هەروەها لە دامـەزراوەی جیاوازدا لە دەسەڵاتی دادوەری و دادگەکان، لە میدیاکان و هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و رۆشنبیریدا. چەندین گۆڤاری ژنان دەرچوون، ژنە رۆژنامەنووس و راگەیاندنکاری جیاواز لە بوارە جیاجیاکاندا دەر کەوتن.

کاتێک سەیری ئەو هەموو دەستکەوتانەی ژنانی کوردستان دەکەین، مرۆڤ هەست بە شانازی و سەربەرزیی دەکات، بەڵام ئەمانە هەموو خواستەکان نین، لە ئاست ئەو هەموو توانا زۆرەدا نییە کە ژنانی کوردستان هەیانە، ژنانی کوردستان هێشتا خەباتێکی دوورودرێژیان لەبەردەمدایە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لە سایەی واقیعێکدا کە تا ئێستاش بە ئاستەنگ و ئاڵنگاریی گەورە لە دابونەریتی رەگداکوتاو بەڕێوە دەچێت، کە لە بەرژەوەندی ژناندا نین. ژنی کورد لە خەباتی خۆیدا بۆ گەیشتن بە خواست و مەرامەکانیان، پێویستیان بە خەباتێکی هاوبەش هەیە لەگەڵ ژنان لە سەرتاسەری عیراق و لەگەڵ هەموو هێزە باش و پشتیوانەکان بۆ دۆزی خۆیان، بۆ ئەوەی هەموو ئاستەنگەکان لە میراتە قورسەکانی رابردوو و کاریگەرییەکانی شۆڤێنیزم و دیکتاتۆریەت دوور بخاتەوە، بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی، ئاسایش و ئارامی، دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی لە عیراق و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەدیهێنانی مافەکانی ژنان، کە دەبنە هۆی یەکسانییان لەگەڵ پیاوان.

# چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی ژنان

یەکەم گۆڤاری ژنان کە لە عیراق دەرچوو، لە ساڵی ١٩٢٣ بوو لەژێر ناوی (لەیلا). خاتوو پولینا حەسوون سەرنووسەری بوو. کاتێک ساڵ لەدوای ساڵ خواست و ئارەزووی کچان بۆ خوێندن زیادی کرد، ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی ژنان بەهۆی چوونەدەرەوەی ژنان لە ماڵەکانیان لە شارەکاندا و فراوانبوونی ژینگەی کۆمەڵایەتییان. هەندێک کۆمەڵە و کەسایەتیی ژنان چەند گۆڤارێکیان دەر کرد، لەوانەش گۆڤاری (المرأة الحدیثة) لە ساڵی ١٩٣٦، خاوەنەکەی حەمیدە ئەعرەجی بوو، کە هەنگاوێکی پێشکەوتووی لە بواری ڕۆژنامەگەریی فێمینستیدا تۆمار کرد لە رووی بابەت و بوارەکانەوە کە تێیاندا رووبەڕووی نەریتە بەسەرچووەکان بووەوە و داوای یەکسانیی ژن و پیاوی دەکرد. هەروەها لە ساڵی ١٩٣٥ ڤیکتۆریا نوعمان پاشکۆیەکی ساڵانەی بۆ ڕۆژنامەی (الناس) و لە ساڵی ١٩٣٦یش حەسیبە راجی گۆڤاری (العراق) و مریەم نەرمە گۆڤارێکی بەناوی (فتاة العرب) دەردەکرد. لە دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق بە سەرۆکایەتی خاتوو عەفیفە رەئوف، لە ساڵی ١٩٤٧ گۆڤاری (تحریر المرأة)ی دەر کرد. گۆڤارەکە جگە لە بابەتی نیشتمانی و سیاسی، بابەتی تایبەت بە یەکسانیی

ژن و مافەکانیان و چاودێریی منداڵانیشی بڵاو دەکردەوە.

لە ساڵی ١٩٤٩ یەکێتیی ئافرەتانی عیراق گۆڤارێکی تایبەت بە خۆیان دەر کرد. لە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق لە ١٠ی ئازاری ١٩٥٢، سەرەڕای ئەو بارودۆخە نهێنییە سەختە، کۆمەڵە چەندین نامیلکەی دەربارەی دۆخی ژنانی عیراق بڵاو کردەوە. لە ساڵی ١٩٥٢ نامیلکەیەک لەژێر ناونیشانی (المرأة العراقية) بە ناوی د. نەزیهە دلێمی چاپ کرا، چەندین بابەتی دەربارەی ژنانی عیراق لە چینی کرێکار، ژنان لە چینی دەوڵەمەند، بۆرژوازی و بابەتی تر دەربارەی گرنگیدان بە دایکایەتی و منداڵ، کێشەی هاوسەرگیری لە عیراق، کێشەی لەشفرۆشیی، هەروەها چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئازادیی تێدا بوو. نامیلکەیەکی تریش لەژێر ناونیشانی (المرأة تحل مشاكلها) لە نووسینی لەیلا زیدان دەرچوو؛ بابەتەکانی، دەرەنجامەکانی گفتوگۆکانی ناو کۆبوونەوەکانی بازنەکانی کۆمەڵە بوون، ئەنجامەکەشی بوو بەهۆی بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە.

کۆمەڵە گۆڤارێکی مانگانەی نهێنی بە ناوی (حقوق المرأة) دەردەکرد، بابەتی جیاواز و جۆراوجۆری جێی بایەخی ژنانی تێدا بوو، هەروەها ژمارەی تایبەتی بۆ بۆنەکانی وەک: ٨ی ئازار، ڕۆژی جیهانیی ژنان دەردەکرد.

ژمارەی تایبەت بە ٨ی ئازار، ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتبوو: کۆبوونەوەی ژنان بە بۆنەی ٨ی ئازار، بەیاننامە و پیرۆزبایی ٨ی ئازار، وتەی ٨ی ئازار، بزووتنەوەی ژنان لەو ساڵەدا، چاوخشاندنێک بە مێژووی بزووتنەوەی ژنان

لە عیراق، بەیاننامەی یەکێتیی ژنانی دیموکراتی جیهانی، ٨ی ئازار لە وڵاتانی عەرەبی، ژنانی ئازاد لە چین.

بەیاننامەی کۆمەڵە بۆ ژنانی عیراق بە بۆنەی ٨ی ئازار، لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنیدا لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، جەختی لەسەر گرنگیی ئەو رۆژە دەکردەوە لە بزووتنەوەی ژناندا وەک رۆژێکی خۆشیی بۆ سەرکەوتنەکان و رۆژی چڕکردنەوەی خەبات بۆ مافەکان و یەکسانیی ژنان و بۆ منداڵییەکی بەختەوەرانە لە جیهانێکدا کە ئاشتی و سەقامگیریی زاڵ بێت.

**ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:**

**بەیاننامەی ٨ی ئازار بۆ ئافرەتانی عیراق ساڵی ١٩٥٥**

لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، ملیۆنان ژن لە سەرانسەری جیهاندا یادی رۆژی جیهانیی ژنان دەکەنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن، جەخت لەسەر یەکڕیزی و پشتیوانیی یەکتری دەکەنەوە لەپێناو بەدیهێنانی داواکارییەکانیان.

ئێمەی ژنانی عیراق، ئەم رۆژە شکۆمەندە بە دڵێکی پڕ لە ئازار و نیگەرانییەوە وەردەگرین کە لە ئەنجامی واژۆکردنی هاوپەیمانیی کۆلۆنیالیزمی تورکیا و عیراق، چی بەسەر وڵاتەکەمان و گەلەکەماندا دێت. واژۆکردنی ئەم هاوپەیمانییە، واتە پەلکێشی هەموو گەنجان، کوڕان، براکانمان و هاوسەرەکانمان بۆ کەمپ و سەربازگە و بەرەکانی شەڕ، واتە بەرکەوتنی منداڵەکانمان بە مەترسیی

بێماڵوحاڵی و برسێتی، واتە رووخاندنی ماڵەکانمان و سووتاندنی شار و گوند و کێڵگەکانمان بەهۆی بۆمبی قڕکەرەوە، واتە دەستدرێژیکردنە سەر ژنانمان لەلایەن سوپای ئەمەریکایی و ئینگلیز و تورکەوە.

پێویستە جەخت لەسەر ئیرادەی خۆمان بکەینەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم هاوپەیمانییە و لابردنی مەترسیی شەڕ و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و هایدرۆجینی. ژنان هەمیشە سەلماندوویانە شایەنی ئەو شەرەفەن بەشداری بکەن لە گەیشتن بەو ئامانجە بەرزانەدا. لە ٨ی ئازاردا ژنانی عیراق بە جۆشوخرۆشی زیاتر و ئیرادەی بەرزترەوە دەوەستن لەپێناو مافەکانیان و دۆزی گەورەی نیشتمانیدا کە ژن دەتوانێت رۆڵێکی بەرچاوی تێدا بگێڕێت. کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان، کە گەورەترین رێکخراوی ژنانە لە وڵاتدا، وێڕای ناردنی گەرمترین سڵاو و پیرۆزبایی خۆی بۆ ژنانی عیراق بە بۆنەی ٨ی ئازارەوە، داوایان لێ دەکات بەبێ گوێدانە چین و توێژ و مەیلی سیاسی، دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە و دەست بخەینە دەستی یەک بۆ لابردنی مەترسی لەسەر وڵاتە ئازیزەکەمان و بێهیواکردنی نووری و مەندەرس[٣١].

بژی ٨ی ئازار، رۆژی هەماهەنگیی ژنانی جیهان

لیژنەی باڵای کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان لە عیراق

٨ی ئازاری ١٩٥٥

---

٣١ نووری سەعید و عەدنان مەندەرس.

لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەی ژنان و پەرەپێدانی چاپ و بڵاوکردنەوە و راگەیاندن لە کۆمەڵەدا، کۆمەڵە لە بۆنە تایبەت و نیشتمانییەکاندا، یان لەو حاڵەتانەی کە پێویستیان بە بۆچوونی رێکخراوەکە هەبوو لە بۆنەیەکدا، یان حاڵەتەکانی کۆدەنگی لەگەڵ بزووتنەوەکانی ژنان و ئەوانی دیکەدا، یاخود ئەو رووداوانـەی پەیوەندییان بە ئامانجەکانی کۆمەڵەوە هەبوو؛ بەیاننامەی دەردەکرد.

لـەگـەڵ هەڵهاتنی خـۆری ١٤ی تـەمـووزی ١٩٥٨ی شکۆدار و بیستنی هەواڵی رووخاندنی رژێمی ناحەز و دامەزراندنی کۆماری عیراق، کۆمەڵە بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ شۆڕش راگەیاند، ئامادەیی خۆی بۆ پاراستنی کۆمار و دەستکەوتەکانی راگەیاند... لە دەستکەوتەکانی ژنان؛ راگەیاندنی ئاشکرای رێـکـخـراوەکـەی بـوو، کۆمەڵەی داکـۆکـی لـە مافەکانی ئافرەتان و دەرکردنی گۆڤارەکەی (المرأة)، بە هەردوو بەشی عەرەبی و کوردییەکەیەوە، هەروەها تەرخانکردنی بەرنامەیەکی هەفتانە بـۆ ژنـان لـە رادیـۆ، ئەمە جگە لە تەرخانکردنی لاپـەڕەی تایبەت بۆ ژنان لە رۆژنامە نیشتمانییەکاندا. لەو ساڵانەدا بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە زیادیان کرد و چەندین نامیلکەشیان دەر کرد، لەوانە: (ژنـان کێشەکانیان چارەسـەر دەکـەن، ژن و شـۆڕش، ئەوەی کۆلۆنیالیزمی ئەمەریکایی لە کۆریادا کردوویەتی، کتێبی یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق، کتێبی شـۆڕشـی عـیـراق، کۆلۆنیالیزم و هاوپەیمانە

شەڕانگێزەکانی، چاودێریی دایکایەتی و منداڵ...). لێرەدا پێداچوونەوە بە هەندێک بابەتی گۆڤاری (المرأة)، ژمارە دوو، ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ١٩٥٩دا دەکەین.

ژمارەکە تایبەتە بە قۆناغی منداڵی: (گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە، کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی منداڵ دەری دەکات):

- وتەی ژمارە: پارێزگاری لە کۆمار، گەرەنتییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بۆ منداڵەکانمان. منداڵان لە سیستمی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا. منداڵان لەژێر دەسەڵاتی فاشیزمدا. میزکردنی شەوانەی منداڵ. خۆراکی تەندروست بۆ منداڵان. کاریگەریی فاکتەری ئابووری لەسەر لادانی هەرزەکاران. چاوەڕوانی... چیرۆک. ئاهەنگەکانی رۆژی جیهانیی منداڵان. کاتژمێرێک لەگەڵ خێزانێکی نموونەیی. منداڵی بەختەوەر لە ئەڵمانیای دیموکراسیدا. منداڵان پێویستیان بە رۆتین هەیە. سوودەکانی دایەنگە و باخچەی ساوایان. خەونەکانی منداڵان. پەیوەندی جووڵە و یاریی منداڵ بۆ شارەزابوون لە کاردا. رووداوێک لە سیلان. تەندروستیی ئاوەزیی منداڵ. تاوانەکانی نەوجەوانان. هەواڵ دەربارەی بەشداریی ژنان لە رووداوە جیهانییەکاندا. منداڵان لە سەرانسەری جیهاندا. بڕیارەکانی لیژنەی چاودێریی دایکان و منداڵ.

لە بەشی کوردییەکەشیدا، ئەم بابەتانەی تێدا بوو: وتەی ژمارە، ١ی حوزەیران چییە؟ جەژنی ١ی

حوزەیران، ژیانی منداڵان لە رۆمانیا، منداڵانی نێوان دوو سەردەم، ئاشتیم دەوێت، نامەیەک لە نوێنەری لیژنەی ژنانی چیکەوە بۆ کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان، چالاکییەکانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان – لقی سلێمانی. ژمارەکە بابەتێکیشی دەربارەی ئاهەنگەکان لە رۆژی جیهانیی منداڵان لەخۆ گرتبوو.

## سەرچاوەکان

- بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق (بەیاننامەکان، بانگەوازەکان، راپۆرتی جۆراجۆر کە لەلایەن کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراقەوە دەرچوون).
- کۆنووسی کۆبوونەوەکانی سکرتاریەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق.
- بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە، (حقوق المرأة)، (المرأة)، (نضال المرأة)، (رسالة المرأة العراقية).
- بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکانی کۆمەڵە.
- نامیلکەی (المرأة العراقية) د. نەزیهە دلێمی.
- چەند ژمارەیەک لە گۆڤاری (الثقافة الجديدة) و رۆژنامەی (طريق الشعب) و رێگای کوردستان.
- ژنانی عیراق، خەبات و بەخشندەیی (سوعاد خەیری).
- شۆڕشی بیست، (د. عەلی وەردی).

(دیدێکی کۆمەڵایەتی لە مێژووی عیراقی هاوچەرخ، بەشی یەکەم، دووەم و پێنجەم و سروشتی مرۆڤایەتی (هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی روویدا – پێشکەشکردنی سەعد بەزاز).

- لاپەڕە داخراوەکان لە مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی موسڵ.
- بەرەو ساڵی ٢٠٠٠ ژنانی عیراق لە نێوان واقیع و ئاڵنگارییەکان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق.
- ژنانی کوردستان لە مێژوودا، کامیل حەسەن بەسیر.

- حەپسە خانی نەقیب، ژیان و تێکۆشانی، درەخشان جەلال حەفید.
- ژنانی کوردستان لە کۆی ژیانی هاوچەرخدا، عەبدولمەجید لوتفی.
- نامەکان (بیرەوەرییەکان) لە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە بۆ بەڕێز مستەفا بارزانی.